رووداو
RÛDAW
ژمارە (474) سێشەممە 2017/9/26 - 4ی ڕەزبەر 2717 (750) دینار

بەرپرسێکی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی:

## بەشی یەک ساڵ کاڵامان لە بازاڕدا هەیە

رووداو- هەولێر

د.عەبدولڕەزاق ناوەندەیی، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دڵنیایی دەدات لەوەی کە داخستنی سنوورەکان لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا کار لە بازاڕەکانی کوردستان ناکات و گوتی کە ئاسانکارییەکی زۆریان بۆ بازرگانان کردووە بۆ هاوردەکردنی کاڵا، بۆیە ئێستا بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بە ئەندازەیەک پڕبوون، ئەگەر بۆ ماوەی ساڵێکیش سنوور دابخرێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ.

د.عەبدولڕەزاق ناوەندەیی، نموونەی بەزیادبوونی هاوردەکردنی کاڵا لە هەردوو مانگی حوزەیران و تەمووز هێنایەوە و گوتی: "لە مانگی حوزەیراندا لەڕێی 201 مۆڵەتەوە، بازرگانان بەبەهای 441 ملیار و 680 ملیۆن دینار کاڵایان هاوردە کردووە، بەهۆی ئاسانکارییەکانی ئێمە، ژمارەی مۆڵەتەکان لە مانگی تەمووزدا بۆ 323 مۆڵەت بەرزبووەتەوە و لەو مانگەشدا بازرگانان بە بەهای 515 ملیار و 868 ملیۆن دینار کاڵایان هاوردە کردووە".

گوتیشی: "هەموو ئامادەکارییەکمان کردووە، لە حاڵەتی داخستنی سنوورەکاندا ڕێگە نادەین هیچ پێشەنگا و بازرگانێک بازاڕ قۆرخ بکات و نرخ بەرز بکاتەوە، هەر کەسێکیش ئەو کارە بکات، لەڕێگەی لیژنەکانی چاودێریی بازرگانی، ڕووبەڕووی توندترین سزا دەبێتەوە".

7«



عارف قوربانی

### بەرپرسیارێتی قۆناغی دواى گشتپرسی

18

### بەرپرسە کوردەکانی بەغدا بە نهێنی دەنگیان دا

4



شێخ ئەحمەد کوبەیسی بۆ (رووداو):

### عەرەبی سوننە دەچنە پاڵ دەوڵەتی کوردستان

6

## 72%ی دەنگدەران بەشدارییان لە گشتپرسیدا کرد

# باشووری کوردستان بڕیاری دا

3



ژنان 12

### 200 ژنی بیانی داعش لەلای پێشمەرگەن



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### 129 هەزار جار هەوڵی هاککردنی کۆمسیۆن دراوە

ئابووری 8

### جووتیارێک جێگرەوەی گەنم و پەتاتە دەدۆزێتەوە



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### یەدەگی نەوتی دەوڵەتە نوێیەکە 70 ملیار بەرمیلە





## ڕیتوک بڕیاریدا پەخشی ڕووداو لە تورکسات رابگرێت

**ڕووداو- ئەنقەرە**

دەستەی باڵای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی تورکیا (ڕیتوک) بڕیاریدا پەخشی ڕووداو لە مانگی دەستکردی تورکسات رابگرێت. ئەندامێکی دەستەکەش دەڵێت "ڕیتوک ناتوانێ بڕیاری وا بدات" ڕۆژی 2017/9/25 سەرۆکی دەستەکە بانگهێشتنامەیەکی بۆ ئەندامانی دەستەکە ناردووە بۆ کۆببنەوە. بەڵام هەریەکە لە نوێنەرانی هەدەپە و جەهەپە لە دەرەوەی ئەنقەرە بوون و نەیانتوانیوە بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا بکەن. دواتر کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئاکەپە و مەهەپە کراوە و بڕیاری ڕاگرتنی پەخشی ڕووداوی تێدا دراوە. ئەرسین ئونگەل، کە نوێنەری هەدەپەیە لە دەستەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕیتوک ناتوانێ بڕیاری وا بدات، چونکە ڕووداو مۆڵەتی پەخشی لە ڕوتوک وەرنەگرتووە. بۆیە دوای گەڕانەوەم بۆ ئەنقەرە لەسەر ئەو مژارە ڕادەوەستم".

# گشتپرسیی باشوور ڕۆژهەڵاتی خرۆشاند

**ساکار عەبدوڵڵازادە**
**ڕووداو- هەولێر**

بانگەوازێک کە کۆمەڵێک لە چالاکڤانانی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر ناوی "زەماوەندی ئاڵا "ڕۆژێک پێش گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان ڕایانگەیاندبوو، بە کەمترین پشتیوانی میدیایی جۆش و خرۆشی خستە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە. هەرزوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ بوون لە ڤیدیۆ و وێنەی گردبوونەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کاژێر 17:00 بە کاتی سنە، وەک کاتی زەماوەند دەستنیشان کرابوو. زەماوەندەکە زۆر زووتر لەکاتی دیاریکراوی خۆی بە دابەشکردنی شیرینی دەستیپێکرد. شارەکان خرۆشان. هەزاران کەس لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی بانە، سنە، سەقز، مەریوان، مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، شنۆ، پیرانشار، کامیاران، ڕوانسەر و جوانڕۆ دروشمی "پیرۆزە پیرۆزە"یان دەگوتەوە.

ئاهەنگگێڕان لە مەهاباد، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دروشمی "پێشەوا پێشەوا... ئاڵاکەت وا هەڵکرا" و گوتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب پشتیوانییان لە گشتپرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان کرد.

لە شاری بانە، لە پارکی ئاربابا ئاڵای کوردستان هەڵکرا و سروودی "من پێشمەرگەی کوردستانم" و "ئەی ڕەقیب" گوترانەوە. دواتر هەزاران ئاهەنگگێڕ، زەماوەندی ئاڵایان بۆ نێو سەنتەری شارەکە گواستەوە. شاری سنە، یەکێک لە بەرفراوانترین ئاهەنگەکانی بەخۆیەوە بینی.



ڕۆژهەڵاتییەکان شیرینی گشتپرسییان بەخشییەوە

ئامارە نافەرمییەکان ئاماژە بە ئاهەنگگێڕانی نزیکەی 20 هەزار سنەیی دەکەن. لە گۆڕەپانی ئازادیی ئەو شارە، دروشمی "باشوور تەنیا نییە، سنە پشتیوانییە" ئاوێەری تەنی. ئاهەنگگێڕان بە درێژایی شەو، بە گۆڤەند و شایی و گوتنەوەی دروشمە نەتەوەییەکان، زەماوەندیان گێڕا. لە شارەکانی سەقز، مەریوان و کامیاران و بەشێکی بەرچاوی گوند و ناوچەکانی پارێزگای سنە ئاهەنگی جەماوەری بەڕێوەچوون.

بەپێی ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەستیان پێدەکرێت، لە زۆربەی شارەکان هێزی تایبەت بڵاوەی پێکرابوو. هاونیشتمانییەکی مەریوانی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسیویێتی "زیاتر لە 25 زرێپۆش لە سنەوە بەرەو مەریوان جوڵێندران و لە سنووری باشماخ جێگیرکراون. بەدرێژایی ڕۆژ دوو فڕۆکەی شەڕکەر، بەسەر ئاسمانی شاردا سووڕاونەتەوە و بوونەتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک".

لە شارەکانی ڕووانسەر و جوانڕۆی پارێزگای کرماشان و هەندێک ناوچەی داڵاهۆ، سەرپێڵ زەهاو، قەسری شیرین و هەرسین، شیرینی گشتپرسی دابەشکرا.

جگە لە مەهاباد، لە زۆربەی شارەکانی ورمێ، بەتایبەت بۆکان و سەردەشت تا درەنگانی شەو، ئاهەنگی جەوماوەری بەڕێوەچووە. خەڵکی ئەو پارێزگایە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاماژە بە جوڵە پێکردنی هێزەکان بۆ ناو شارەکان دەکەن. (محەممەد. ر) کە خەڵکی پیرانشارە لەو بارەوە دەڵێت "هێزی دژە شۆڕش لەناو شاردا بڵاوەیان پێکراوە. بە بەردەوامی فڕۆکە جەنگییەکان بەسەر ئاسمانی پیرانشاردا دەسوڕێنەوە و لە ناوچە سنوورییەکان دەنگی تۆپخانەکان، ئارامیان لە خەڵک هەڵگرتووە".

سەرەڕای ڕێوشوێنە ئەمنییەکان، هێزەکانی پۆلیس و دژە شۆڕش لە زۆربەی شارەکان لە ناوەند و گۆڕەپانە سەرەکییەکان کشابوونەوە و تەنیا چاودێری ڕەوشەکەیان کردووە.

(هەژار.ح) لە بۆکانەوە بە (ڕووداو)ی گوت " "هەستێکی خۆش بۆکانی داتەنیوە. خەڵک خۆڕسکانە ئاهەنگ دەگێڕن. ئەوەی هەیە، تەنیا خۆشی و شایی خەڵکە. یەکەمجارە بەبێ ترس ئەوەی لە دڵماندایە دەیهێننییە سەر زمان".

لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەماوەند کرا و شاباش درا، بەڵام نە هیچ زاوایەک هاتە پێش و نە هیچ بووکێک گوازرایەوە. ئەوەی هەبوو پێکبەستنەوەی دوو پارچەی نیشتمان و نیشاندانی یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەیەک بوو. چالاکڤانانی کەمپەینەکە دەڵێن "خەڵکی ڕۆژهەڵات بەتیرێک دوو نیشانی پێکا. هەم پشتیوانی لە گشتپرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان کرد و هەمیش گشتپرسی خۆی کرد".

> ئەوەی لە دڵماندابوو بەبێ ترس هێنامانە سەر زمان
>
> کوردێکی بانە

## ژمارەی دانیشتووانەکەی دەبێتە 7 ملیۆن کەس

# یەدەگی نەوتی دەوڵەتە نوێیەکە 70 ملیار بەرمیلە

**محەممەد شووشی**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 25ی ئەیلول هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بڕیاریان بۆ جیابوونەوە لە عێراق دا، ئەگەر ئەو ناوچانەی گشتپرسییان تێدا کرا ببێتە دەوڵەت، ئەوا ڕووبەری دەوڵەتەکە 78 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێ و ژمارەی دانیشتووانەکەشی زیاتر دەبێ لە حەوت ملیۆن کەس.

دەوڵەتە نوێیەکە پێنج پارێزگا لەخۆدەگرێ (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، هەڵەبجە و دهۆک). بەپێی داتاکان ژمارەی دانیشتووانی باشووری کوردستان بە حەوت ملیۆن کەس دەخەمڵێندرێ، ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی 2.5% ـەو داهاتی مانگانەی تاکە کەسیش بە 400 هەزار دینار خەمڵێندراوە، داهاتی ناپوختەی مانگانە 1 ملیار و 67 ملیۆن دۆلارە.

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ملیۆنێک و 400 هەزار مووچەخۆر هەن کە 270 هەزاریان پێشمەرگەن، نزیکەی 270 هەزار کەسیش وەکو خانەنشینن و مووچە وەردەگرن، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی مووچەی ئەم هەموو مووچەخۆرانە پێویستی بە 870 ملیار دینارە، بەڵام بەهۆی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا تەنیا توانای 350 ملیار دیناری هەیە بۆ مووچەخۆرەکانی دابین بکات.

بەپێی دوایین ئامارەکان، ڕێژەی بێکاری لە باشووری کوردستان گەیشتووەتە 15%. ڕێژەی هەژاریش گەیشتووەتە 14.3%، کە 60%ی بەرزبوونەوەی ئەو ڕێژەیە بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانەوە بووە.

ناقسەر نووری، مامۆستای زانکۆ و ئابووریناس پێیوایە ئەو ئامارانە لە چەند ساڵی داهاتوودا گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا دێت و پێشبینی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری دەکات "ئەمەش بەهۆی ئەو هەموو گوشارانەوە دەبێت کە حکومەتی عێراق دەیکاتە سەر باشووری کوردستان، بە تایبەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لەبەر ئەوەی زۆربەی دەستی کاری باشووری کوردستان لەو ناوچانەن، بەڵام دواتر جارێکی دیکە ئەم ڕێژانە سەرەوژێر دەبن و بۆ کەمتر لە ئامارەکانی ئێستا دادەبەزن".

باشووری کوردستان ڕۆژانە 650 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی بازاڕەکان دەکات. یەدەگی نەوتەکەی بە 45 ملیار بەرمیل خەمڵێندراوە کە دەکاتە 30%ی هەموو یەدەگی عێراق. لە باشووری کوردستان 2.8 ترلیۆن مەتر سێجا گازی سرووشتی هەیە کە دەکاتە 85%ی یەدەگی گازی سرووشتیی هەموو عێراق.

شاڵاو عەبدولخالق شارەزا لە سیاسەت و وزە بە (ڕووداو)ی گوت "کەرتی نەوت لەو کەرتانەیە کە دەتوانێت باشووری کوردستان لە سەرجەم گوشارە ئەمنی و ئابوورییەکان بپارێزێت".

شاڵاو عەبدولخالق دەڵێت: " ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا هەرگیز ڕێ بە تورکیا و ئێران و عێراق نادەن بە ویستی خۆیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کەرتی نەوت و گازی باشووری کوردستاندا بسەپێنن، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2006 کە دەستی کرد بە دەرهێنانی نەوتەکەی، بۆ وڵاتانی جیهانی سەلماند کە دەتوانێت بە شێوەیەک نەوتەکەی بەرهەمبێنێت، لە بەرژەوەندیی خۆی و وڵاتانی ڕۆژئاوا و جیهان بێت. هەرێمی کوردستان ئەوەشی سەلماند کە وەکو عێراق نەوت بۆ نەهامەتی و هەڕەشە لەسەر وڵاتان بەکارناهێنن".

> لە گرتنەوەی نەوتی کوردستاندا، تورکیا زەرەرمەندی یەکەم دەبێ
>
> ئابووریناسێک



داهاتی ناپوختەی هەرێمی کوردستان مانگانە یەک ملیار و 67 ملیۆن دۆلارە

لەبارەی هەڕەشەکانی تورکیاش بۆ ڕێگری لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان، شاڵاو گوتی: "تورکیا ناتوانێت ئەوەندە بە ئاسانی هەناردەکردنی نەوتی باشووری کوردستان رابگرێت، لەبەر ئەوەی لە ڕووی جیۆئیکۆنۆمییەوە گەورەترین زیانی بەردەکەوێ".

بەبڕوای ئەو ئابووریناسە، هەر نەوت وایکردووە کە ئەگەری هێرشی سەربازی لەلایەن وڵاتانی دەوروبەر ئەگەرێکی لاواز بێ و دەڵێت "وڵاتانی زلهێز زۆربەیان کۆمپانیای نەوتییان لە هەرێمی کوردستانە وەکو ( ئێکسون مۆبیل، شێفرۆن، دانەگاز، ڕۆسنەفت، گازپرۆم و دی ئێن ئۆ و زۆر لە کۆمپانیاکانی دیکەی بواری نەوت، بۆیە وڵاتەکانیان ڕێگە بە هیچ ڕێکارێکی سەربازی نادەن لە دژی هەرێمی کوردستان. هەرگیز ڕێگە بە تورکیاش نادەن ببێتە ڕێگرێک لەبەردەم هەناردەکردنی نەوتی باشووری کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان کە زیان بە بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکانیشیان دەگات".

ئەو ئابووریناسە لەبارەی یەدەگی نەوتی باشووری کوردستان دەڵێت: "ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی 45 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگە، ئەگەر ناوچە کوردستانییەکانیشی بێتەوە سەرێ، ئەوە یەدەگەکەی دەبێتە 70 ملیار بەرمیل نەوت و دەبێتە حەوتەمین بۆ هەشتەمین وڵات لە جیهاندا لە ڕووی یەدەگی نەوتەوە، جگە لە گازە سرووشتییەکەشی، بۆیە هەرێمی کوردستان بە کەرتی نەوتەکەی دەتوانێ پێگەی خۆی لە جیهاندا بەهێز بکات".

## زۆرترین هەوڵەکانی هاککردن لە ئەڵمانیاوە بووە

# 129 هەزار جار هەوڵی هاککردنی سایتی کۆمسیۆن دراوە

**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمیسیاران، لە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هەوڵێکی زۆری هاککردنی سایتی دەنگدانی ئەلیکترۆنیی کۆمسیۆن دراوە، بەڵام هیچکام لە هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبوون.

ئیسماعیل خۆرماڵی، بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕەخساندنی دەنگدانی ئەلیکترۆنی بۆ کوردستانیانی دەرەوەی باشووری کوردستان کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام بە هەوڵی کۆمپانیای (ئەورۆ سۆفت) توانیویانە ئەو کارە بکەن.




خورماڵی ئاماژەی بەوەدا کە هەوڵێکی زۆری هاککردنی دەنگدانی ئەلیکترۆنی دراوە و گوتی: "زیاتر لە 129 هەزار جار هەوڵی هاککردنی سایتەکە دراوە، بەڵام خۆشبەختانە سەرکەوتوو نەبوون".

سەبارەت بەوەی زۆرترین هەوڵەکانی هاککردن لە چ وڵاتێکەوە بووە، بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمسیاران گوتی "زۆرترین هەوڵەکانی هاککردن لە ئەڵمانیاوە بووە ، دوای ئەویش بەپێی ڕیزبەندی لە عێراق و سوید و بەریتانیا هەواڵی زۆری هاککردن دراوە".

بەهۆی پەرشوبڵاویی ڕەوەندی کوردی، کۆمیسۆن بڕیاری دا لە جیاتی دانانی سندووق لە وڵاتان کە تێچووی زۆر بوو، کوردستانیانی تاراوگە لە ڕێگەی دەنگدانی ئەلیکترۆنییەوە بەشداری لە گشتپرسیی باشووری کوردستان بکەن. دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە ڕۆژی 23ی مانگ دەستیپێکرد و لە ئێوارەی ڕۆژی 25ی ئەیلول کۆتایی هات، لەو ماوەیەدا نزیکەی (90) هەزار کەس لە دەرەوە دەنگیان دا، یەکەم کەسیش کە دەنگی دا کوردێکی دانیشتووی چین بوو.

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2014ی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە و پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە 14ی ڕۆژی 2014/12/3 متمانەی بە ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی دا.

کۆمیسۆن فەرمانگەی لە شارەکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە و کەرکووک هەیە. لە دوای دامەزراندییەوە، یەکەمین پرۆسە کە بەڕێوەی بردبێ، گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولە.

# باشووری کوردستان سەربەخۆیی هەڵبژارد

مەحموود یاسین کوردی و هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی 25ی ئەیلول کە هەموو کورد چاوەڕێی دەکرد، 2013 بنکەی دەنگدان بە رووی زیاتر لە 3 ملیۆن دەنگدەری باشووری کوردستاندا کرایەوە. ئەوان وەڵامی ئەو پرسیارەیان دایەوە: "ئایا دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ببنە وڵاتێکی سەربەخۆ؟". بەپێی ئامارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و راپرسی 72%ی دەنگدەران وەڵامیان داوەتەوە، زۆرینەی ڕەهاشیان بە "بەڵێ" بووە.

سەرەڕای گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، بەڵام دواجار هەرێمی کوردستان بڕیاری دا لە عێراق جیاببێتەوە. باشووری کوردستان دەیەوێ لەمەودوا وەکو دراوسێیەک مامەڵە لەگەڵ عێراق بکات.

## 72 % ڕێژەی بەشداری

شێروان زرار، گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند، سێ ملیۆن و 985 هەزار و 120 کەس لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدایە، مافی دەنگدانیان هەبووە، هەروەها 497 هەزار و 190 دەنگدەری دیکەش کە خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانن و بەهۆی ئاوارەبوونەوە لە سنووری هەرێمی کوردستان دەژین، لەگەڵ 98 هەزار و 945 کەس لە هەندەران ناوی خۆیان لە سیستەمی ئەلیکترۆنی تۆمار کردووە.

بەگوتەی شێروان زرار، بەپێی ئەو داتایانە، چوار ملیۆن و 581 هەزار و 255 کەس مافی دەنگدانیان لە پرۆسەی گشتپرسی هەبووە، سێ ملیۆن و 305 هەزار و 925 کەسیش بەشداریی پرۆسەی گشتپرسییان کردووە، بەمەش ڕێژەی بەشداری 72.16% بووە.

> ڕێژەی بەشداریی خەڵکی کەرکووک لە دەنگدان لە سەرووی پێشبینی ئێمەوە بوو

خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گەلەکۆمەکی و پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەی دژی گەلی کوردستان و مافی گەلی ئێمە کرا، پاڵی بە خەڵکەوە نا بە گەرموگوڕییەوە بەشداری گشتپرسی بکەن".

بەپێی ئامارە نا فەرمییەکان ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای کەرکووک نزیکەی نیو ملیۆن دەنگدەر دەبێت کە بەشێکیان لە هەرێمی کوردستان ئاوارەن و بەشێکیشیان لە ریزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و و ئاسایش و پۆلیسدان، سەرچاوەیەک لە ژووری عەمەلیاتی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پێشبینی دەکەین دەنگی بەڵێ لە کەرکووک لە سەرووی 90% بێت". ئەمەش لە کاتێکدایە کە عەرەب و تورکمانەکانی شارەکە بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کردووە و هەندێک بەرپرسی کوردی شارەکەش پێیانوابوو مەترسیی لەسەر شارەکە هەیە و ڕێژەی بەشداریی کەم دەبێ، بەڵام کەرکووکییەکان بە گوڕوتینەوە بەشدارییان لە گشتپرسیدا کرد.

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی خۆشحاڵی خۆی بە ڕێژەی بەشداریی خەڵکی کەرکووک و ئەنجامەکانی دەنگی شارەکە دەربڕی و گوتی "بەشداریی خەڵک زۆر باش بوو، بە تایبەتی کەرکووک کە لە سەرووی پێشبینییەکانی ئێمەوە بوو".

## میدیای جیهان لە کوردستان بوو

گوشارێکی زۆری نێودەوڵەتی لەسەر کورد بوو بۆ پاشگەزبوونەوە لە ئەنجامدانی گشتپرسی یان دواخستنی و دەیانگوت ئێستا کاتی نییە، بەڵام مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بە ئەندازیاری گشتپرسییەکە دادەنرێ، لە بانگەشەکانی گشتپرسیدا هەمیشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەردەم ئەو پرسیارەدا دەهێشتەوە کە ئەگەر ئێستا کاتی گشتپرسی نەبێ، ئەی کەی کاتیەتی.

جیهان بە گرنگییەوە لە گشتپرسییەکەی دەڕوانی، بۆیە ژمارەیەکی زۆر چاودێری بیانی و میدیای جیهانی لە ڕۆژی گشتپرسییەکەدا بە بنکەکانی دەنگداندا دەسووڕانەوە.

ڕەوا محەممەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نۆ قەوارەی سیاسی و جوڵانەوەی (نەخێر لە ئێستادا) بەشداری پرۆسەی ریفراندۆمیان کردووە، لەگەڵ 400 چاودێری نێودەوڵەتی و 2000 چاودێری نێوخۆیی. هەروەها 159 دەزگای میدیایی دەرەوە و 500 دەزگای ڕاگەیاندنی نێوخۆیی ڕووماڵی پرۆسەکەیان کرد".

## سەرکردەکان چییان گوت؟

لە گشتپرسیی باشووری کوردستاندا کامێرای میدیاکان لەسەر سەرکردە سیاسییەکان بوو. مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە 71 ساڵ تەمەنەوە بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر، هەر وەکو لە دوایین گوتاری لە کەرنەڤاڵی هەولێر گوتی "خۆم بەرامبەر خوا و میللەتەکەم شەرمەزار ناکەم" لە پیرمامەوە وەکو هەمیشە بە جلی کوردییەکەوە دەنگی دا، بارزانی تەنیا سڵاوێکی لە ڕۆژنامەنووسان کرد و هیچ قسەیەکی نەکرد.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی لە هەولێر بەشداری پرۆسەی دەنگدانی کرد و لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی "دوای گشتپرسی دەمانەوێت پرۆسەی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دەستپێبکەین، هیواداریین بەغدا ئامادەبێت بۆ ئەو پرۆسەیە، بەغدا قووڵایی ستراتیژیی ئێمەیە، بە قووڵایی ستراتیژیش دەمێنێتەوە، جا ئێمە بۆ هەر لایەک بڕۆین، ئێمە نامانەوێت لەگەڵ بەغدا هیچ کێشەیەکمان هەبێت".

سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە یاوەری ژمارەیەک سەرکردەی حیزبەکەی لە هەولێر دەنگیدا، یەکگرتووی ئیسلامی لە سەرەتاوە یەکێک بووە لەو حیزبانەی پشتیوانیی لە گشتپرسیی باشووری کوردستان کردووە. یەکێک بوو لەو حیزبانەش کە بەشداریی لە کۆبوونەوەی بڕیاردان لە وادەی ئەنجامدانی گشتپرسییەکەدا کرد. سەلاحەدین بەهائەدین گوتی "ئێمە لەبەردەم دۆخێکداین، دەبێت گەلی کورد بە ئاشتی و مەدەنیانە و دیموکراسیانە مومارەسەی شتێک بکات کە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە".

> دەنگی بەڵێ لە کەرکووک لە سەرووی 90% بوو

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی دەنگدان وەڵامی بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە دەرکردنی کۆمەڵێک سزا لە دژی گەلی کوردستان ڕایگەیاند"بڕیارێکی نابەرپرسانەیان دەرکردووە، بەهێزترین وەڵام بۆ پەرلەمانی عێراق دەنگدانە لە گشتپرسی".

نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک کە زۆرترین پێداگیری کرد بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی و بەو هۆیەش ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری دوورخستنەوەی لە پۆستەکەی دا، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند "وەکو هاووڵاتییەکی کەرکووک دەنگی خۆمدا، بۆ ئەوەی کوردستانی سەربەخۆ پرۆسەی دروستکردنی دەستپێبکات".


مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە لە خانەقین لە زێدی لە دایکبوونی خۆی بەشداری گشتپرسی کرد، ڕایگەیاند "دانوستاندن لەدوای گشتپرسی لەگەڵ بەغدا، دانوستاندنێکی بەرپرسانە دەبێت. دەوڵەتانی دراوسێی کوردستانی دڵنیا دەکەینەوە کە کوردستان نابێتە فاکتەری ناسەقامگیری بۆ ئەوان".

بزووتنەوەی گۆڕان کە تەنیا کاژێر پێش بەڕێوەچوونی گشتپرسی، هەڵوێستی خۆی نیشاندا، ئەندام و لایەنگرانی خۆی سەرپشکرد لە بەشداریکردن لە گشتپرسی، بەڵام کەسی یەکەمی ئەو بزووتنەوەیە دەنگی بە "بەڵێ" بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان دوای ئەوەی لە بنکەیەکی دەنگدان لە شاری سلێمانی دەنگی دا، بە ڕۆژنامەنووسانی گوت "نابێ مەسەلەی گشتپرسی بە شەخسەنە بکرێت".

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان کە حیزبەکەی 13 کاژێر پێش بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە ڕێگای بەیاننامەیەکەوە پشتگیری خۆی بۆ گشتپرسی ڕاگەیاند لە هەولێر دەنگیدا بە ڕەتکردنەوەی گشتپرسی لەلایەن ئێران و تورکیاوە، پەیامێک ئاراستەی ئەو دوو دەوڵەتە کرد و گوتی: "ئەو هەڵچوونەتان دامرکێننەوە، ئێمەش گەلێکین خاوەنی ئەو مافەین کە ساڵەهای ساڵە لێمان زەوتکراوە، وا باشە ئەو دەوڵەتانە چیدیکە تەکریسی ئەو ستەمە نەکەن کە زلهێزان لە ئێمەیان کردووە، نەک گەلانی عەرەب و تورک و فارس".

یەکێک لەو سەرکردانەی کە هەڵوێستی ڕوون نەبوو لە پرسی گشتپرسی بەرهەم ساڵح، سەرۆکی قەوارەی "هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری" بوو بەڵام لە بنکەیەکی شاری سلێمانی دەنگیدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیش گوتی "لەپێناو سارێژبوونی برینەکانی گەلەکەمان و بەدیهێنانی ئاواتیی باب و باپیرانمان بۆ سەربەخۆیی، دەنگم بە (بەڵێ) دا بۆ سەربەخۆیی کوردستان". بەرهەم ساڵح ڕاشیگەیاند، هیواخوازە دەنگدان بۆ سەربەخۆیی "ببێتە دەرفەتێک بۆ هێنانەدی خۆشگوزەرانیی و مایەی حکومڕانییەکی باش و دادپەروەر و هاونیشتمانیانیش لە مەینەتییەکان ڕزگاریان بێت".

بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی پەیامنێرانی ڕووداو لە بنکەکانی دەنگدان وەریگرتووە، زۆرترین ڕێژەی بەشداری لە قەزای مێرگەسۆر بووە، کە 98%بووە، دوای ئەویش قەزای خانەقین دێ کە 96% بووە. هەروەها کەمترین ڕێژەی بەشداریش کە چاوەڕوانکراو بوو لە پارێزگای سلێمانی بووە کە نزیکەی 55% بووە. سەبارەت بە ئەنجامەکانیش بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، بەرزترین ڕێژەی دەنگی بەڵێ لە قەزای زاخۆ بووە کە 99% بووە. کەمترین ڕێژەی دەنگی بەڵێش لە پشدەر بووە کە 70% بووە.



## ڕێژەی بەشداری هەندێک ناوچە (ئەنجامی بەرایی)

- خانەقین: 96%
- هەولێر: 86%
- دهۆک: 91%
- کەرکووک: 78%
- سلێمانی: 55%
- زاخۆ: 94%
- دەشتی نەینەوا: 86%
- ئاکرێ: 94%
- ئامێدی: 89%
- سۆران: 93%
- مەخموور: 88%
- ڕواندز: 90%
- مێرگەسۆر: 98%
- چۆمان: 91%
- شەقڵاوە: 90%
- چەمچەماڵ: 63%

ئەنجامی بەڵێ و نەخێری هەندێک ناوچە (ئەنجامی بەرایی)

| شوێن | بەڵێ | دەنگی دیکە |
|---|---|---|
| هەڵەبجە | 95.4% | 5.6% |
| دهۆک | 98.33% | 1.66% |
| هەولێر | 92.5% | 7.5% |
| بەردەڕەش | 98.2% | 1.8% |
| ئاکرێ | 97.6% | 2.4% |
| کەلار | 87% | 13% |
| سەیدسادق | 81% | 19% |
| زاخۆ | 99% | 1% |
| پشدەر | 70.81% | 25.58% |
| شەقڵاوە | 93.7% | 6.3% |
| مەخموور | 96.8% | 1.8% |
| چەمچەماڵ | 84.2% | 15.8% |


## مەولوود چاوشئۆغڵو: هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کورد نییە



**ڕووداو- ئەنقەرە**

وەزیری دەرەوەی تورکیا لەبارەی گشتپرسیی سەربەخۆیی باشووری کوردستان ڕایگەیاند، وێڕای ئامۆژگاری و هۆشداریی بەردەوامان، کەچی کورد لە بڕیاری گشتپرسیی پاشگەزنەبووەوە و ئەنجامیدا، بۆیە لەمەودوا تەنیا لەگەڵ بەغدا دانوستاندن دەکەین. مەولوود چاوشئۆغڵو، گوتی "وەک دۆستێک ئامۆژگاریمانکردن و هۆشداریمان پێدان. کەچی سەرکردایەتیی کورد لە بڕیاری گشتپرسی پاشگەزنەبوونەوە و ئەنجامیاندا. بۆیە لەمەودوا ئەو لایەنەی بەسەرنجەوە دانوستاندنی لەگەڵ دەکەین، بەغدایە". چاوشئۆغڵو جەختیکردەوە کە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ گەلی کورد نییە و ڕاشیگەیاند "تورکیا مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی بەردەوامی بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکرد. لەمەودوا مەشقی سەربازی بە هێزەکانی پێشمەرگە ناکەین".

# بەرپرسە کوردەکانی بەغدا بە نهێنی دەنگیان دا



(فۆتۆ: AFP)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەوکاتەی خەڵکی باشووری کورستان لەسەر سندووقەکانی دەنگدان بوون بۆ بڕیاردان لە جیابوونەوە یان مانەوە لەگەڵ عێراق، پەرلەمانی عێراق بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد، سەرقاڵی تاوتوێکردنی چەند ڕێوشوێنێک بوو لە دژی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی، بەڵام بەشێک لەبەرپرسانی کورد لە بەغدا گوێیان بە هەڕەشەکانی بەغدا نەدا و بۆ دەنگدان گەڕانەوە کوردستان.

بریکاری یەکێک لە وەزارەتەکانی عێراق کە کوردە و گەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان و دەنگیداوە، لەبەر ئەو هەڕەشانەی چاوەڕوان دەکات دوای گەڕانەوەیان ڕووبەڕوویان ببێتەوە، نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو هەڕەشەیەی لە بەغدا هەیە جدییە و کاریگەریی لەسەر شەقامی عێراقی دەبێ، هەرچۆن بێت ئێمە دەبێ بزانین سەرکردایەتی سیاسی کورد بەرنامەی چییە و چی دەکات".

پەرلەمانی عێراق چەند بڕیارێکی تاوتوێ کردووە و چەند لیژنەیەکی پەرلەمانی ڕاسپاردووە کاریان لەسەر بکەن بۆ ئەوەی ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا دەنگیان لەبارەوە بدرێ. ئەو خاڵانەی پەرلەمان خستوویەتییە بەردەم لیژنە پێوەندیدارەکان، جگە لە دەرکردنی د.فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆمار، سەردەکێشێ بۆ پچڕینی هەموو پەیوەندییەکی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و تەنانەت وەزارەتی دەرەوە ڕادەسپێرێ بۆ ئەوەی داوا لە وڵاتان بکەن کونسوڵخانەکانیان لە هەولێر دابخەن و لە هەمووی دیارتر، ناچارکردنی سەرۆکوەزیرانە بۆ ئەوەی سوپا بەرەورووی پێشمەرگە لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بجووڵێنێ.

هەرچەندە پێشتر پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی 100 واژۆیان کۆکردبووەوە بۆ دەرکردنی سەرۆک کۆمار و وەرگرتنەوەی پۆستەکەی، بەڵام دانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەمان، ئەو بڕیارەی بەستەوە بەوەی ئەگەر د.فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق لە گشتپرسیدا دەنگی دابێ.

(ڕووداو) چەند جارێک هەوڵیدا نووسینگەی سەرۆک کۆماری عێراق وەربگرێ، بەڵام لەو کاتەدا لێدوانیان ڕەتکردەوە. ئەندامێکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ دەرکردنی سەرۆک کۆمار و وەزیر و بریکارەکانی کورد لەوێ هەڵەیەکی کوشندەیە ئەگەر کاری وا بکەن "چونکە بەو کاردانەوە نەرێنی و خێرایانە، هەر خۆیان پرۆسەی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان خێراتر دەکەن".

زانا ڕۆستایی، گوتیشی: "پێموایە دەرکردنی سەرۆک کۆماریان هێشتووەتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، تەنیا سێ تۆمەتیش هەیە سەرۆک کۆماری پێ تۆمەتبار بکەن کە ئەوانیش خیانەتی مەزن و شکاندنی دەستوور و شکاندنی سوێندە. ئەوان بە تۆمەتی شکاندنی سوێند لە دادگای فیدراڵیی عێراق سکاڵا تۆمار دەکەن، چونکە دەڵێن ئەو لەسەرەتاوە سوێندی خواردووە یەکپارچەیی وڵاتەکە بپارێزێ و نەیکردووە".

ڕۆژی 25ی ئەیلول فوئاد مەعسووم، سەرۆک کۆمار لە بەغدا بووە و نەگەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان، بەڵام پەرلەمانتارانی کورد لە تەواوی فراکسیۆنەکان گەڕاونەتەوە. ئەردەڵان نورەدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق گوتی: "هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان گەڕاونەتەوە بۆ دەنگدان، جارێ ڕوون نییە کەی دەگەڕێینەوە بەغدا".

بەڵام زانا ڕۆستایی دەڵێ: "ئێمە بەتەمای گەڕانەوە نین بۆ بەغدا، مەگەر دوای گشتپرسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا دەستبکەنەوە بە گفتوگۆ، سەرۆک کۆمار دەنگ بدات یان نا، ئەوان هەر لێی ڕازی نین و زەحمەتە بهێڵن لەو پۆستەدا بمێنێتەوە، بەڵام ئێمە وەک پەرلەمانتاران لەو دۆخەدا ناگەڕێینەوە".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە تەواوی ئەو گوتارانەی لە ماوەی بانگەشەی گشتپرسی پێشکەشی خەڵک و ئاهەنگگێڕانی کردن، جەختی لەوە دەکردەوە کە خۆری بەشداریکردنی کورد لە حکومەتەکانی بەغدا بە یەکجاری ئاوا بووە و کار گەیشتووەتە ئەوەی کورد ئێستا دوو وەزیر و چەند بریکار و بەڕێوەبەرێکی بەدەستەوە مابێ، لە کاتێکدا لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراقی دوای سەددام حوسێن، کورد 8 وەزیری لەبەغدا هەبوون. ئەوە جگە لەوەی لەنێو سوپای عێراقیشدا ڕێژەکە بۆ 1% کەمبووەتەوە.

فەرهاد قادر، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ هێشتا پەرلەمانی عێراق هیچ بڕیارێکی دەرنەکردووە لە دژی وەزیر و کاربەدەستانی کورد "تەنیا گەڵاڵەکردنی چەند لیژنەیەکە بۆ ئەو پێشنیارانەی کردوویانە و باشترە ئێمە پێش ڕووداوەکان نەکەوین و چاوەڕێ بکەین بزانین دوای گشتپرسی چی ڕوودەدات".

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی هەروەها دەڵێ، ئێمە ناترسین و دەگەڕێینەوە بەغدا "بۆچی لە ئەنجامدانی گشتپرسی بترسین، خۆ هێشتا ئەوە بەمانای جیابوونەوە نایەت و ئەوە دەسەڵاتێکە و گەل بە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی داوە، دەبێ بزانین دواتر لە گفتوگۆکان چی بەئاکام دێ".

بەڵام زانا روستایی، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە ڕاسپاردنی سەرۆک وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی هێز بەکاربهێنێ "مەترسیدارترین داواکارییە و ئەوە هیچ شتێک ناهێڵێتەوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا".

> تۆمەتی شکاندنی سوێند بۆ سەرۆک کۆمار ئامادەکراوە

> ناگەڕێینەوە بەغدا
>
> پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ

# کەنەدا ڕێز لە گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان دەگرێ



400 چاودێری بیانی هاتبوونە کوردستان بۆ چاودێری پرۆسەی گشتپرسی (فۆتۆ: AFP)

**دیار کوردە و ڕێکار عەزیز**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 25ی ئەیلول فۆکەسی زۆربەی میدیاکانی جیهان و چاودێرانی سیاسی و شرۆڤەکاران لەسەر گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان بوو، زۆر لە بەرپرسانی وڵاتان و ناوەندە جیهانییەکان هەر قەوانە کۆنەکەیان لێدەدایەوە و داوای یەکپارچەیی خاکی عێراقیان دەکرد، بەشێکیشیان پشتگیری گشپرسییەکەیان کرد، لەوانەش سەرۆک وەزیرانی کەنەدا. هەندێک لەو نێوانەدا بێلانەیانە هەڵسوکەوتیان کرد و داوای دیالۆگیان کرد لە نێوان هەولێر و بەغدا.

گەورەترین کاردانەوەی نێودەوڵەتی بەرامبەر گشتپرسی لەلایەن پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە و 10 ئەندامە کاتییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو کاتێک هەفتەی ڕابردوو بەر لە ئەنجامدانی گشتپرسی ڕایانگەیاند کە نیگەرانن لە بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان، چونکە بە تێڕوانینی ئەوان کاریگەری دەبێ لەسەر شەڕی دژی داعش. ئەمە جگە لە کاردانەوە توندەکانی وڵاتانی هەرێمی و حکومەتی عێراق، بەڵام کوردستان گوێی بە هۆشداری و هەڕەشەکان نەداو لە 25ی ئەیلول قسەی خۆی کرد.

بەپێی داتاکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، 159 میدیای جیهانی و 400 چاودێر هاتبوونە کوردستان بۆ ڕووماڵ و چاودێریی پرۆسەکە. هێشتا مەرەکەبی پەنجەی دەنگدەران وشک نەبووبووەوە کە شرۆڤەکاران و سیاسەتمەداران کەوتنە لێدوان و تویتکردن.

### سەرۆکوەزیرانی کەنەدا: ڕێز لەو پرۆسەیە دەگرم

سەرۆکوەزیرانی کەنەدا لەبارەی پرۆسەی ئەنجامدانی گشتپرسی لە باشووری کوردستان ڕایگەیاند "من ڕێز دەگرم لەو پرۆسەیەی کە کورد دەستیانپێکردووە". جەستن ترودۆ، سەرۆکوەزیرانی کەنەدا گوتی "ئەوە هەستیارە کە دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکەدا بکەین، من ڕێز دەگرم لەو پرۆسەیەی کورد دەستیپێکردووە".

کۆشکی سپیش هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند و سارا هوکابی، سکرتێری ڕۆژنامەڤانیی کۆشکی سپی لەوبارەوە گوتی: "بۆ تێکشکاندنی داعش و پاشەکشە بە ئێران لە ناوچەکەدا هیوا بۆ عێراقێکی یەکگرتوو دەخوازین".

### "بەختێکی باش بۆ کوردستان"

پەرلەمانتارێکی ئیسرائیل لەبارەی گشتپرسیی سەربەخۆیی باشووری کوردستانەوە هیوای بەختێکی باشی بۆ کوردستان خواست.. کسینیا سڤێتلۆڤا، پەرلەمانتاری ئیسرائیلی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر نووسیویەتی "بەختێکی باش بۆ کوردستان". لە تویتەکەیدا کسینیا هاژتاگی گشتپرسیی کوردستانی داناوە.

کسینیا سڤێتلۆڤا یەکێکە لەو پەرلەمانتارە ئیسرائیلیانەی کە تاوەکو ئێستا چەندینجار پشتیوانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەربڕیوە و لە میدیاکانی ئیسرائیلدا شیکردنەوەی بۆ پرسی کورد کردووە.

هاوکات کۆنگرێسمانێکی ئەمریکی سەر بە پارتی کۆمارییەکان پشتگیریی خۆی بۆ دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ ڕاگەیاند و دەڵێت "پشتگیری لە کورد دەکەم". ترێنت فرانکس، نوێنەری ئەریزۆنا لە کۆنگرێسی ئەمریکا لە ئەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر ڕایگەیاندووە "دەکرێت کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ ببێتە هیوای گەڕانەوەی ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست".

فرانکس ڕاشیگەیاندووە، بەغدا لە پاراستنی مافەکانی کورد و پاراستنی ئەو نەتەوەیە لەدەست داعش شکستی هێناوە.

### "گشتپرسیی کوردستان لە جینۆسایدەوە هاتووە"

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری هیومان ڕایتس وۆچ لەبارەی گشتپرسیی کوردستانەوە دەڵێت: "خواستی بەهێزی سەربەخۆیی کوردی عێراق لە جینۆسایدەوە سەرچاوەی گرتووە"

کێنت ڕۆت، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری هیومان ڕایتس وۆچ، ڕۆژی دووشەممە لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر نووسیویەتی: "خواستی بەهێزی سەربەخۆیی لە قوربانیانی کارەساتێکی گەورەی وەک کۆسۆڤۆ و تەیموری ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە". بەڕێوەبەری جێبەجێکاری هیومان ڕایتس وۆچ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە کوردیش لە عێراق هاوشێوەی ئەو دوو وڵاتە جینۆساید کراون. لەگەڵ تویتەکەی، کێنت ڕۆت بابەتێکی لەسەر گشتپرسیی کە لە نیویۆرک تایمز بڵاوکراوەتەوە، داناوە.

### جولیان ئەسانج پشتیوانیی کورد دەکات

یەکێک لەو ناوە دیارانەی ڕۆژی دووشەممە باسی گشتپرسی کرد و پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستانی کرد، دامەزرێنەری ماڵپەڕی ویکیلیکس بوو. جۆلیان ئەسانج، لە تویتێکیدا، پشتیوانی خۆی بۆ گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان دەربڕی. ئەسانج لە تویتەکەیدا نووسیویەتی "هیوای بەختێکی باش و ئاشتیانە بۆ کوردی عێراق دەخوازم، کە ئەمڕۆ گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی دەکەن".

### کاتالۆنییەکان: سڵاو لە کۆمار

خەڵکی هەرێمی کاتالۆنیا کە بڕیارە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو (2017/10/1) گشتپرسی سەربەخۆیی سازبدەن، بە گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان دڵخۆشن. هەژمارێکی تویتەری تایبەت بە سەربەخۆیی هەرێمی کەتەلۆنیا کە 9329 فۆڵۆوەری هەیە، وێنەیەکی پشتیوانانی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و هەرێمی کەتەلۆنیای بەتێکەڵی داناوە و، نووسیوویەتی "کوردستان و کەتەلۆنیا سڵاویان لە جیهان کرد، سڵاو کوردستان، سڵاو کۆمار".

### بەریتانیا داوا دەکات هێمنی بپارێزن

لە کاتێکدا خەڵکی باشووری کوردستان سەرقاڵی دەنگدان بوون، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەبێ نوێنەرانی کورد لە کۆبوونەوەدا بوو. ئەنجوومەنەکە بڕیارنامەیەکی 14 خاڵی دەرکرد و لە یەکێک لە خاڵەکاندا داوا لە حەیدەر عەبادی، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەکات کە هێزی سوپا بنێرێتەوە ئەو شوێنانەی پێش 10ی حوزەیرانی 2014 لێی بوون. واتە پێش هاتنی داعش.

بۆریس جۆنسن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، لەبارەی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان نووسیویەتی، داوا لە لایەنەکانی عێراق دەکەم هێمنیی خۆیان بپارێزن و کار بکەن بەیەکەوە بۆ تێکشکاندنی داعش. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا هەروەها دەڵێت، داهاتووی عێراق پەیوەستە بە ئەنجامدانی دایەلۆگی نێوان لایەنەکان. بۆریس جۆنسن هەروەها ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕیوە بۆ هاوکاریی عێراقییەکان.

### کاردانەوە توندەکان

وەک چاوەڕێ دەکرا، ئێران و تورکیا کاردانەوەی توندیان بەرامبەر گشتپرسییەکە نیشاندا. لەوانەش ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی کۆماری تورکیا.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا گوتی "ئامانجەکانی گشتپرسییەکە ناوچەکە دەکاتە شوێنی پێکدادانی درێژخایەن، ئازاری نوێ، ستەمی نوێ و کۆمەڵکوژیی نوێ لە ناوچەکەدا، هیچ واتایەکی دیکەی نییە. ئەم هەوڵە بێ متمانەیی لەگەڵ حکومەتی ئێستادا زیاتر دەکات".

ئەردۆغان دەشڵێت: "بەڵام کەس چاوەڕێ نەکات چاوپۆشی بکەین لە سنوورێکی 350 کیلۆمەتری کە ببێتە گۆڕەپانی کێشە و پێکدادان. سەرەڕای ئەمەش گشتپرسییەکەی ئەمڕۆ کە لەگەڵ یاسای کارپێکراوی عێراق ناگونجێت، وای دەبینین کە نەکرابێت، دان بە ئەنجامەکانیدا نانێین و دەڵێین ناشەرعییە".

سەرۆککۆماری تورکیا لەبارەی هەڵوێستەکانییەوە گوتی "لە ڕووی سیاسی، ئابووری، بازرگانی و لە ڕووی ئەمنییەوە هەموو هەنگاوێک دەنێین. سوپای تورکیا لەخۆیەوە نەچووەتە سلۆپی. لەم هەفتەیەدا هەنگاوی دیکە دەنێین. ئیدی هاتوچۆش دادەخەین. گرتنەبەری ڕێوشوێنی جیاوازیشمان هەن.. لەگەڵ هەموو ئەو ڕێوشوێنانەدا با بزانین هەرێمی باکووری عێراق لە چ کەناڵێکەوە نەوت بۆ کوێ دەگوازێتەوە و بە کوێی دەفرۆشێت؟ کلیلەکە بەدەست ئێمەوەیە. هەر کە کلیلەکە قوفڵ بدەین ئەو کارە تەواو دەبێت".

هاوکات سەرۆککۆماری ئێران لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا ڕایگەیاند: "سەروەریی خاک و نەگۆڕانی سنوورەکان لە ناوچەی ئێمەدا بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر گرنگە".

لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا کە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/9/25 ئەنجامدراوە، حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێران لەبارەی عێراقەوە بە پوتینی گوتووە "بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاسایشی ناوچەکە و پاراستنی یەکپارچەیی و یەکێتیی گەلی عێراق زۆر گرنگ و حەیاتییە"، بۆیەش، وەک ڕووحانی باسی کردووە: "هەماهەنگی و هاوکاریی وڵاتانی ناوچەکە لەوبارەیەوە زۆر گرنگ و کاریگەر دەبێت".

بەپێی ڕاگەیێندراوێکی سەرۆکایەتیی کۆماری ئێران، ڤلادیمێر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا لە وەڵامی ڕووحانیدا ڕایگەیاندووە: "دەوڵەتی ڕووسیا پشتیوانی لە بەغدا و یەکپارچەیی عێراق دەکات".

> بەختێکی باش بۆ کوردستان
>
> پەرلەمانتارێکی ئیسرائیل

> پشتگیری لە کوردان دەکەم
>
> کۆنگرێسمانێکی ئەمریکی

> هیوای بەختێکی باش و ئاشتیانە بۆ کوردی عێراق دەخوازم
>
> دامەزرێنەری ویکیلیکس

## لە بەغدا داوای دەرکردنی کوردێک دەکرێ

**ڕووداو- بەغدا**

کارمەندانی دەزگایەکی عێراق ئیمزا بۆ دەرکردنی بەرپرسێکی کورد کۆدەکەنەوە کە بەشداریی لە گشتپرسیدا کردووە. ژمارەیەک فەرمانبەر و کارمەندی تۆڕی میدیایی عێراق نارەزایی دەردەبڕن بەرامبەر هیوا مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجومەنی ئەمیندارانی تۆڕەکە بەهۆی ئەوەی بەشداری گشتپرسی کردووە. لە نووسراوەکەدا هاتووە کە "بە بەشداریکردنی ئاشکرا و بڕەودان بە گشتپرسی کە ئامانج لێی دابەشکردنی عێراق و لەناوبردنی یەکگرتوویەکەیەتی، هیوا مەحمود عوسمان هەموو یاساکانی تۆڕەکە و دەستووری عێراقی پێشێل کردووە" بۆیە داوا دەکەن "هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی لە دژی بگیرێتەبەر و لە ئەندامێتی ئەنجوومەن لاببرێت".



راپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 474 ) - سێشەممە 2017/9/26

### قاسم سلێمانی چوار شەو لە کوردستان بوو

# دوو شەو پێش گشتپرسی لە کەرکووک چی ڕوویدا؟

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**




کەرکووکییەکان گوێیان بە گوشارەکان نەدا و دوای دەنگدانی گشتپرسی ئاهەنگیان گێڕا

(فۆتۆ: AFP)

شەوی یەڵدا (درێژترین شەوی ساڵ)ی ئەمساڵ بۆ کەرکووکییەکان بەر لە وادەی خۆی هات، کاتێک گوشارەکانی ئێران بۆ سەر بەرپرسانی ئەو شارە، لە سەرووی هەموویانەوە ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لە شەوی 23ی ئەم مانگە دەستیپێکرد بەهیوای ئەوەی ڕێ لە گشتپرسی لە سنووری پارێزگای کەرکووک بگرێ، بەڵام تاڵەبانی نەچووە ژێرباری گوشارەکانی ئێران.

ئەندازیاری گوشارەکان، خودی قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران بوو، گوشارەکان لە ڕێگەی هەندێ بەرپرسی یەکێتییەوە دەستیپێکرد، مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک ڕایگەیاند کە کاتەکە گونجاو نییە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە کەرکووک، هەڵوێستی ژمارەیەک سەرکردەی دیاری یەکێتیش هەر هەمان هەڵوێست بوو، بەڵام هەموو یەکێتییەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون، شەوی 23ی مانگ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی گەیشتە کەرکووک. هەروەها نەجمەددین کەریم پارێزگاری شارەکە ڕایگەیاند کە گشتپرسی لە کەرکووک بەڕێوەدەچێ.

بە گوتەی هەندێک بەرپرسی شارەکە، ئەو شەوە قاسم سلێمانی داوای لە سەرکردەکانی یەکێتی کردووە داوا لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکەن کۆببێتەوە و بە بڕیارێک گشتپرسی لە کەرکووک دوابخات. سەرکردەیەکی باڵای یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "شێخ ڕێبوار تاڵەبانی پەیوەندی بە سەرکردایەتی یەکگرتووەوە کرد لە هەولێر، ڕێنمایی و هۆشداری پێدرا کە نەچێتە ژێرباری هیچ گوشارێک، چونکە ئەگەر ریفراندۆم لە کەرکووک نەکرێت، ئەگەری زۆرە سەرلەبەری پرۆسەکە دوابخرێت".

محەممەد خورشید، بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک، لە بارەی ڕووداوەکانی 48 کاژێر پێش پرۆسەی گشتپرسی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو شەوە یەکێک لە سەختترین شەوەکانی ژیانم بوو، گوشارێکی زۆر هەبوو لەسەر سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەک بکات و ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کەرکووک دوابخات. ئەگەر ئەمەش ڕووی بدابایە ریفراندۆم نەدەکرا".

### بارزانی پەیامی بۆ تاڵەبانی ناردبوو

محەممەد خورشید ئاشکرای کرد کە ژمارەیەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردەی یەکێتی کۆبوونەوەیەکیان کردبوو بۆئەوەی لەگەڵ لیستی عەرەبی و بەرەی تورکمانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکەن.

محەممەد خورشید گوتی: "ئێمە پەیامێکی جەنابی سەرۆک بارزانیمان بە ڕێبوار تاڵەبانی گەیاند، پەیامی ئەویشمان گەیاندە سەرۆک، دواتر کاک نێچیرڤان بارزانی قسەی لەگەڵ بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی کرد. جەنابی کاک مەسرور بارزانییش ڕێنمایی دایە برادەرانی ئاسایش، چونکە ئەگەر تەدەخول نەبووایە ئەو شەوە شتێکی نەخوازراو ڕوویدەدا. هەستمان کرد پیلانێکی گەورە دژی کەرکووکییەکان هەیە بۆ ئەوەی بەشداری ئەو پرۆسە چارەنووسسازە نەکەن".

سەبارەت بەو کەسانەی لە پشت پیلانەکە بوون، محەممەد خورشید دەڵێت: "ئێمە زانیاریمان هەبوو کە ئەو شەوە فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی ئێران لە کەرکووک بووە، چونکە جموجۆڵەکانی ئەو شەوە ناسروشتی بوو، بەڵام بەڕاستی جەنابی سەرۆک ئەو شەوە وەکو قەڵایەک لە پشتمان بوو، لەگەڵ کاک کۆسرەت دۆخەکەی ئارام کردەوە، چونکە برادەرانی ئاسایشی یەکێتی ڕێگرییان لە هێنانی سندوقی دەنگدان کردبوو بۆ بنکەکان".

### تاڵەبانی پرس بە بارزانی دەکات

ڕێبوار تاڵەبانی پشتڕاستیکردەوە ئەو شەوە داوایان لێکردووە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی پارێزگا ڕێکبخات. تاڵەبانی بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێتی داوای لێکردم کۆبوونەوە بکەم، بەڵام بە برادەرانی یەکێتی و حیزبەکانم گوت دەچین لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو پرسە بە کۆدەنگی یەکلادەکەینەوە. گوشار لێرە و لەوێ هەبوو، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە ریفراندۆممان لە کەرکووک بە ئەنجام گەیاند".

ڕێبوار تاڵەبانی کە بەهۆی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانەوە لە کەرکووک لەلایەن بەغداوە دراوەتە دادگا، پێیوایە خەونەکەی ئەو هاتووەتە دی و داواکارە "کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردستان، چونکە شارێکی فرە نەتەوە و ئاین و مەزهەبە و تایبەمەندیی خۆی هەیە، ئەو تێگەیشتنەش لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە هەیە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار و نزیک لە ڕووداوەکانی ئەو شەوەی کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "قاسم سلێمانی دوو شەو لە سلێمانی بووە، شەوێک لە هەولێر و شەوێکیش لە کەرکووک، هەوڵێکی زۆری داوە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکات، چونکە ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم و هیچ حیزب و لایەنێک دەسەڵاتی نەبووە گشتپرسی لە کەرکووک دوابخات، تەنیا ئەنجوومەن دەیتوانی بۆیە هەوڵی زۆری داوە و بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتیشی ڕازی کردبوو کە مەترسی لەسەر کەرکووک هەیە، بۆیە گشتپرسی لێرە دوابخرێت".

> قاسم سلێمانی بۆ ڕەتکردنەوەی گشتپرسی بەهیوای کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بوو

سەرکردەیەکی یەکگرتووش کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی پلانی ئێران بۆ ئەنجامنەدانی گشتپرسی لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت "هەریەک لە جەنابی کاک مەسعود بارزانی و مامۆستا سەلاحەدین بە تەلەفۆن و پەیام نەیانهێشت کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکرێت، بەڵکو لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی بە ئامادەبوونی کەسی یەکەمی هەر سێ حیزبەکە لە کەرکووک لەگەڵ پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەن ئەو پرسە یەکلایی کرایەوە".

### تاڵەبانی لە زیندانی بەعسەوە بۆ تەحەددداکردنی بەغدا

ڕێبوار فایەق تاڵەبانی، ساڵی 1968 لە کەرکووک لەدایک بووە، لە سەردەمی گەنجییەوە پەیوەندی بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە کردووە، کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کردووە. بەهۆی کاری ئیسلامی لەنێو ڕێکخستنەکانی ئیخوان موسلیمین لە کەرکووک، ماوەی ساڵێک لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوە و شەش مانگ لە زیندانی تاکەکەسیدا بووە. لە هەڵبژاردنی ساڵی 2005 لە چوارچێوەی لیستی برایەتی و پێکەوەژیان، دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، پاشان بە ڕێککەوتنی لایەنە کوردستانییەکان ڕێبوار تاڵەبانی لە پشکی یەکگرتوو بووە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن. دوای ئەوەی حەسەن تۆران بووە ئەندامی پەرلەمانی عێراق، تورکمان نەیانتوانی شوێنەکەی پڕ بکەنەوە، بەمەش ڕێبوار تاڵەبانی بە وەکالەت بووە سەرۆکی ئەنجوومەن.

لەسەردەمی ڕێبوار تاڵەبانیدا ڕۆژی 2017/3/28 ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بڕیاری دا بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لەپاڵ ئاڵای عێراق. هەروەها ڕۆژی 2017/8/29 ئەنجوومەنەکە بڕیاری دا کە گشتپرسی لە کەرکووکیش بکرێ.

ڕێبوار تاڵەبانی ئەگەرچی کادیری پێشکەوتووی یەکگرتووە، بەڵام بە برازاکەی جەلال تاڵەبانی ناسراوە و هاوشێوەی ئەو لە کۆبوونەوە ئاڵۆز و گرژەکانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووکدا، بە نوکتە و پێکەنین ئاراستەی کۆبوونەوەکان دەگۆڕێت. لەوبارەیەوە دەڵێ: "من حەزم بە نوکتە و پێکەنینە، کەرکووکیش پێکهاتەی ئاڵۆزی تێدایە و بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان زۆرجار نوکتە و قسەی خۆشیان بۆ دەکەم".

تاڵەبانی کە زمانی کوردی، عەرەبی و تورکمانی و بەشێک لە ئینگلیزی دەزانێت و خاوەنی 3 منداڵە، تاڵەبانی و بارزانی بە قوتابخانە وەسف دەکات و دەڵێ: "مام جەلال و کاک مەسعود بۆ من قوتابخانەیەکی گەورەن. هەردووکیان خاوەن مێژوو و خەباتێکی درێژن، من باسی لایەنی ئیجابی ئەو دوو سەرکردەیە دەکەم کە جگە لەوەی پەیوەندیم لەگەڵیان باشە، بۆ خزمەتکردنی گەلەکەم شتیان لێوە فێر بووم".

# "بەغدا یەکە ئیدارییەکانی لە ناوچە کوردستانییەکان دەکێشێتەوە"

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان بە جۆشوخرۆشەوە ڕوویان لە بنکەکانی دەنگدان دەکرد، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەرقاڵی کۆبوونەوە بوو، کۆبوونەوەکەش بە هەڕەشەیەک لە هەرێمی کوردستان کۆتایی هات کە تایبەت بوو بە داخستنی دەروازە سنوورییەکان بەڕووی هەرێمی کوردستاندا. بەرپرسانی کورد لە بەغدا لەو باوەڕەدان بەغدا ڕێکاری دیکەش دژی هەرێمی کوردستان بگرێتەبەر، لەوانەش گرتنی ئاسمان، بڕینی مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی لە بەغدا مووچە وەردەگرن.

کەم بەرپرسی بەغدا هەیە لێدوانی توندی دژی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان نەدابێ. حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەگەرچی سەرەتا هیچ هەڵوێستێکی توندی نیشان نەدا، بەڵام ئەویش ڕۆژێک بەر لە بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکە، بە توندی هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان و داوای کرد دەستبەرداری ببن. پەرلەمانتاران و بەرپرسانی کورد پێیانوایە بەغدا دوای گشتپرسی هەندێک ئیجرائات بەرامبەر باشووری کوردستان دەگرێتەبەر.

موسەنا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی دوای ریفراندۆم کۆتایی دونیا نییە، بەغدا لەوانەیە کۆمەڵێک ڕێوشوێن بگرێتەبەر دژی هەرێمی کوردستان،

> ئیجرائاتەکانی بەغدا بەرامبەر هەولێر کاتی دەبن
>
> پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو

> بەغدا هەر گەمارۆیەک بخاتە سەر هەولێر لە بەرژەوەندیی کوردستانە
>
> پەرلەمانتارێکی پارتی

لەوانە داخستنی ئاسمانی کوردستان و بڕینی دەرمان، مووچەی پاسەوانی سنوور و هەندێک بابەتی دیکە کە ئەرکی حکومەتی فیدراڵین، بەڵام ئەو بڕیار و ڕێوشوێنانە درێژخایەن نابن، بەڵکو لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسە هەڵپەسێردراوەکان دەچینە قۆناغێکی دیکەی دانوستاندن".

پەرلەمانتارێکی پارتی پێیوایە بەغدا دوای گشتپرسی دەست بە دانوستاندن لەگەڵ هەولێر دەکات. ڕێناس جانۆ، گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "بەغدا دوای ریفراندۆم ئامادەی دانوستاندن و گفتوگۆ دەبێت، لەوانەیە لە ژێر گوشاری حیزبەکانی بەغدا یەکە کارگێڕییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکشێنەوە و مووچەی فەرمانبەرەکان ببڕن بۆ ئەوەی گوشاری دارایی بخەنە سەر هەولێر، بەڵام ئەو گوشارانە کاتین و بەردەوام نابن".

ڕێناس جانۆ پێیوایە ئەگەر بەغدا ڕێوشوێنی توند و گەمارۆ بخاتە سەر کوردستان، ئەمە مانای دانپێدانانێکی فەرمییە و پاڵ پێوەنانێکی خێراشە بە کوردستان بۆ ئەوەی جیاببێتەوە و سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت "بە بڕوای خۆم هەر بڕیار و گەمارۆیەکی بەغدا لە بەرژەوەندیی کوردە".

ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا بۆ ڕێگرتن لە گشتپرسی باشووری کوردستان داوای سڕکردنی پۆستەکانی کوردیان لە بەغدا کرد، بۆ ئەوەی ببێتە گوشارێک لەسەر کوردستان، بەڵام پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا دەڵێن بەغدا ناتوانێت دەست بۆ پۆستەکانی کورد ببات، چونکە پرۆسەی سیاسی هەڵدەوشێتەوە و بە دەستی خۆیان کوردستان لە عێراق جیادەکەنەوە.

ئێستا کورد لە بەغدا بە پۆستی سەرۆککۆمار، جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان و دوو وەزیر بەشداری پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانییە. زۆربەی پۆستەکانی لە چوارچێوەی چاکسازییەکانی حەیدەر عەبادی لەدەستداوە یان پڕنەکراونەتەوە کە خۆی لە 50 پۆست دەدات و چەندین پۆستی سیادی تێدایە، لەوانەش: (وەزیری دارایی، سوپاسالاری عێراق، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی عێراق، بریکاری وەزیری ناوخۆ بۆ کاروباری هەواڵگری، ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، جێگری ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی وەزیران، فەرماندەی دوو فیرقە لە سوپای عێراق، جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و ....).

مەسعود حەیدەر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت: "بەغدا هەر لە سەرەتاوە دڵنیابوو کە ریفراندۆم دەکرێت، بۆیە دوای ئەم قۆناغە گفتوگۆی جدی و ڕاشکاوانە لەسەر هەموو پرسەکان دەستپێدەکات، بە بڕوای خۆم باشترین بژارە لە نێوان هەولێر و بەغدا کۆنفیدراڵییە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی تازە کە دەبێتە بنەمایەک بۆ دروستبوونی متمانەو دڵنیایی لە نێوان هەردوولا، هەروەها کۆنفیدراڵی وا دەکات کوردستان هیچ پابەندبوونێکی بە دەستووری عێراقەوە نەمێنێ. لەسەر کۆمەڵێک پرس و بابەت لەگەڵ عێراق دەمێنێتەوە، دوای چەند ساڵێک دەتوانێت سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت".

گوتیشی: "مادام باشووری کوردستان هەنگاوێکی گەورە و هەستیاری ناوە، دەبێ تەحەمولی هەندێک گوشار و بڕیاری قورس لە بەغداوە بکات، بەڵام دواتر لە چوارچێوەی گفتوگۆکاندا ئەو گوشارانە نامێنن".

حکومەتی عێراق لە ساڵی 2014ەوە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی بڕیوە، بەڵام تاوەکو ئێستا مووچەی فەرمانبەرانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەدات، یەکێک لەو کارتانەی کە ڕەنگە بەکاری بهێنێ، بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی ئەو ناوچانەیە کە ژمارەیەکی زۆر مووچەخۆری عەرەب و تورکمانیشی تێدایە.

> بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی کەرکووک ئەگەرێکی بەهێزە
>
> پەرلەمانتارێکی یەکێتی

محەممەد دووشیوانی، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی ئەو ناوچانە بە (ڕووداو)ی گوت: "بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی کەرکووک لەلایەن بەغداوە ئەگەرێکی بەهێزە، بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا نەوتی کەرکووک دەفرۆشێ، حیسابی خۆی بکات لە کاتێکدا خۆی لە قەیراندایە و ناتوانێ مووچەی فەرمانبەرانی بە تەواوەتی بدات".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (474) - سێشەممە 2017/9/26



## نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە کوردستان

**ڕووداو- نیویۆرک**

گوتەبێـژی نەتـەوە یەکگرتووەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە کارەکانیان لە کوردسـتان بـەردەوام دەبن و هیواخوازن گفتوگۆکانی هەولێر- بەغداش بەردەوام بن. دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدان لە گشتپرسیی باشووری کوردستان، ستیفان دوژاریک، گوتەبێژی نەتەوە یەکگرتووەکان قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "مەترسیمان هەیە دوای گشتپرسی ناوچەکە ناسەقامگیر بێت، ئێمەش چاودێریی دۆخەکە دەکەین، هیواداربن دیالۆگی بنیاتنەر لەنێوان هەولێر و بەغدا بەردەوام بێت". گوتەبێژی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاشیگەیاند "پێمان گرنگە سەروەری و یەکێتیی خاکی عێراق پارێزراو بێت".

# ئەمریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ گشتپرسییەکەی کوردستان بکات؟

**ڕووداو- هەولێر**

لـە گوتارەکـەی دۆناڵد ترەمپ، سـەرۆکی ئەمریـکادا لـە کۆبوونـەوەی گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆریای باکوور و هەڕەشەکانی ئێران دوو تەوەری سـەرەکی بوون. توێژەرێکی ئەمریکی سـەرنجی ئەوەی داوە کە یەکێک لەو پرسـانەی لە گوتارەکـەی ترەمپـدا لەبەرچاو نەگیرا، گشتپرسـیی سـەربەخۆیی باشـووری کوردستان بوو.

مەسـیو برۆدسـکی، توێـژەر لـە گرووپـی لێکۆڵینـەوە ئەمنییەکان لە واشـنتن، پێیوایە گشتپرسـییەکەی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی نێودەوڵەتییە بۆ ئەو دانوستاندنەی لـە نێـوان هەولێـر بەغـدا دەکرێـت تاوەکـو کوردسـتان لە عێـراق جیابێتـەوە و "kexit" ڕوویدات، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە پرسـی سەربەخۆیی تەنیا جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق ناگرێتەوە، بەڵکو "پەیوەندیی بەوەشەوە هەیە کە ئەمریکا چۆن لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت و پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە دەڕوانێت".

بـە بۆچوونی برۆدسـکی، ئەمریـکا بەر لە هەموو شـتێک پێویسـتی بەوەیە "ڕوئیایەکی بۆ ئامانجەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت هەبێـت، تاوەکو بتوانێـت لـە چوارچێوەی ئەو بژارە تەکتیکەکانی داهاتووی خۆی هەڵبژێرێ".

ئیـدارەی ئەمریکـی وەکـوو ئەکتـەرە ناوچەییـەکان دژی بەڕێوەچوونی گشتپرسـی بوو، بیانووەکەش ئەوە بوو کە ئەو گشتپرسییە تەرکیز لەسـەر "ئەولەویەتـە هەنووکەییەکان" لادەدات، لەوانەش شەڕی دژی داعش. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریـکا لـە چەنـد کۆنفرانسـێکی میدیاییـدا جەختی لەوە کردەوە کە "عێراقێکی سـەقامگیر، ئـارام و یەکپارچەمـان دەوێت". برۆدسـکیش وەکوو زۆربەی شارەزایان پێیوایە "سـەرهەڵدانی بیرۆکەی سـەربەخۆیی ئاکامی شکسـتی حکومەتـی ناوەنـدی عێراقـە کـە پێدەچێـت وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵی هاوهەڵوێست بووبێت".

توێژەرە ئەمریکییەکە پێیوایە بۆ ئامادەکردنی ئەو ڕوئیا سـتراتیژیکە، واشـنتن دەبێ وەڵامی کۆمەڵێـک پرسـیار بداتەوە کـە وەڵامەکانیان تەنیـا پەیوەنـدی بـە پرسـی سـەربەخۆیی کوردستانەوە نییە. یەکەم پرسیاریش پەیوەندی بـە چاککردنـەوەی پەیوەندییەکانـی تورکیا و ئەمریکاوە هەیە لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندیی هاوبەش. لەو پەیوەندییەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیـە: ئایـا ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـە دیپلۆماتیکـەکان لەگـەڵ تورکیـا مومکینـە؟ بـە تایبەتیش دوای ئـەوەی ئەردۆغان تا دێت زیاتر لە ئیسـلامگەرایی، سەرکوت و دەسەڵاتی تۆتالیتاری نزیک دەبێتەوە.

دیـوی دیکـەی ئـەو پرسـیارە ئەوەیە کە "سـەربەخۆیی کوردسـتان و هاوبەشـبوونی درێژخایـەن لـە نێـوان کوردسـتان و ئەمریکا بەقازانجی ئەمریکایە؟". ئایا ئەمریکا دەتوانێت بنکەیەکی درێژخایەنی سەربازی لە کوردستان دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی لەوێوە بەرەنگاری کێشە ناوچەییەکان ببێتەوە؟ ئایا کورد هاوپەیمانێکی سروشتیتری ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، هەرچەندە دەشێت کێشە بۆ هاوبەشە سوننەکانی دیکەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروست بکات؟

بەشـی زۆری سـنوورەکانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لەسـەردەمی کۆتایـی دەسـەڵاتی کۆڵۆنیاڵـی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کێشـراون. بۆیە لێکۆڵـەرە ئەمریکییەکـە پێیوایـە یەکێـک لە پرسـیارە سـەرەکییەکان ئەوەیە "هەتا چەندە پاراسـتنی سـنوورەکانی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت لە خزمەتی پاراسـتنی ئاسایشـی ناوچەکەدایـە، لە کاتێکدا هەم سـووریا و هەم عێـراق دوو دەوڵەتی فاشـیلن. بۆچی ئەمریکا دەبـێ خۆی بۆ پاراسـتنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و سووریا تەرخان بکات؟".

لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا دوو خاڵی سەرەکی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپیان بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاراستە کردووە، یەکەمیان تێکشـکاندنی داعش و گرووپە تەکفیرییەکانی دیکەی ناوچەکە. دووەمیان بەرەنگاربوونەوەی ئێـران و ئامانجـە ناوچەییەکانـی تـاران لـە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بەبۆچوونی برۆدسکی، ئیـدارەی ئەمریـکا خەریکـە لـە وەدیهێنانـی ئامانجـی یەکەمیـان نزیـک دەبێتـەوە، بەڵام ئامانجـی دووەمیان (واتـە بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانـی ئێـران) تاوەکوو ئێسـتا فۆرمولە نەکراوە. برۆدسکی جەخت لەوەش دەکاتەوە کە هەنگاوەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران هێندەی تەکتیکی بوون، هێندە ستراتیژی نەبوون.

مەسـیۆ برۆدسـکی جەخت لەوە دەکاتەوە کـە "ئـەوە ئێرانـە هەڕەشـەیەکی گـەورەی درێژخایـەن و سـتراتیژیک بۆ سـەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروسـت دەکات، نەک داعش". بۆیـە بەرەنگاربوونەوەی ئێـران و ئاماژەدان بە کەموکورتییەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەبێ "فۆکەسی سەرەکیی تیمی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت لە ئیدارەی ترەمـپ بێت"، بۆیەش لـە سـۆنگەی ئێرانەوە دەبێ سـەیری بایەخی سـتراتیژیی کوردسـتان و تورکیا بکرێت، واتە کام یەک لەو دوو لایەنە دەتوانێت هاوپەیمانێکی درێژخایـەن و کاریگەرتـری ئەمریـکا بێـت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی ئێران.

یەکێـک لەو پرسـانەی ئیدارەی ئەمریکی لە سـەردەمی ئۆباما و ئیدارەی نوێی ترەمپدا کێشەی لەگەڵی هەبووە، پرسی دامەزراندنەوەی دەزگاکانـی دەوڵـەت لە وڵاتانـی دیکە بووە. هـەر ئەمـەش یەکێک لـەو هۆکارانـە بوو کە وایکـرد ئیدارەی پێشـوو و ئێسـتای ئەمریکا لە ئاست قەیرانی سـووریا دەستەوەستان بن و لـە 2011ش زۆرینەی هێزەکانیان لە عێراق بکێشنەوە.

توێژەرەکـە پێیوایـە ئەگـەر ئەمریـکا لەم خۆدزینەوەیـە بـەردەوام بێـت و پلانێکـی بـۆ ئیدارەکردنـی قەیرانەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، لەوانـەش ئێـران نەبێـت، ئەوە "زەمینەیەکـی لەبـار بـۆ سـەرهەڵدانەوەی تیرۆریستان و مەترسیی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمـی لە وڵاتانی ناوچەکـە دێتە ئاراوە کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران پاڵنەریەتی".

جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "گەڕاندنەوەی عێراق و سووریا بۆ دۆخی پێش 2011 بەمانای دروسـتکردنی هەمان ئەو دۆخەیە کە ڕیشەی سەرهەڵدانی عەرەب بووە. خراپتر لەمەش ئەو دوو وڵاتە دەخاتە ژێر دەستی تاران".

لێکۆڵەرەکـە ئاماژە بـۆ ئـەوەش دەکات کـە "ڕەنگـە ئیـدارەی ترەمپ هیـچ پلانێکی سـتراتیژییان بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ئێـران و فراوانبوونی دەسـەڵاتی ئەو وڵاتە لە سووریا و عێراق نەبێت، بەڵام ئێران پلانێکی سـتراتیژی (بۆ ناوچەکە) دارڕشـتووە و ئێسـتا خەریکی جێبەجێکردنیەتـی". بۆیـە تەنانـەت ئەگـەر ئیدارەی ترەمپیش خۆی لەو شـەڕە بدزێتەوە، هێشتا شەڕەکە لە ئەمریکا دوورناکەوێتەوە.

برۆدسـکی جەخت لـەوەش دەکاتەوە کە هەمـوو ئەو پرسـیارانەی لە سـەرەوە کران، پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆیان بـە مامەڵـەی ئەمریـکاوە لەگـەڵ کـورد هەیە، بـۆ نموونە "ئەمریکا دەبێ لەو ڕاستییە تێبگات کە عێراق و سـووریا دوو دەوڵەتـی شکسـتخواردوون. بۆچـی دەبـێ کـورد متمانەی بـە حکومەتی ناوەنـدی عێـراق هەبێت، لە کاتێکـدا عەرەبە سوننەکانی پارێزگای ئەنبار لە ڕۆژئاوای عێراق متمانەیان بە حکومەتی ناوەندی نییە؟".

سـەبارەت بە ڕۆژئاڤای کوردستان و پارتی یەکێتیی دیموکراتیک (پەیەدە)ش، لێکۆڵەرە ئەمریکییەکـە دەڵێـت کە پەیوەندیـی ئەوان و ئەسـەد بۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە ئـەوان جگە لەمـە هیـچ بژارەیەکـی دیکەیان نییـە، بۆیە پشتگوێخسـتنیان لە دوای تێکشـکانی داعش بـەو مانایەیە کە ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتیان بدرێتەوە دەسـت هێزەکانی بەشـار ئەسـەد، ئەمـەش واتـە "جێگۆڕکێ بە ئێـران و داعش لەو ناوچەیەدا".



(فۆتۆ: AFP)

> ئەمریکا دەبێ لەو ڕاستییە تێبگات کە عێراق و سووریا دوو دەوڵەتی شکستخواردوون

> بۆ دەبێ کورد متمانەی بە بەغدا هەبێت، لە کاتێکدا عەرەبە سوننەکانی ئەنبار متمانەیان پێی نییە؟

## شێخ ئەحمەد کوبەیسی بۆ (ڕووداو):

# عەرەبی سوننە دەچنە پاڵ دەوڵەتی کوردستان

> کوردستان دەبێتە دەوڵەت، تەنانەت ئەگەر گشتپرسیش نەکرابا



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

شێخ ئەحمەد کوبەیسی، گەورە زانای عێراقی پێشبینی دروسـتبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لـە باشـووری کوردسـتان دەکات کـە دواجار فەرمانڕەوای هەموو عێراقی دەکەوێتە دەسـت، هەروەهـا دەڵێت عەرەبی سـوننە کە "ئێران بە پـلان ناوچەکانیان وێـران دەکات"، لە ئایندەدا دەچنە پاڵ دەوڵەتی کوردستان.

شێخ ئەحمەد کوبەیسـی، تەمەن 83 ساڵ، کەسـایەتییەکی سـوننەی پارێـزگای ئەنبارە. کوبەیسی کە ئێستا لە ئیمارات دەژی، لە ڕێگای تەلەفۆنەوە قسـەی بـۆ (ڕووداو) کرد و گوتـی: "کورد لە ڕێگای مێژووەوە زیاتر دەناسم، خوای گەورە شـەرفەمەندی کردوون بـە ڕزگارکردنی قودس لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی، جگە لـەوە زۆربەی زانایانی موسـڵمانی عێراق کورد بوون، هەر کەسـێکیش سـەردانی کوردستانی کردبێـت، دواتـر باسـی میواندۆسـتی و ڕێز و حورمەتـی کوردی کـردووە. گەلی کـورد زوڵم و سـتەمی زۆریان بینیوە، بۆیـە مافی خۆیانە دەوڵەتێکی سـەربەخۆیان هەبێت کە ئەمڕۆ یان سبەی هەر دەبێ دروست ببێت".

شێخ ئەحمەد کوبەیسی کە پێشتر سەرۆکی کۆمەڵـەی زانایانی عێراق بـوو، دەڵێ: "هەموو عێراق لەلایەن ئەمریکاوە داگیرکراوە، جا بارزانی حاکمـی عێراق بێـت باشـترە یـان ئەمریکا؟ پێشـبینی دەکـەم عەرەبـی سـوننە دوای ئەو کارەسات وماڵوێرانییە هیچیان نەمێنێ و دواتر بچنـە پـاڵ دەوڵەتی کوردسـتان، جـا بارزانی سەرۆک بێت یان کوڕەکانی یان نەوەیەکی".

> ئێران هەموو ناوچە سوننییەکانی عێراق وێران دەکات

کوبەیسی زیاتر لە 30 کتێب و لێکۆڵینەوەی هەیە کە یەکێکیان ئینسایکلۆپیدیایەکی تایبەت بە قورئانە و لە 12 بەرگ پێکهاتووە. ئەو دەڵێت بە پشتبەسـتن بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر و بۆچوونی چەندین زانای ئیسـلامی، دەوڵەتێکی سـەربەخۆی بەهێـز لـە کوردسـتان دروسـت دەبێت، کوبەیسی گوتی "بەهێزترین نەتەوە لە عێراقدا دەوڵەتێکی سـەربەخۆ دروسـتدەکەن، ئەو دەوڵەتە فەلەسـتین و قودسی پیرۆز ڕزگار دەکات، بەهێزترین نەتەوەش لە عێراق کوردە، بە خوێندنەوەی من کورد سەربەخۆیی بەدەستدێنن و عەرەبی سـوننەش دەچنە پاڵ ئەو دەوڵەتە، هەر ئەو دەوڵەتەش فەلەستین ڕزگار دەکات".

شێخ ئەحمەد کوبەیسی کە سەرۆکی بەشی شـەریعە بوو لـە زانکـۆی بەغدا، لـە چەندین زانکۆی عێراق وانەبێژ بووە و سەرپەرشتی دەیان نامەی ماسـتەر و دکتۆرای کـردووە و ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای زانکۆی ئیسلامییە لە شاری مەدینە لە سعودیە. لە بارەی دەستێوەردانەکانی ئێـران لە عێراق دەڵێ "ئێـران هیچ بۆ عەرەبی سـوننە ناهێڵێتەوە، هەرچی ناوچە سوننییەکان هەیە وێرانیان دەکات، بەڵام بە ڕێگایەکی تایبەت، بۆیە عەرەبی سوننە هیچیان بۆ نامێنێتەوە جگە لە بژارەی چوونە پاڵ دەوڵەتی کوردسـتان کە من پێشبینی دەکەم ببێتە شانشینێکی بەهێز".

### شەڕێکی چاوەڕوانکراو

ئەوزانا عێراقییە بە پێچەوانەی زۆر لە بۆچوونی عەرەبەکانەوە پێیوایە ئیسرائیل پشتگیری کورد ناکات بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەڵکو وەکو کارتێک بەکاری دەهێنێ. ئەو ئاماژە بۆ شەڕێکی گریمانەکـراو دەکات کـە لە کتێبـی تەلموودی جووەکاندا باسـی لێوە کراوە و گوایە شـەڕێکە لە داهاتوودا ڕوودەدات و شەڕێکی یەکلاکەرەوە دەبێـت لە نێوان سـوپای موسـوڵمانان لەگەڵ سوپای کریستیان و جوو بە سەرکردایەتی کورد و شەڕەکەش بە شەڕی ئەرمەگەدوون دەناسرێ.

> ئیسرائیل پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان ناکات

شێخ کوبەیسـی لە چەندین کەناڵی عێراقی و عەرەبـی بەرنامـەی پەروەردەیـی و ئاینـی هەبووە و سـاڵی 1970 دکتۆرای لە شەریعە لە زانکۆی ئەزهەر بەدەستهێناوە. لەبارەی گوشاری کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و عێـراق و وڵاتانـی ناوچەکەش کە بۆ دواخستنی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول خرانەگەڕ، دەڵێت: "گشتپرسـی هەبێت یان نا، کوردسـتان نەک سـەربەخۆیی بەدەستدێنێ، بەڵکو حوکمی عێراقیش دەگرێتە دەست، من لە سەردەمی پاشایەتیش ژیاوم، تا ئێستا هەموو دەسەڵاتدارەکانی عێراقم بینیوە کە دژی کورد شەڕیان کردووە، بەڵام کورد بەرگەی هەموو شتێکی گرتووە و هەر ماوە، من پیر بووم و نازانم دەمێنم یان نا، بەڵام کورد بەهێز دەبن و دەبنـە خاوەنـی دەوڵـەت و پێگەی مێژوویی خۆیان لە نێو جیهانی ئیسـلامی و موسڵماناندا وەردەگرنەوە".

### عێراقی دووڕوون

شـێخ ئەحمـەد کوبەیسـی لایەنگرێکـی سەرسەختی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی پارێزگا سـوننییەکانی عێـراق بوو لـە دژی حکومەتی نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق. لەبارەی پێشـێلکردنی مافی سـوننەکان داوای دەستلەکارکێشـانەوەی مالیکـی کـرد، بـەڵام لەگـەڵ سـەرهەڵدانی داعش، هێرشـی توندی کردە سەر ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتە ئیسـلامییەکەی داعـش و بـە پیـاوی دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا وەسفی کرد.

ئـەو زانایە لەسـەر قسـەکانی سـوورە کە خەڵکی عێراق دەسـەڵاتداریان خۆشناوێت و بە درێژایی مێژوو شـوێنی ئاشـووب و پیلانگێڕی بـووە، ئـەو دەڵـێ "هەر کەسـێک دێتە سـەر کورسی دەسەڵات، گەلی عێراق دژی دەوەستێ، هەر لە سەردەمی ئیمام عەلی کوڕی ئەبوو تاڵب تا شەهیدکردنی ئیمام حوسێن، ئەو دووڕوویییە لەنێو عێراقییەکاندا هەبووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش عێراقییەکان خۆزگە بە دەسـەڵاتداری پێشـوو دەخوازن، ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە".

> عێراقییەکان دووڕوون

بەرپرسێکی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی:

# بەشی یەک ساڵ کاڵا لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە

رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

بەگوێرەی پێشبینییەکانی دەستەی ئامار، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ئەمساڵدا دەگاتە زیاتر لە پێنج ملیۆن و 755 هەزار کەس. نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەریش لە هەرێمی کوردستانن، ئەمەش پێویستیی هەرێمی کوردستان بە کاڵا و خۆراک و بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی بەرز کردووەتەوە، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان تەنیا لە چوار بەرهەمی گەنم، پەتاتە، هێلکە و پیاز گەیشتووەتە ئاستی خۆبژێوی و زۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵی و خۆراکییەکانی دیکە هاوردە دەکات.

د.خالس ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (رووداو)ی گوت: "جگە لەو 329 هەزار تۆن گەنمەی لە سایلۆکان هەن کە حکومەتی عێراق پارەی کڕینەوەی داوە و هەندێ پەتاتە لە کۆگاکاندا کە جووتیاران بۆ خۆیان هەڵیانگرتووە، هیچ بەرهەمێکی کۆگاکراومان نییە"، بۆیە دەڵێت: "لە حاڵەتی داخرانی سنوورەکاندا دانیشتووانی هەرێمی کوردستان تووشی گرفتی کەمیی خۆراک و بەرزبوونەوەی نرخ دەبن و کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراک دەبێ".

وەزارەتی کشتوکاڵ پەیوەستە بە دابینکردنی خۆراک بۆ هاووڵاتیان، بەڵام بەرپرسانی وەزارەتەکە دەڵێن بەهۆی ئەو بودجە کەمەی کە ساڵانە بۆیان تەرخان دەکرێ، نەیانتوانیوە لەسەرجەم بەرهەمەکاندا بگەنە ئاستی خۆژیاندن، تەنیا لە چەند بەرهەمێکی وەکو گەنم و پەتاتە و پیازدا نەبێ.

د.خالس ئەحمەد دەڵێت: "لە هێلکەی خواردن و گۆشتی مریشکدا ژێرخانی تەواومان هەیە، ئەگەر پرۆژەکان بکەونە کار دەتوانین پێویستی ناوخۆ بەزیادەوە دابین بکەین، بەڵام لە گۆشتی سوور و بەرهەمی شیر نەگەیشتووینەتە ئاستی خۆبژێوی و پێویستمان بە پرۆژەی زیاتر هەیە".

لە سەوزە و میوەش هەرێمی کوردستان ناتوانێ 100% پشت بەخۆی ببەستێ و زۆربەی پێداویستییەکانی بە سەوزە و میوەی هاوردەکراو پڕ دەکاتەوە کە زۆربەیان لە ئێران و تورکیاوە دێن. ئەمەش لە کاتێکدایە زۆربەی جووتیارانی کوردستان بە دەست ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیانەوە دەناڵێنن و بەرهەمەکانیان لە بازاڕ پارە ناکات.

بەرپرسەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ هۆکاری ئەمە رووندەکاتەوە و دەڵێت: "لە سەرجەم بەرووبوومەکانی سەوزە و میوە و پاقلەمەنییەکان، لەکاتی پێگەیشتن زیاد لە پێویستیی بازاڕ بەرهەممان هەیە، بەڵام بەهۆی کەمیی کۆگا بۆ هەڵگرتن و نەبوونی خانووی شووشە بۆ چاندنیان لە تەواوی وەرزەکاندا، گرفتمان هەیە و ناتوانین تەنیا پشت بە بەرهەمی ناوخۆ ببەستین".

## گەنمی ئەمساڵ لەلای جووتیارانە

بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی ئەمساڵی گەنم نزیکەی 950 هەزار تۆن بووە، بەڵام جووتیارانی کوردستان بەهۆی دواکەوتنی پارەکانیان، تەنیا 329 هەزار تۆنیان بە سایلۆکان فرۆشتووە، ئەم بڕەش کەمترە لە پێویستی هەرێمی کوردستان، چونکە وەزارەتی بازرگانی بۆ دابینکردنی بەشە ئاردی هاووڵاتیان مانگانە پێویستی بە هاڕینی 56.5 هەزار تۆن گەنمە، تێکڕای پێداویستی ساڵانەش ئەگەر 11 مانگ دابەش بکرێت، دەکاتە زیاتر لە 621.5 تۆن گەنم.

د.عەبدولڕەزاق ناوەندەیی، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە (رووداو)ی گوت: "نزیکەی 950 هەزار تۆن گەنممان هەیە، تەنیا 329 هەزار تۆنی تەسلیمی سایلۆکانی کوردستان کراوە، 621 هەزار تۆنیش لای جووتیاران و بازرگانانە، گریمان لەو بڕە 200 هەزار تۆنی بە جووتیارانی عەرەب فرۆشرابێت، ئێمەش مۆڵەتی هاوردەکردنی زیاتر لەو بڕەمان بە بازرگانان داوە، جگە لەسایلۆکانی هەرێمی کوردستان بڕێک گەنممان لە سایلۆکانی مەخموور و خانەقینیش هەیە، بۆیە گرفتمان لە دابینکردنی بەشە ئاردی هاووڵاتیان نابێت".

## ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ تورکیا و ئێران

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو بازرگانانی هەرێمی کوردستان بە بەهای 13 ملیار و 192 ملیۆن و 473 هەزار دۆلار کاڵایان لە دەرەوە هێناوە.

هەر بەپێی ئامارەکەی وەزارەت 94%ی ئەو بازرگانییە لەگەڵ 15 وڵات چڕبووەتەوە، لە نێو ئەو وڵاتانەش پشکی شێر بەر ئێران و تورکیا دەکەوێت کە 49.7% بووە ( 37.28% لەگەڵ تورکیا و 12.5%یش لەگەڵ ئێران)، بۆیە لە ئەگەری داخستنی سنووردا لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە، ئەو دوو وڵاتە ساڵانە شەش ملیار و 556 ملیۆن دۆلار زیانیان بەردەکەوێ".

دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی تورکیا، شەوی 2017/9/22 حکومەتی تورکیا کۆبووەوە. بەکر بۆزداغ، گوتەبێژی حکومەتی تورکیا دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا گوتی: "گشتپرسی قبوڵ ناکرێ و ناشەرعییە. هەڕەشەیە بۆ سەر کۆماری تورکیا. گشتپرسییەکە کێشە و گرفت لە ناوچەکەدا زیاد دەکات و ناسەقامگیریی ناوچەکە زیاتر دەکات. هەروەها ئاشتەوایی تێکدەدات. چەند کێشەیەکی چاوەڕواننەکراو دروست دەکات. ئەو کەسانەی هەنگاوی بۆ دەنێن، سبەی تووشی چەندین کێشەی چاوەڕواننەکراو دەبن".

رۆژی دواتر بینالی یلدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا هەنگاوەکانی وڵاتەکەی دژی هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد و رایگەیاند کە چوار بژاردە لە دژی بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە باکووری عێراق دەگرنەبەر. سەرۆکوەزیرانی تورکیا گوتی: "لەڕووی دیپلۆماسی، سیاسی، ئەمنی و ئابوورییەوە وەڵامی بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە باکووری عێراق دەدەینەوە".

پێشتریش عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران رایگەیاند، ئەگەر هەرێمی کوردستان لە عێراق جیابێتەوە، پێداچوونەوە بە سەرجەم رێککەوتننامەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن. بەگوتەی شەمخانی، یەکێک لەو رێککەوتنانە لە بواری دەروازە سنوورییەکانە و ئەگەر هەرێمی کوردستان لە عێراق جیاببێتەوە، بەواتای داخستنی سەرجەم دەروازە و رێڕەوە سنوورییەکان دێت.

ئەو هەڕەشانەی شەمخانی لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان سێ دەروازەی فەرمی و چەند دەروازەیەکی نافەرمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. جگە لەو کاڵایانەی لە ئێرانەوە لە دەروازە فەرمییەکان دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان، چەندین کاڵاش لە هەرێمی کوردستانەوە بە قاچاخ و دەروازە نافەرمییەکاندا هەناردەی ئێران دەکرێن.

د.عەبدولڕەزاق ناوەندەیی بە دووری دەزانێ ئێران و تورکیا بە چەکی ئابووری سزای هەرێمی کوردستان بدەن. ئەو گوتی: "لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان پێشبینی ناکەم تورکیا و ئێران دەروازە سنوورییەکانیان بە رووی هەرێمی کوردستاندا دابخەن".

ئەی ئەگەر هەڕەشەکانیان بردە سەر؟ ئایا ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان ناکەوێتە مەترسییەوە، د.عەبدولڕەزاق دەڵێت: "نەخێر، چونکە لە ماوەی رابردوودا ئاسانکارییەکی زۆرمان بۆ بازرگانانی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ هاوردەکردنی کاڵا، بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بە ئەندازەیەک پڕبوون لە کاڵا، ئەگەر بۆ ماوەی ساڵێکیش سنوور دابخرێ پەکمان ناکەوێ".

د.عەبدولڕەزاق ناوەندەیی، نموونە بەزیادبوونی هاوردەکردنی کاڵا لە هەردوو مانگی حوزەیران و تەمووز دێنێتەوە و دەڵێت: "لە مانگی حوزەیراندا لەڕێی 201 مۆڵەتەوە، بازرگانان بەبەهای 441 ملیار و 680 ملیۆن دینار کاڵایان هاوردە کردووە، بەڵام بەهۆی ئاسانکارییەکانی ئێمە ژمارەی مۆڵەتەکان لە مانگی تەمووزدا بۆ 323 مۆڵەت بەرزبووەتەوە و لەو مانگەشدا بازرگانان بە بەهای 515 ملیار و 868 ملیۆن دینار کاڵایان هاوردە کردووە".

د.عەبدولڕەزاق گوتیشی "هەموو ئامادەکارییەکمان کردووە، لە ئەگەری داخستنی سنورەکان رێگە نادەین هیچ پێشەنگا و بازرگانێک بازاڕ قۆرخ بکات و نرخ بەرزبکاتەوە، هەر کەسێکیش ئەو کارە بکات، لەڕێگەی لێژنەکانی چاودێریی بازرگانی، رووبەڕووی توندترین سزا دەبێتەوە".

## مەترسیی بەدخۆراکی

بەپێی رووپێوییەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کە لە مانگی ئایاری ساڵی رابردوو بە هاوکاریی رێکخراوی WHP و دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق و هەردوو وەزارەتی تەندروستی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی رەوشی ئاسایشی خۆراکی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کراوە، بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی و پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران 59.4%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان وەک پێویست توانای دابینکردنی خۆراکی رۆژانەیان نییە، 2.1%ی دانیشتووانیش پارێزراو نین لەڕووی دابینکردنی ئاسایشی خۆراکەوە.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.لوقمان عوسمان، پسپۆڕ لە گەشەپێدانی ئابووری و بانک لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت: "بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ رەنگە لە ئەگەری داخرانی سنوورەکاندا، هەرێمی کوردستان لە بەرهەمەکانی گەنم و پەتاتە و پیاز و تا رادیەک لە بەرهەمەکانی هێلکە و گۆشتی مریشک و هەندێ بەرهەم تووشی گرفت نەبێ، بەڵام لەو بەرهەمە خۆراکییەکانی وەک برنج و زەیت و چەندین بەرهەمی دیکە کە پێویستی رۆژانەی خەڵکە، کێشەی بۆ دروست ببێ".

بەبۆچوونی د.لوقمان، ئەوەی قەیرانەکە قووڵتر دەکاتەوە، گیرفان بەتاڵیی خەڵکە، بە تایبەتی مووچەخۆران. د.لوقمان دەڵێت "زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان مووچەخۆرن، بەهۆی قەیرانی دارایی و پاشەکەوتی مووچەش لە سێ ساڵی رابردوودا، زۆربەیان ئەو پارەیەی پێشتر پاشەکەوتیان کردبوو خەرجیان کردووە، بۆیە داخرانی سنوورەکان بەڕووی هەرێمی کوردستان، کەمبوونی بەروبوومە خۆراکییەکان و بەرزبوونەوەی نرخیان، بارێکی ئێجگار قورس دەبێت لەسەر شانی خەڵک".

ئەو شارەزایەی ئابووری دەڵێت ئەگەر بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەروازەیەک بۆ هاوردەکردنی کاڵا خۆراکییەکان نەدۆزنەوە "ئەگەری ئەوە هەیە ئەو خێزانانەی کە داهاتیان سنووردار و جێگیرە لەدوای بەرزبوونەوەی نرخ، یان دەبێت بڕی خۆراکی ژەمەکان کەم بکەنەوە یان کواڵیتی خۆراک دابەزێنن، لە هەردوو بارەکەشدا لە داهاتوودا تووشی بەدخۆراکی دەبن".

بەگوتەی د.لوقمان، ئەگەر تورکیا و ئێران و عێراق بەرژەوەندیی سیاسی پێش بەرژەوەندی ئابووری بخەن، سنوورەکانیان بەڕووی هەرێمی کوردستاندا دادەخەن، بەڵام ئەگەرێکی وا بەدوور دەزانرێ.

## دەروازەی دیکە بۆ هاوردەکردنی کاڵا

یەکێتی هاوردە و هەناردەکارانی هەرێمی کوردستان هیچ مەترسییەک لەسەر داخستنی سنوورەکان بەڕووی هەرێمی کوردستاندا نابینێ، سەرۆکی یەکێتییەکە دەڵێت ئەگەر تورکیا و ئێرانیش سنوور دابخەن، دەروازەی دیکەیان هەیە بۆ هاوردەکردنی کاڵا.

شێخ مستەفا شێخ عەبدولڕەحمان، سەرۆکی گشتیی یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "لەو بڕوایەدا نیم هیچ کات وڵاتانی تورکیا و ئێران بیر لە داخستنی سنوورەکانیان بەڕووی هەرێمی کوردستاندا بکەنەوە، چونکە هەردوو وڵات بەرژەوەندییەکی زۆریان لە هەناردەکردنی کاڵا هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، باشیش ئەو راستییە دەزانن ئەگەر سنوورەکان دابخەن، ئەو بازرگانانەی کاڵا لەو دوو وڵاتە هاوردە دەکەن، روو لە وڵاتی دیکە دەکەن بۆ هاوردەکردن، بەمەش گەورەترین زیانی ئابوورییان پێدەگات، چونکە ئێران ساڵانە بە بەهای نزیکەی 5 ملیار دۆلار و توکیاش بە بەهای 10 ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە".

بەپێی ئاماری یەکێتییەکە، تەنیا کارگەکانی تورکیا 1800 ئۆفیسیان لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە و زۆربەی کۆمپانیاکانی ئێرانیش گرێبەستی ساڵانەیان لەگەڵ بازرگانانی کوردستاندا هەیە، بۆیە شێخ مستەفا دەڵێت "باوەڕ ناکەم تورکیا و ئێران بیر لە داخستنی سنوور بکەنەوە".

هەرچەندە شێخ مستەفا دڵنیایی دەداتە هاووڵاتیان کە سنوور داناخرێ و کاڵا گران نابێ، بەڵام دەڵێت ئەگەر ئەوەش روویدا، بیریان لە دەروازەی دیکە کردووەتەوە. شێخ مستەفا گوتی "هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە، هیچ مەترسییەکی گرانبوونی نرخی کاڵا لەئارادا نییە، چونکە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان پڕن لە کاڵا. ئەگەر سنووری ئێران و تورکیاش دابخرێ، ئێمە دەروازەی دیکەمان هەیە، بۆ نموونە دەتوانین لەڕێگەی بەندەری بەسرا کاڵا هاوردە بکەین و لە رێگەی مووسڵ و کەرکووک و دیالە بیگەیەنینە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەتوانین لەڕێگەی سووریا لە هێڵی رۆژئاوای کوردستانەوە کاڵا هاوردە بکەین".



هەرێمی کوردستان لە گەنم، پەتاتە، پیاز و هێلکە گەیشتووەتە ئاستی خۆژیاندن (فۆتۆ: رووداو)

> بازرگانان لە حوزەیران و تەمووزدا بایی یەک تریلیۆن دینار کاڵایان هاوردە کردووە
>
> وەزارەتی بازرگانی

> بەشە ئاردی هاووڵاتیان هیچ گرفتێکی بۆ دروست نابێ

> ئەگەر تورکیا و ئێران سنوور دابخەن، هەندێک خێزان تووشی بەدخۆراکی دەبن
>
> پسپۆڕێکی ئابووری

> بەدیلی دەروازەکانی تورکیا و ئێرانمان هەیە
>
> سەرۆکی یەکێتی هاوردە و هەناردەکاران

## کوردستان ساڵانە چەندی پێویستە و چەندی هەیە؟

137 هەزار تۆن گۆشتی مریشکی پێویستە، 100 هەزار تۆنی هەیە

6000 تۆن ماسی پێویستە، 4700 تۆنی هەیە

188 هەزار تۆن تەماتەی پێویستە، 86 هەزار تۆنی هەیە

61 هەزار تۆن پیازی پێویستە، 58 هەزار تۆنی هەیە

145 هەزار تۆن سێوی پێویستە، 4000 تۆنی هەیە.

82 هەزار تۆن گۆشتی سووری پێویستە، 41 هەزار تۆنی هەیە

69 هەزار تۆن نیسک و نۆکی پێویستە، 12 هەزار تۆنی هەیە

71 هەزار تۆن باینجانی پێویستە، 42 هەزار تۆنی هەیە

32 هەزار تۆن کولەکەی پێویستە، 20 هەزار تۆنی هەیە

20 هەزار تۆن ترێی پێویستە 15 هەزار تۆنی هەیە.

36 هەزار تۆن هەناری پێویستە، 20 هەزار تۆنی هەیە

472 هەزار لیتر شیری پێویستە، 260 هەزار لیتری هەیە

207 هەزار تۆن برنجی پێویستە، تەنیا 6000 تۆنی هەیە

94 هەزار تۆن خەیاری پێویستە، 56 هەزار تۆنی هەیە

308 تۆن سەوزەکانی دیکەی پێویستە، 126 هەزار تۆنی هەیە

23 هەزار تۆن خۆخی پێویستە، 4000 تۆنی هەیە.

185 هەزار تۆن میوەکانی دیکەی پێویستە، 10 هەزار تۆنی هەیە.





## داخستنی سنوور زیانی 150 ملیۆن دۆلار لە بازرگانانی ئامەد دەدات

**ڕووداو- ئامەد**

محەممەد کریچ، کارسازێکی ئامەدی باکووری کوردستانە کە ڕۆژانە ئامێری ئەلیکترۆنی بۆ باشووری کوردستان دەنێرێت و ساڵانە بە بەهای چوار ملیۆن دۆلار کەرەستە دەنێرێتە باشووری کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر دەروازەی ئیبراهیم خەلیل دابخرێ، ساڵانە کارسازانی ئامادە 150 ملیۆن دۆلار زەرەر دەکەن". ئەو کارسازە جەخت دەکاتەوە لەوەی "ئەگەر دەروازەکە دابخرێت، هەموو ئامێرەکانمان لەلا دەمێننەوە، ناتوانین لە بازاڕیشدا بیانفرۆشین، ئەوکاتەش بێکار دەمێنینەوە، 65 کەس لە کارگەیەک بەیەکەوە کاردەکەین و نان دەخۆین. ئەگەر ئێمە بێکاربین، ئەوانیش بێکار دەبن".

## لە هەڵەبجە چاندوویەتی

# جووتیارێک جێگرەوەی گەنم و پەتاتە دەدۆزێتەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

جووتیارێکی شارەدێی سیروانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە، جۆرە ڕووەکێکی ناوچە کەمەرییەکانی بەناوی یام هێناوەتە کوردستان. بە گوتەی ئەو جووتیارە، بەری ڕووەکەکە هاوشێوەی پەتاتە بە کوڵاوی و بە سوورەوەکراوی دەخورێت، هەروەها دەتوانرێ وشک بکرێتەوە و بکرێتە ئارد.

یام (yam) ڕووەکێکی ناوچە کەمەرییەکانە لە خێزانی (Dioscoreaceae) و بەیەکێک لە ڕووەکە تەمەندرێژە بەردەوامەکان دەناسرێت، قەدی ئەم ڕووەکە هاوشێوەی پەتاتە خۆراک لەژێر خاک کۆدەکاتەوە، بەیەکێ لە بەرهەمە خۆراکییە کشتوکاڵییە سەرەکییەکانی زۆربەی وڵاتانی کەمەرەیی دادەنرێت.

ئەم ڕووەکە زیاتر لە 600 جۆری هەیە،

> **بەهای خۆراکیی یام لە پەتاتە زیاترە**
> مامۆستایەکی زانکۆ

95%ی جۆرەکانی لە وڵاتانی هێڵی کەمەریی کیشوەری ئەفەریقا دەروێندرێت، بەشێوەیەکی گشتی لە ناوچە کەمەرەییەکانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین دەچێنرێ. لە وڵاتانی وەک نیجیریا، گانا، بنین، تۆگۆ، کامیرۆن، کۆماری ئەفەریقای ناوەڕاست، چاد، ساحلی عاج و کۆلۆمبیا گرنگیی تایبەت بەچاندنی دەدرێت. بەهەمانشێوە لە ڕۆژئاوای هیندوستان و هەندێ وڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمەریکای باشوور دەچێنرێ.

ئەم ڕووەکە بەپێی جۆرەکانی ماوەی پێگەیشتنی دەگۆڕێت، کەمترین ماوەی بۆ پێگەیشتنی جۆرێکە پێیدەگوترێ (potatoes yam) کە 90 تاوەکو 120 ڕۆژە، لەم ماوەیەش دووجار بەرهەمی لێوەردەگیرێت کە لە هەر دۆنمێکیش 5 تاوەکو 7 تۆن بەرهەم دەدات، جۆریشی هەیە ماوەی پێگەیشتنی دەگاتە 300 ڕۆژ.

ئازاد محەممەد، جووتیارێکی نموونەیی شارەدێی سیروانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە و دەڵێت "ئامانجی من لە چاندنی ئەم ڕووەکە ئەوەیە لە ئەگەری وشکەساڵی و هەر ئافاتێکدا کە بەرهەمی گەنم باش نەبێت، ئەم یامە شوێنی بگرێتەوە".

ئەو جووتیارە پێشتر تاقیکرنەوەی لەسەر چەندین بەرهەمی تازە کردووە و تێیدا سەرکەوتوو بووە، بە ئەزموون و تێڕوانینی خۆیشی ڕووەکی یامی چاندووە. ئازاد محەممەد، گوتی "دوای ئەوەی دوو سەلک ڕووەکی یامم لە بەریتانیاوە بەدەست گەیشت، پێستی یامەکان کەمێک وشک بووبوو، بۆ زیندووکردنەوەی، ماوەی هەفتەیەک لەنێو خاولییەکی تەڕ لەبەردەم فێنککەرەوەیەک دامنا. بۆ ئەوەی زووش ڕەگ بکات، بۆ ماوەیەک لەنێو پەینی ئاژەڵی تێکەڵ بەخۆڵەمێش دامنا، دواتر وەک پەتاتە قاش قاشم کرد و کردم بە 26 پارچە و لەنێو خانووی پلاستکی چاندم، خۆشبەختانە هەر زوو ڕەگی کرد و دەستی بە گەشە کرد".

ئەم ڕووەکە، بۆ گەشەکردن پێویستی بە پلەی گەرمی و ڕادەی شێی بەرز هەیە. ئازاد محەممەد بۆ ئەوەی ڕووەکەکە لەدەست نەدا، لەژێر خانووی پلاستیکی چاندوویەتی، بەڵام لە داهاتوودا بەنیازە لە شوێنی کراوەدا بیچێنێ. ئازاد گوتی: "لە ناوچە گەرمەکانی هەرێمی کوردستان کە خاکەکەیان لماوییە و ڕادەی شێ تێیدا بەرزە، دەکرێت ئەم ڕووەکە بچێنرێت، چونکە ڕەگی ئەم ڕووەکە بە ناخی زەویدا دەچێتە خوارەوە، بۆیە پێویستی بە خاکێکی لماوی هەیە و بۆ گەشەش پێویستی بەپلەی گەرمی و ڕاددەی شێی زۆر هەیە".

ڕووەکی یام بەگوێرەی جۆرەکانی، قەبارەی قەدەکەی کە خۆراکی تێدا کۆدەکاتەوە دەگۆڕێ، بەشێوەیەکی گشتی کێشی قەدەکان لەنێوان 5 تاوەکو 25 کیلۆدایە، هەندێجاریش دەگاتە 45 کیلۆ.

ئازاد محەممەد گوتی: "ئەو دوو جۆرەی بەدەستی من گەیشتووە، بەرهەمی نایجیریان و کێشیان 5 تاوەکو 7 کیلۆ دەبێ، جۆرێکیان هاوشێوەی پەتاتەی شیرینە و دەکرێت بەکوڵاوی و سوورەوەکراوی بخورێ، جۆرەکەی دیکەشیان دوای وشککردنەوە و هاڕینی دەکرێت بە ئارد".

د.سەوسەن محەممەد سەعید، پسپۆڕ لە فسیۆلۆجیای ڕووەک، لە بەشی ڕەزگەریی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت: "چاندنی ڕووەکی یام پێویستی بە کەشوهەوایەکی گەرم و خاکێکی لمینی شێدار و ئاوی زۆر هەیە، ئەم تایبەتمەندییانەش لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە بە بۆچوونی من دەکرێت ئەم جۆرانەی ماوەی پێگەیشتنیان لەنێوان 90 تاوەکو 120 ڕۆژدایە لە هەرێمی کوردستان بچێندرێن".

هەرچەندە ئەم ڕووەکە پێشتر لە هەرێمی کوردستان نەچێنراوە و توێژینەوەی لەسەر نەکراوە، بەڵام بەتێڕوانینی د.سەوسەن، دەکرێت لە کۆتایی مانگی نیسان یان سەرەتای مانگی ئایار بچێندرێ.

د.سەوسەن محەممەد گوتی: "ئەم ڕووەکە توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی ناوچەکان هەیە، دوای چەند ساڵێک چاندنی لە کوردستان لەوانەیە بەرهەمێکمان پێبدات باشتر بێت لە ساڵی یەکەم یان شوێنی بنەڕەتییەکەی، لەوانەشە پێچەوانەکەی ڕاست بێت. بەهۆی کاریگەریی ئاو و خاک و کەشوهەواش لەوانەیە شێوەی گەڵا و قەد و بەرهەمەکەی بگۆڕێت، ئەوکات دەکرێت ناوی لێ بنێین یامی کوردستان".

ئەم ڕووەکە دەتوانرێت بەتۆ و قەڵەم و قاشکردنی قەدەکەی بچێندرێت، باشترین جۆریش بۆ چاندنی بەرهەم قاش قاشکردنی قەددە خۆراکییەکەیەتی.

د.سەوسەن دەڵێت: "ئەم ڕووەکە بۆ زیادکردنی جۆرەکانی بە تۆو دەچێندرێ، بەڵام بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی بازرگانی زیاتر بەقەد دەچێندرێت، دوای ئەوەی قاش قاش دەکرێت، دەبێت ماوەیەک بهێڵدرێتەوە و قەدەکە قەتماغەیەک دروست بکات، ئینجا بچێندرێت و پێویستە هەر قاشێکیش دوو

> **یام دەتوانێ شوێنی گەنممان بۆ بگرێتەوە**
> ئازاد محەممەد


گۆپکە یان زیاتری پێوەبێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ڕووەکە پێچەوانەی پەتاتە دەکرێت پێش پێگەیشتنی، بەقەدی سەرەوەشی بچێندرێ".

ئەم ڕووەکە بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، لە هەر 100 گرامێک 27.88 گرام کاربۆهیدرات، 4.1 گرام ریشاڵ، 0.17 گرام چەوری، 0.4 گرام شەکر، 1.53 گرام پرۆتین، بەڕێژەی جیاواز ڤیتامینەکانی (A،B ،C،E،K)ی تێدایە. هەروەها دەوڵەمەندە بە کانزاکانی وەک کالیسیۆم، مەگنیسیۆم، ئاسن، فسفۆر، پۆتاسیۆم، مەنگەنیز، زینک. بەهەمانشێوە بەشێک لەترشەکان و بیتا کارۆتینی تێدایە، کۆلسترۆڵ لەم ڕووەکەدا نییە".

د.سەوسەن دەڵێت: "ئەم ڕووەکە بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، دەتوانین بڵێین زیاتر لە پەتاتە ماددە خۆراکییە بە سوودەکانی تێدایە، لەنێویشیاندا ماددەکانی فینۆل و دژە ئۆکسانەکانی تێدایە، کە زۆر گرنگن بۆ ڕاگرتنی گەشەی نەخۆشیی شێرپەنجە".

ئازوز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "ئێمە بۆ جۆراوجۆریی بەرهەم پشتگیری لە چاندنی هەر بەرهەمێکی تازە دەکەین، بەمەرجێک لەگەڵ کەشوهەوای هەرێمی کوردستان بگونجێ و ئابووریانە بێ".

ئازوز ئەحمەد هەروەها گوتی: "کەشوهەوا و خاک و ئاوی هەرێمی کوردستان گونجاوە بۆ زۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بەڵام هەر بەرهەمێکی تازە کە دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی وەرزی چاندن و سوودە ئابوورییەکانی دیاری بکرێت، پێویستی بە توێژینەوەیە، ئەم ڕووەکەش تا لە توێژینەوەی کشتوکاڵی پارێزگاکان توێژینەوەی لەسەر نەکەین، ڕێنمایی جووتیاران ناکەین بیچێنن".



یام 600 جۆری هەیە و زۆرتر لە ئەفریقا دەچێنرێ

## 97%ی ئەو برنجەی لە کوردستان بەکاردێ، هاوردەیە

# جووتیارێکی کورد ڕێگایەکی نوێ بۆ چاندنی برنج تاقیدەکاتەوە

> **لێژنەیەکی پسپۆڕ لێکۆڵینەوە لە تاقیکردنەوەکانی ئەو جووتیارە دەکەن**
> بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، جووتیارێکی کورد بەئەزموون و شارەزایی خۆی ڕێگایەکی نوێ بۆ چاندنی برنج بەکاردێنێ و لەژێر خانووی پلاستیکیدا بە سیستەمی دڵۆپاندن دەیچێنێ، بەڵام بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سلێمانی دەڵێت چاندنی برنج بەو ڕێگەیە سەرکەوتوو نابێ.

ئازاد محەممەد، جووتیارێکی نموونەیی شارەدێی سیروانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە، نزیکەی 25 ساڵە بە کشتوکاڵەوە خەریکە، ساڵانە سەتان تۆن سەوزە و میوەی جیاوازی ئۆرگانیک لە زەوییەکەی بەرهەمدێنێ و دەیخاتە بازاڕەکانی کوردستانەوە.

ئەم جووتیارە نموونەییە پێشتر بە ئەزموونی خۆی توانی دەرمانێکی خۆماڵی بۆ لەناوبردنی گیا و مێرووە زیانبەخشەکانی باخەکەی بدۆزێتەوە و بەتێکەڵکردنی خۆڵەمێش و پاشماوەی ئاژەڵیش بەرهەمی باخەکەی زیاد بکات، لەدوایین داهێنانیشدا توانیویەتی لەژێر خانووی پلاستیکیدا برنج بچێنێ، بەڵام بە تێچوویەکی زۆر کەم لە ئاو.

ئازاد محەممەد دەڵێت: "ئامانجم لەو تاقیکردنەوەیە ئەوەیە بەڕێگەی سیستەمی دڵۆپاندن بەکەمترین ئاو، بەرهەمی برنج زیاد بکەم و جارێکی دیکە گەشە بە بەرهەمی برنج بدەمەوە، چونکە دڵنیام لەداهاتوودا ئێران و تورکیا بۆ ئەوەی پاشەکشێ بە کشتوکاڵمان بکەن و ژێرخانی ئابووریمان لاواز بکەن، شەڕی ئاومان لەگەڵ دەکەن".

برنج، بەهایەکی بەرزی خۆراکی هەیە، بە یەکێک لە ناسراوترین و بەرفراوانترین ئەو بەرهەمە خۆراکییە کشتوکاڵیانە دادەنرێت کە لەزۆربەی وڵاتانی جیهان وەک خۆراکێکی ستراتیژی چاوی لێدەکرێ و گرنگی تایبەت بە چاندنی دەدرێت، بەم هۆیەشەوە لەڕووی چاندنەوە لەدوای گەنم پلەی دووەمی وەرگرتووە. لە ڕووی بڕی بەرهەمیشەوە لە دانەوێڵەکاندا لەسەر ئاستی جیهان لەپلەی سێیەمدایە.

بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان گونجاوە بۆ چاندنی برنج ، بەڵام ئەو خۆراکە ستراتیژییە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە وەک پێویست گرنگی پێنەدراوە، پێشتر ئەم بەرهەمە لە کەنار ڕووبار و ئاوەڕۆی 700 کارێز لەناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەچێندرا، چونکە برنج پێویستی بە ئاوێکی زۆرە، بەڵام بەهۆی وشکەساڵی و دابەزینی ئاستی ئاو و زۆربوونی برنجی هاوردە، جووتیارانی کوردستان ئێستا کەمتر ڕوو لە چاندنی برنج دەکەن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی ساڵی ڕابردووی برنج بەراورد بە بەرهەمی سێ ساڵی پێشتر بە ڕێژەی 28% کەمی کردووە، تێکڕای بەرهەمی ساڵانەش لە 6 هەزار تۆن تێپەڕ ناکات، ئەم بڕەش نزیکەی 3%ی پێویستی ساڵانەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێکدێنێ کە زیاتر لە 200 هەزار تۆنە، واتە 97%ی ئەو برنجەی لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێ، هاوردەیە.

ئازاد، بۆ تاقیکردنەوەکەی سێ جۆر برنجی هەڵبژاردووە کە بریتین لە برنجی مەولەوی، سۆرگوڵ و عەنبەر کە ئەوەی دواییان زیاتر لە باشووری عێراق دەچێنرێ. هەر سێ جۆرەکەش لەژێر خانووی پلاستیکی لە سێ گۆلی جیاوازدا بە ڕووبەری 12 مەتر چاندووە، هەموو ئێوارەیەکیش بەفێنکی جارێک بەسیستەمی دڵۆپاندن ئاوی تێکەڵ بەپێکهاتەی ئاژەڵی پێدەدات و تائێستاش سێ جار پاچەکۆڵەی بۆ کردوون.

ئازاد دەڵێت "ئێستا هەردوو جۆر برنجە کوردییەکە گوڵیان کردووە، هەر بنجێکی 48 گوڵی کردووە و هەر گوڵێکی 11 دەنکە، برنجی زۆر قەڵەوی تێدایە کە بەهۆیانەوە گوڵەکان شۆڕبوونەتەوە. برنجە عەنبەرەکەش زیاتر لە مەترێک باڵای کردووە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغی گوڵکردن چونکە لە پایزێکی درەنگ گوڵ دەکات".

بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، زۆربەی ئەو برنجانەی لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەچێندرێن، سەرەڕای پێدانی ئاوێکی زۆر، بەڵام بەهۆی کاریگەریی گڕی گەرماوە، زۆرجار قەدەکانیان زەرد هەڵدەگەڕێ، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەرهەمیان دەبێت. ئازاد دەڵێت: "ئەگەر ڕێگەیەکی تازە بۆ چاندنی برنج نەدۆزینەوە، لەداهاتوودا چاندن و بەرهەمی برنج لە هەرێمی کوردستان بەتەواوی نامێنێ".

بەبڕوای ئازاد محەممەد، دەکرێت بەسوودوەرگرتن لە سیستەمی ئاودان بەدڵۆپاندن و چاندنی گوڵەبەڕۆژە لەنێوان گوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی تیشکی خۆر بەکەمترین ئاو لەسەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەڕووبەری فراوان برنج بچێندرێت. ئازاد دەڵێت: "ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ پاڵپشتی لەم بیرۆکەیە بکات، ئامادەم ئەم شێوازە چاندنە ئاشنای هەر جووتیارێک بکەم کە بیەوێت برنج لە زەوییەکەی بچێنێ". گوتیشی: "سوودی ئەم شێوازە چاندنە لەوەدایە بەکەمترین ئاو و خاک دەتوانین زۆرترین بەرهەم لەیەکەی ڕووبەر بەدەستبهێنین".

چاندنی برنج بەگوێرەی جۆرەکانی پێویستی بەئاوی زۆر و پلەی گەرمیی تایبەت هەیە، بۆیە ئەم بەرهەمە زیاتر لەناوچە گەرم و نیمچە گەرمەکانی نێوان هێڵی پانی 45ی باکوور و 40ی باشووری گۆی زەوی دەچێنرێت، لەڕووی چاندن و بەرهەمیشەوە وڵاتانی چین، ژاپۆن، هیندوستان، پاکستان، ئیندۆنیزیا لەپێشەوەی وڵاتانی بەرهەمهێنی برنجن لە جیهاندا.

زانا محەممەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی، دەڵێت "برنج یەکێکە لەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی پێوستی بە ئۆکسجینی تەواو و تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر هەیە، بۆیە چاندنی لەژێر خانووی پلاستیکی و بەدڵۆپاندن سەرکەوتوو نابێت".

زانا محەممەد تێبینییەکی دیکەشی لەسەر چاندنی برنج لەژێر خانووی پلاستیکی هەیە و دەڵێت "برنج بەروبوومێکی کێڵگەییە، لە زۆربەی وڵاتان لە کێڵگەی فراواندا دەچێنرێت، بۆیە چاندنی بە ڕووبەری بچووک و لەژێر خانووی پلاستکی زۆر ئابووری نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت توێژینەوە لەسەر بیرۆکەی ئەو جووتیارە بکرێت".

> **چاندنی برنج لە ژێر خانووی پلاستیکیدا سەرکەوتوو نابێ**
> بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سلێمانی



ئازاد سێ جۆر برنجی بە سیستەمی دڵۆپاندن لەژێر خانووی پلاستیکیدا چاندووە

### کشتوکاڵ لە برنجەکەی ئازاد دەکۆڵێتەوە

لەسەر بڕیاری وەزیری کشتوکاڵ لێژنەیەکی باڵا لە پسپۆڕانی توێژینەوە کشتوکاڵییەکان لە تاقیکردنەوەکانی ئەو جووتیارە دەکۆڵنەوە. ستار مەحمود ساڵح، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەڵەبجە، دەڵێت "ئەگەر بۆ لێژنە باڵاکە دەرکەوت کارەکانی ئەم جووتیارە زانستین و سوودی ئابوورییان زۆرە، وەزارەتی کشتوکاڵ ئەم جووتیارە وەک جووتیارێکی نموونەیی دەناسێنێ و پاڵپشتییەکی کراوەی بۆ دابین دەکات، بەڵام ئەگەر کارەکەی هەڕەمەکی بوو، هەوڵی لەگەڵ دەدەین کار و چالاکییەکانی بخاتە چوارچێوەیەکی زانستی، بۆ ئەوەی وزە و تواناکانی بەفیڕۆ نەچن، چونکە ئەو جووتیارێکی چالاکە و حەزی لە داهێنانە".

# ڕۆسنێفت دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان بەهێز دەکات

رووداو- هەولێر

هەفتەیەک پێش بەڕێوەچوونی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان، کۆمپانیای حکومیی ڕۆسنێفتی رووسی رایگەیاند، لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گەیشتوونەتە دوایین قۆناغەکانی دانوستاندن سەبارەت بە راکێشانی بۆڕییەکی گازی سروشتی کە لە کوردستانەوە بۆ تورکیا درێژ دەبێتەوە و یەک ملیار دۆلاری تێدەچێت. ئەو بۆڕییە نوێیە رێگایەکی نوێ بۆ گواستنەوەی گازی سروشتیی کوردستان بۆ تورکیا دەکاتەوە، هاوکاتیش کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر سیاسەتی ناوچەیی هەرێمی کوردستان، تورکیا و رووسیا دادەنێ.

## هێزی سیاسیی بۆڕییەکە

هەرێمی کوردستان هیچ سنوورێکی دەریایی نییە، بۆیەش ناچارە بۆ هەناردەکردنی گاز و نەوت پشت بە وڵاتانی دراوسێ ببەستێ. وەک ناوەندی ستراتفۆر دەڵێت، ئەمە خاڵی لاوازی هەرێمی کوردستانە. بەشێکی بۆڕیی نەوتی کەرکووک-جەیهانی تورکیا بەو ناوچانەدا دەڕوات کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندین، ئەمەش دەسەڵات و نفوزێکی زۆری بە حکومەتی ناوەندی داوە کە لە کاتی تەنگانە و بۆ وەرگرتنی خاڵ لە هەولێر، دەشێت سوودی لێوەربگرێ.

دانوستاندنەکانی وزەی نێوان بەغدا و هەولێر لە 2014 بایەخێکی ئەوتۆیان نەما، ئەمەش دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا رێککەوتنێکی 50 ساڵەی هەناردەکردنی نەوتیان واژۆ کرد. ئەم رێککەوتنە رێگە بە تورکیا و هەرێمی کوردستان دەدات بۆڕیی نەوتی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن. (ستراتفۆر)ی ئەمریکی پێیوایە بەو رێککەوتنە "حکومەتی هەرێمی کوردستان وابەستەبوون بە عێراقی گۆڕییەوە بە وابەستەبوون بە تورکیا".

ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە "هەرچەندە ئەنقەرە بەراورد بە بەغدا داواکاری لە هەولێر کەمترە، بەم حاڵەشەوە دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر کەرتی وزە، هەناردەکردن و داهاتی نەوتی هەولێرەوە هەیە، چونکە مامەڵەکانی وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی هاڵک بانکی تورکییەوە دەکرێن". جیا لە هەموو ئەمانە، تورکیا دەتوانێت بۆڕییەکان لە هەرێمی کوردستان بگرێتەوە "بەبێ ئەوەی کێشە بۆ ئاسایشی وزەی وڵاتەکەی دروست ببێت، چونکە تورکیا تەنیا بەشێکی کەم لەو نەوتەی کوردستان بەکاردەهێنێ کە بەنێو خاکەکەیدا دەگوازرێتەوە".

هەتا ئێستا تورکیا، بە پێچەوانەی عێراق، ئەو کارتەی لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارنەهێناوە، بەڵام ناوەندە ئەمریکییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "هەولێر زۆر بە باشی ئاگاداری ئەو ریسکەیە"، چونکە پشتگیریی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بێ کێشە بووە، بەڵام بەهۆی گشتپرسیی 25ەی ئەیلولی هەرێمی کوردستان "ئەو پشتگیرییەش دەکرێ گۆڕانی بەسەردا بێت".

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، رۆژی 22ی ئەیلول لەگەڵ کابینەی حکومەت و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا کاردانەوەی وڵاتەکەی بەرامبەر بە گشپرسییەکەی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرد. یەکێک لە ئەگەرەکانی ئەو کاردانەوەیە دەشێت گرتنەوەی رێگەی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان بێت، بە گوێرەی (ستراتفۆر) ئەم نیگەرانییە وای لە هەولێر کردووە "بە دوای رێگایەکی دیکە بۆ گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزەی کوردستاندا بگەڕێت".

بینالی یەڵدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا دوای کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیا، بە سێ رۆژ پێش ئەنجامدانی گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند کە چوار بژارەیان لەبەردەستە بۆ سزادانی هەرێمی کوردستان، ئەوانیش ئابووری، سیاسی، دیبلۆماسی و ئەمنین.



بڕیارە ڕۆسنێفت ساڵانە 30 ملیار مەتر سێجا نەوتی کوردستان بگوازێتەوە بۆ ئەورووپا

> گرێبەستەکەی ڕۆسنێفت ڕەفتاری زلهێزەکانی ناوچەکە دەگۆڕێ
>
> ستراتفۆر

## رووسیا دێتە پێشەوە

بە گوێرەی راپۆرتەکەی ناوەندی (ستراتفۆر)، ئەو بۆڕییە گازەی ڕۆسنێفت بەنیازە وەبەرهێنانی تێدا بکات، ئەم ئامانجە بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات. وەکوو لە پلانی کۆمپانیاکەدا هاتووە، ئەو بۆڕییە ساڵانە 30 ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی دەگوازێتەوە، ئەمەش زیاتر لە 60%ی ئەو گازەیە کە ساڵی رابردوو تورکیا هاوردەی کردبوو. بەگوێرەی راپۆرتێکی (رۆیتەرز)، ئەو بڕە گازەی هەولێر و کۆمپانیا رووسییەکە لەسەر هەناردەکردنی رێکەوتوون 6%ی داخوازیی ئەورووپا و یەک لەسەر شەشی هەناردەی ساڵانەی رووسیایە.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی نزیک لە دانوستاندنەکە، ڕۆسنێفت لە ساڵی 2019 دەست بەدروستکردنی بۆڕیی گاز بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی کوردستان دەکات، چاوەڕێش دەکرێت لە 2020 دەست بە هەناردەکردنی گازەکە بکات.

بەرپرسانی ڕۆسنێفت بە ئاژانسە بەریتانییەکەیان راگەیاندووە کە کۆمپانیاکەیان بە نیازە یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات بۆ ئەوەی تاوەکو کۆتایی ئەم دەیەیە بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستانیش بەرز بکەنەوە کە ئێستا لە نێوان 500 بۆ 650 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدایە، بۆ ئەوەش بڕیارە ڕۆسنێفت دوای لێکۆڵینەوە لە ژێرخانی نەوتی کوردستان، دەست بە فراوانکردنی ژێرخانەکە بکات.

هەڵبەت هەموو ئەو گازە لە تورکیا ناگیرسێتەوە، بەڵکو بەشێکی بۆ بازاڕەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەورووپا دەڕوات، بەم حاڵەشەوە (ستراتفۆر) پێیوایە "ئەو بۆڕییە بەکارهێنانی گازی سروشتی کوردستان لە تورکیا زیاتر دەکات، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە ئەنقەرە بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا دەگەڕێت تاوەکوو هێندە چاوی لەدەستی کەرتی گازی سروشتیی ئێران و رووسیا نەبێت".

ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات "تورکیا هەرچەندی گازی زیاتر لە کوردستانی عێراقەوە هاوردە بکات، نفوز و دەسەڵاتی ئەنقەرە بەسەر هەولێردا کەمتر دەبێتەوە".

> توركیا چەندە گازی زیاتر لە كوردستان هاوردە بكات، دەسەڵاتی بەسەریدا كەمتر دەبێتەوە
>
> ستراتفۆر

رێککەوتنەکەی نێوان کوردستان و ڕۆسنێفت لە کاتێکدایە کە ئەو کۆمپانیایە ململانێیەکی سەختی لەگەڵ کۆمپانیا رکابەرەکەی خۆی، واتە گازپرۆم، هەیە، بەشێک لەم ململانێیە لەسەر فراوانکردنی جومگەکانی چالاکیی ڕۆسنێفتە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان. بۆیە "بەو پلانەی ڕۆسنێفت بۆ هەناردەکردنی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا و باکووری رۆژهەڵاتی ئەورووپا، کۆمپانیا رووسیەکە چاوی بڕیوەتە دوو لە گرنگترین بازاڕەکانی گازپرۆم".

بەڵام رێککەوتننامەی بۆڕییە گازییەکەی ڕۆسنێفت و کوردستان یەکەم هەنگاوی کۆمپانیا زەبەلاحەکە نییە لە کوردستان. هەر ئەمساڵ ڕۆسنێفت بووە یەکەم کۆمپانیای گەورە کە پارەی پێشوەخت بە هەرێمی کوردستان بدات تاوەکوو مافی هەناردەکردنی نەوتی کوردستانی هەبێت. بە گوێرەی (ستراتفۆر) کۆمپانیا رووسیەکە ئەو رێککەوتنەی وەکوو خاڵی بازدان بۆ رێککەوتنی بۆڕیی گازی سروشتی و رێککەوتنی گەڕان و پەرەپێدانی پێنج بلۆکی نەوتی لە هەرێمی کوردستان بەکارهێنا.

ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی دەڵێت "ئەو بۆڕییەی هەناردەکردنی گازی سروشتی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕۆسنێفت دانوستاندنی لەسەر دەکەن، دەشێت شێوازی کارکردن و رەفتاری زلهێزەکانی ناوچەکە بگۆڕێت". چونکە ئەو بۆڕییە "فاکتەرە بەشدارەکانی مشتومڕی نێوان بەغدا و هەولێر دەگۆڕێ کە بەهۆی گشتپرسییەکە سەختتر بووە".

# کاریگەریی گشتپرسی لەسەر گرێبەستەکانی نەوت لە داهاتوودا



سەمیر یونس*

بێگومان باشووری کوردستان رۆژێک دادێت دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەوکات دەبینین پێگەیەکی ئابووری و سیاسیی یەکجار بەهێزتری دەبێت لەڕووی پیشەسازیی نەوتەوە و بگرە لە چەندین بواری تریشدا. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت تیشکی بخەمە سەر، جیاوازیی گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمی کوردستانە لەکاتی ئێستا و لەپاش بوون بە دەوڵەت. وەک ئاشکرایە هەرێمی کوردستان تا ئێستا زیاتر لە چل گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان کردووە. زۆر لە شارەزایانی بواری وزە دەڵێن هەرێمی کوردستان نەوتەکەی هەرزانفرۆش کردووە و ئەم قسەیەش تا رادەیەک راستە. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کارەی کردووە بۆ زیاتر راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت.

ئەمە بەڕای من کارێکی زۆر زیرەکانە بووە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، چونکە بەم هەنگاوە توانی تا رادەیەکی باش ئابوورییەکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ و لەهەمان کاتیشدا پشتگیرییەکی گەورەی نێودەوڵەتی مسۆگەر بکات بەهۆی بەرژەوەندیی کۆمپانیا و وڵاتە زلهێزەکان لە کوردستان. لە هەمووشیان گرنگتر سەلماندنی بوونی نەوت و غازێکی یەکجار زۆر بوو لە هەرێمی کوردستان لەڕێی گەڕانی کۆمپانیاکان بەدوای نەوتدا کە بووە هۆی ئەوەی زیاتر سەرنجی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان بەلای کوردستاندا رابکێشێت.

لەسەرەتای پیشەسازیی نەوت لە کوردستان لە ساڵانی 2006 بۆ 2007 ، تەنیا چەند کۆمپانیایەک لەکوردستان هەبوون. بەڵام ئێستا ژمارە و قەبارەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، نوێترینیشیان بریتی بوو لە کۆمپانیاکانی ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی و ڕۆسنێفتی رووسی. ئەمە بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ جۆری گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و چانسی هەبوونی نەوت و غاز لە کێڵگە نەوتییەکاندا.

لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ گۆڕانکارییەکی یەکجار گەورە لەگشت کایە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا روودەدات و لە پلەی یەکەمیان پیشەسازیی نەوت دەبێت. چونکە ئەوکات هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی پێگەی بەهێزی خۆی کە زیاتر جێگای سەرنج و متمانەی وەبەرهێنەرانە لە کەرتی وزە. لەهەمان کاتیشدا هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ئابووری و سیاسیی زۆر بەهێزتری دەبێت وەک لە ئێستا، پشتئەستوور دەبێت بە پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە مامەڵەکردن بە نەوتی خۆی. پێگەی بەهێزی هەرێمی کوردستان وا دەکات کە بتوانێت گرێبەستەکانی نەوت زیاتر لە بەرژەوەندیی خۆی بکات و توانایەکی باشتری گفتوگۆکردنی دەبێت.

ئەمانەی خوارەوە چەند خاڵێکن کە دەکرێت هەرێمی کوردستان لە پاش بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆ زیاتر سوودیان لێ ببینێت.

– دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی متمانەی نێودەوڵەتی و بەقانونیبوونی کەرتی وزەی کوردستان و زیاتر سەرنجراکێشانی کۆمپانیاکانی جیهان بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان و دروستبوونی کەشێکی پێشبڕکێی بەهێزتر، بەم شێوەیەش کۆمپانیاکان قەبارەی وەبەرهێنانەکانیان زیاتر دەکەن.

– هەرێمی کوردستان لەدوای سەربەخۆبوون لەبەر بەهێزیی پێگەکەی، دەتوانێت گرێبەستی زۆر باشتر بکات، بەشێوەیەک کە رێژەیەکی باشی داهات زیاد دەکات لەڕێی یاسای موڵکانە و باج و زیاترکردنی پشکی هەرێم لە گرێبەستەکان.

– زۆربەی گرێبەستە نەوتییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان بە داوەتنامەی راستەوخۆ دراون بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان نەک بەرێگای تەندەری کراوە کە تێیدا چەندین کۆمپانیا بۆ بردنەوەی مافی وەبەرهێنان پێشبڕکێیەکی مەزن دەکەن و هەریەکەیان هەوڵ دەدات باشترین تەندەر پێشکەشی هەرێمی کوردستان بکات.

– شیرینی گرێبەستەکانی نەوت دەبێت بە دوو هەندەو سێ هەندە لەبەر زۆربوونی وەبەرهێنەرەکان و کێبڕکێی بەهێز لەنێوان کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری وزە. چونکە لەکاتی بوونی پێشبڕکێ کۆمپانیا نەوتییەکان بڕی شیرینی گرێبەستە نەوتییەکان زیاد دەکەن بۆئەوەی سەرنجی لایەنی بەرامبەر رابکێشن.

– زیاترکردنی سەرمایە و قەبارەی وەبەرهێنان لەکاتی پێشکەشکردنی تەندەر بۆ کێڵگە نەوتییەکان لەلایەن کۆمپانیاکان بەهۆی بوونی پێشبڕکێی زیاتر لەنێوان کۆمپانیاکان کە دەبێتە هۆی لێدانی بیری نەوتیی زیاتر و گەڕانێکی چڕوپڕتر بەدوای نەوت و رەخساندنی هەزاران هەلی کاری زیاتر و بووژاندنەوەی کەرتی کار لە چەندین رووەوە. چونکە بەزیادبوونی قەبارەی وەبەرهێنان و ژمارەی بیرە نەوتییەکان، هەلی کاری زیاتر دەڕەخسێ و سەرئەنجام بووژانەوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت، هەروەک لە ساڵانی نێوان 2010 بۆ 2014 کاتێک هەرێمی کوردستان یەکێک بوو لە سەرقاڵترین ناوچەکانی جیهان لەڕووی چالاکیی گەڕان و لێدانی بیرە نەوتییەکان.

– بەهێزبوونی پێگەی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان وا دەکات کە هەرێمی کوردستان نەک تەنیا گرێبەستی باشتر بکات، بەڵکو نرخی فرۆشتنی نەوتەکەشی زیاتر دەبێت. چونکە هەروەک ئاشکرایە لەکاتی ئێستا هەرێمی کوردستان نەوتەکەی بەنرخێکی هەرزانتر لە نرخی بازاڕەکانی جیهان دەفرۆشێت، سەرەڕای بوونی ئاستەنگێکی یەکجار زۆر بۆ دۆزینەوەی کڕیار بۆ نەوتەکەی.

تەنانەت هەرێمی کوردستان نەک لەکاتی بوون بە دەوڵەت، بەڵکو بە بردنەوەی دەنگی بەڵێ لە گشتپرسییەکە و مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵ پێگەیەکی سیاسیی یەکجار بەهێزی لەنێوخۆی عێراق و سەرئاستی نێودەوڵەتیش دەبێت. ئەمەش راستەوخۆ دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی ئابووری و بەتایبەتیش بەهێزبوونی لایەنی پیشەسازیی نەوت و گاز.

بەپشتبەستن بەم خاڵانە، روون دەبێتەوە کە لە پاش بوون بە دەوڵەت، هەرێمی کوردستان لەڕووی پیشەسازیی نەوتەوە جگە لەوەی پێشکەوتنێکی یەکجار زۆر تۆمار دەکات، هاوکات داهاتی پرۆژە نەوتییەکان زۆر زیاتر دەبێت و دەتوانێت گرێبەستی باشتر بکات لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و لەکاتی گرێبەستکردن هەرێمی کوردستان زیاتر باری گرێبەستەکان بەلای خۆیدا دەشکێنێتەوە.

***ماستەر لە تەکنەلۆژیای نەوت و قوتابیی دکتۆرا لە ئەندازیاریی نەوت لە ڕۆمانیا**



زانست و هێزلای ئێمەیە
009647503000600
009647503000700
009647503000800
Knowledge
UNIVERSITY
کۆلێژی ئەندازیاری
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە
کۆلێژی زانستی
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان
بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری
(ئای تی)
کۆلێژی یاسا
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان
کۆلێژی زانستی کارگێڕی و دارایی
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانک
بەشی کارگێڕی کار
بەشی بازاڕگەری
کۆلێژی ئاداب
بەشی زمانی ئینگلیزی
www.knowlwdge.edu.krd





Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
EMPIRE CINEMA
KFC so good
LC WAIKIKI
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484



شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder
حلیب


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


Life
NATUREL SPRING WATER
UBHOLD

## تا ئێستا 200 ئافرەتی بیانیی نێو داعش خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کردووە






# ئەمیرەکانی داعش داوا لە ژنەکانیان دەکەن خۆیان بدەنە دەست پێشمەرگە

ناسر عەلی
ڕووداو- عەیازییە

کاتێک مانگی ڕابردوو سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هێرشیان کردە سەر قەزای تەلعەفەر، چەکدارانی داعش دەیانزانی تەنیا دوو ڕێگەیان لەبەردەمە، یان شەڕکردن تاوەکو مردن، یان خۆڕادەستکردن. ئەو چەکدارانەی هاوژین و منداڵیان هەبوو، بە تایبەتی ئەمیرەکان، هەرزوو پشتێنی بۆمبڕێژکراویان لێ بەستن و پێیانگوتن لە تەلعەفەر بڕۆن، ئەگەر گەیشتنە چەکدارانی حەشدی شەعبی خۆتان بتەقێننەوە، ئەگەریش گەیشتنە پێشمەرگە خۆتان تەسلیم بکەن.

بەپێی ئەو ئامارانەی لە دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، لە ماوەی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی قەزای تەلعەفەردا 200 خێزانی چەکدارانی داعش لە نزیک ناحیەی عەیازییە خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە. هەندێک لەوانە خێزانی ئەو کوردانەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە چوونەتە ڕیزی چەکدارانی داعش، هەندێکیشیان خێزانی چەکدارانی بیانیی ڕێکخراوەکەن.

بە گوتەی پێشمەرگەکان و ئەو فەرماندە سەربازییانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ خێزانی ئەو چەکدارانە کردووە، هەریەک لەو خێزانانە چیرۆکێکیان هەبووە کە هەندێکیان زۆر سەرنجڕاکێشن.

### ئەمیرە و هەردوو ژنەکەی خوشکی یەکدین!

ئەوکاتەی تیمێکی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) سەرقاڵی ڕوماڵی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی ناحیەی عەیازییەی سەر بە قەزای تەلعەفەر بوون، دوو ژن کە سەرتاپای جەستەیان بە جلی ڕەش داپۆشیبوو، لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیکبوونەوە و خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کرد، یەکێک لە ژنەکان چوار منداڵی هەبوو، ئەوەی دیکەشیان دوو منداڵی هەبوو.

دوو ژنەکە هەردووکیان خوشک بوون و عەرەبی سووری بوون، یەکێک لە ژنەکان چیرۆکی شووکردنی بە چەکدارێکی داعش گێڕایەوە و گوتی: "هەشت ساڵ لەمەوبەر لە ڕەققە شووم بە پیاوێک کرد کە خەڵکی دیمەشق بوو. لە سەرەتای هاتنی چەکدارانی داعش بۆ ڕەققە، پەیوەندی پێیانەوە کرد. دایکم و باوکم نەبوون، تەنیا خوشکێکم هەبوو، ئەویش بڕیاری دا لەگەڵ ئێمە بژی".

وەک ئەو ژنە گێڕایەوە، ماوەیەک دوای پەلاماردانی شاری مووسڵ لەلایەن داعشەوە، داوا لە هاوژینەکەی دەکرێ بچێتە مووسڵ، بۆیە خۆی و خوشکەی ناچار دەبن لەگەڵی بڕۆن.


خێزانێکی ڕووسی لە ڕیزەکانی داعشدا

ئەو ژنە دواتر تووشی سەرسوڕمان بووە کاتێک زانیویەتی کە مێردەکەی پەیوەندی لەگەڵ خوشکەکەی هەیە. ئەو ژنە بە (ڕووداو) ی گوت: "سەرەتا وەکو خوشک و برا مامەڵەی لەگەڵ خوشکەکەم دەکرد و زۆر ڕێزی لێدەگرت، بەڵام دوای ئەوەی چووە ناو داعش، هەستم کرد هەڵسوکەوتی بەرامبەر خوشکەکەم گۆڕاوە، گومانم دەکرد پەیوەندییان هەبێ، بەڵام دواتر لە مووسڵ گومانەکەم ڕاست دەرچوو، خوشکەکەم لە مێردەکەم دووگیان بوو".

کاتێک ئەو ژنە پرسیاری لە هاوژینەکەی کردووە کە ئایا ئەوە دژی شەریعەتی ئیسلام نییە؟ هاوژینەکەی گوتوویەتی "بۆ ئەوەی خوشکەکەت بپارێزم ئەو کارەم کرد، ئەو کارەی من کردوومە شەرع ڕێی پێداوە".

بەپێی شەریعەتی ئیسلام، نابێت پیاو لە یەک کدا دوو هاوسەری هەبن کە خوشکی یەک بن. ئەو ژنە باسی چارەنووسی هاوژینەکەی کرد و گوتی "پێش ساڵێک لە مووسڵ کوژرا. ئێمە هەر لە مووسڵ ماینەوە هەتا سوپا هات، دوایی چووینە تەلعەفەر کە تەلعەفەریش گیرا ڕوومان لە عەیازییە کرد".


ژنانی داعش بە کۆمەڵ خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە دەکرد

### ژنێکی ئێزدی بۆ مێردە داعشەکەی دەگری

ڕۆژی سێی ئابی 2014 کە داعش هێرشی کردە سەر قەزای شنگال و دەوروبەری، خەولە لەگەڵ هاوژینەکەی و سێ منداڵەکەیان کەوتنە دەست چەکدارانی داعش. هاوژینەکەی هەر لەنێو شنگال لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژرا. خەولە و منداڵەکانی لەگەڵ چەندین خێزانی دیکە دەبردرێنە تەلعەفەر و پاشانیش مووسڵ. لە مووسڵ ئەمیرێکی داعش کە کوردێکی شاری مێردینی باکووری کوردستان بووە، خەولە لە خۆی مارە دەکات.

ئەو ئەمیرە کوردەی داعش وەک خەولە باسی دەکات، بەشداری لە چەندین شەڕی داعشدا کردووە، دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ ڕووی لە تەلعەفەر کردووە، لە دوای هێرشی سوپا و حەشدیش بۆ سەر تەلعەفەر، خەولە و ئەمیرەکەی داعش بڕیار دەدەن خۆیان تەسلیمی پێشمەرگە بکەن.

پێشمەرگەیەک لە سەنگەرەکانی نزیک عەیازییە چیرۆکی خۆڕادەستکردنی ئەو ئەمیرەی داعشی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "پیاوێکی کوردی ئێزدی لەگەڵ کوڕەکەی کە پێشتر هەماهەنگییان لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان کردبوو، هاتنە لای ئێمە، پیاوەکە پێیگوتین ئێستا کچەکەم کە پێشتر لەلایەن داعشەوە ڕفێنراوە دێتەوە".

بە گوتەی پێشمەرگەکە، باوکی ئافرەتە ئێزدییەکە پێشتر بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کچەکەی کردبوو، ئەمیرەکەی داعش کە ناوی فورات بوو، ڕازی بووبوو خەولە بگەڕێتەوە نێو کەسوکارەکەی، بەڵام بەو مەرجەی ئەویش لەگەڵی بچێ و لەوێ گەرەنتی بدەنێ کە بە سەلامەتی دەیگەیێننە سووریا.

وەک ئەو پێشمەرگەیە باسی کرد، دوای ماوەیەک چاوەڕوانیی باوک و کوڕەکە، نزیکەی 25 کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، لە گوندی (قەسەب ڕاعی)یەوە بەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە هاتن. خەولەشیان لەگەڵ بوو.

ئەو پێشمەرگەیە گوتی "باوک و برای ئەو ژنە کوردە، لەگەڵ ئێمە چاوەڕێی گەیشتی ئەوان بوون. 200 مەترێک مابوو بگەنە سەنگەری پێشمەرگە ڕاوەستان. مێردی خەولە سەرپەرشتیی ئەو گرووپەی دەکرد، دیاربوو هەموویان دەستیان ماچ کرد، وەک ئەوەی ئەوانی ڕزگار کردبێ. برای ئافرەتە ئێزدییەکە خۆی بۆ نەگیرا و پێش ئەوەی بگەنە سەنگەرەکانی پێشمەرگە چووە لایان و توند باوەشی لە خوشکەکەی دا".

برای خوشکەکە بە هەواڵێکی ناخۆشەوە دەگەڕێتەوە سەنگەرەکانی پێشمەرگە و دەڵێت "ئەو پیاوە پشتێنێکی بۆمبڕێژکراوی لەخۆی بەستووە و دەڵێت ئەگەر ئۆتۆمبێلێکم بۆ ئامادە نەکەن و بە سەلامەتی نەمگەیەننە سووریا، ئەوا خۆم بە خەولە و منداڵەکانیدا دەتەقێنمەوە".

وەک ئەو پێشمەرگەیە دەڵێت، نزیکەی کاژێرێک لە دوورەوە قسە لەگەڵ ئەو ئەمیرەی داعش کراوە کە خۆی تەسلیم بکات، تەنانەت کەسوکاری ژنەکەش زۆر لێی پاڕانەوە کە گەرەنتی سەلامەتیی ژیانی دەکەن لەبن دەستی پێشمەرگە، بەڵام ئەمیرەکەی داعش ئامادە نەبوو خۆی تەسلیم بکات.

ئەو ئەمیرەی داعش ناوی فورات بووە و خەڵکی شاری مێردینی باکووری کوردستان بووە، سەرەتای ساڵی 2015 بە خێزانەوە پەیوەندی بە داعشەوە کردووە. پێشمەرگەکە باسی چارەنووسی ئەمیرەکەی داعش دەکات و دەڵێت: "دوای ئەوەی ئامادە نەبوو خۆی تەسلیم بکات، نیشانەگرێکی پێشمەرگە، توانی گوللەیەکی قەناس لە سەری بدات و بیکوژێت، کاتێکیش چووینە سەر تەرمەکەی، بینیمان پشتێنێکی بۆمبڕێژکراوی لە خۆی بەستبوو، ئەگەر خۆی بتەقاندبایەوە دەیتوانی هەموویان بکوژێ".

پێشمەرگەکە دەڵێت "پاش ئەوەی ئەمیرەکەی داعشمان کوشت، چووینە سەر تەرمەکەی، خەولە کە لە نزیکییەوە وەستابوو دەستی بە گریان کرد و گوتی: بۆ کوشتتان، دەزانن چەند باش بوو بۆ من و منداڵەکانم؟ ڕێگەی نەدا کەس هیچمان لێ بکات. ئەگەر ئەو نەبووایە خوا دەزانێ ئێستا چیمان بەسەرهاتبوو. من فرمێسک بۆ باشییەکانی ئەو بەرامبەر من و منداڵەکانم دەڕێژم".

### وا حاڵی کرابوون کە پێشمەرگە کافرن

ژنی چەکدارەکانی داعش دوای ئەوەی خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە دەکرد، لەلایەن پێشمەرگەی ژنەوە دەپشکنران، پێشمەرگەیەکی ژن قسەی هەندێک لەو ژنانەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی: "پرسیاری زۆربەیان ئەوە بوو کە پێشمەرگە چیمان لێدەکەن؟ ئێمە ناکوژن؟ چونکە دەڵێن پێشمەرگە کافرن. منیش پێمدەگوتن ئێوە بە هەڵە حاڵی کراون، پێشمەرگەش موسوڵمانن، زۆربەیان نوێژ دەکەن، بە ڕۆژوو دەبن، بەڵام زۆربەیان باوەڕیان نەدەکرد".

سەبارەت بە ناسنامەی ئەو ژنانە، پێشمەرگەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "خەڵکی زۆر وڵاتی جیهانیان تێدابوو، حەوت لەو ژنە چەکدارانەی داعش خەڵکی شارەکانی باکووری کوردستان بوون، هەندێکیان خەڵکی تورکیا بوون، تورکەکان زۆربەیان خەڵکی شاری قۆنیا بوون. ئەو ژنانە بە قەناعەتەوە لەگەڵ هاوژینەکانیان چووبوونە ڕیزەکانی داعش و باوەڕیان بە فیکری داعش هەبوو".

### "خۆتان بە حەشدی شەعبیدا بتەقێننەوە"

بە گوتەی ئەوانەی یەکەمجار ئەو ژنانەیان بینیوە، بەشێکی زۆر لە ژنەکان پشتێنی بۆمبڕێژکراویان بەستووە، بەڵام لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا هیچ ژنێک خۆی نەتەقاندووەتەوە.

> ئەمیرێکی داعش دوو خوشکی کردبوونە هاوژینی خۆی
>
> فەرماندەیەکی پێشمەرگە

ئەو پێشمەرگە ژنە نهێنیی ئەوە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "زۆربەی ئەو ژنانەی لە دوا ڕۆژەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی تەلعەفەردا خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە دەکرد، ژنی ئەمیرە گرنگەکانی داعش بوون، بەشێکیان پشتێنی بۆمبڕێژکراویان لە خۆیان بەستبوو، کاتێک لێمان دەپرسین چۆن بوو خۆتان پێدا نەتەقاندینەوە؟ هەندێکیان ڕاستییەکەیان بۆ باسدەکردین و دەیانگوت مێردەکانیان پشتێنی بۆمبڕێژکراویان بۆ دروستکردبوون، بەڵام پشتێنی بچووک بوون، هی ئەوە نەبوون خەڵکێکی زۆر لەگەڵ خۆیان بکوژن، مێردەکانیان پێیانگوتبوون بڕۆن لە تەلعەفەر دەربچن، ئەگەر گەیشتنە پێشمەرگە پشتێنەکە فڕێ بدەن و خۆتان تەسلیمی ئەوان بکەن، بەڵام ئەگەر لە ڕێگا گەیشتنە حەشدی شەعبی بەهیچ شێوەیەک خۆتان تەسلیم مەکەن و خۆتان بتەقێننەوە، چونکە ئەوان جێی متمانە نین و دەستدرێژیتان دەکەنە سەر، هەر بۆیە کاتێک نزیکی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەبوونەوە پشتێنەکەیان فڕێ دەدا".

بە گوتەی ئەو ژنە پێشمەرگەیە، هەندێک لەو ژنانە تەنانەت پارەی وڵاتەکانی خۆیان هەر پێمابوو کە لە کاتی هاتنیان بۆ نێو داعش لەگەڵ خۆیان هێنابوو. ئەو گوتی "تمەنی ئێرانی، لیرەی تورکی، ڕیاڵی سعودی، یۆرۆ، دۆلار و زۆر جۆری دیکەی دراویان پێبوو". هەروەها گوتی "زۆربەیان پارەیەکی کەمیان پێبوو، بەڵام هەبوو پارەیەکی زۆری پێبوو، بۆ نموونە ژنێکیان 20 هەزار یۆرۆی پێبوو".

### نامە دڵدارییەکانی داعش

گوندی سەهل ئەلمالحی سەر بە ناحیەی عەیازییە یەکەم وێستگەی گەیشتنی خێزانی چەکدارانی داعش بوو، جگە لە هاوژین و منداڵانی داعش، بەشێک لەو چەکدارانەی خۆیان ڕادەست دەکرد، یەکەم شوێنی گەیشتنیان قوتابخانەی گوندی سەهل ئەلمالح بوو، ئەو ڕۆژەی ئێمە لەوێ بووین، لە دوورەوە بینیم پێشمەرگەیەک بەناوی ساڵح محەممەد زۆر بە وردی دەوروبەری قوتابخانەکەی دەپشکنی.

ساڵح محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم قوتابخانەیە یەکەم وێستگەی وەرگرتنی ئەوانەیە کە خۆیان ڕادەست دەکەن، ئەوان کە دەگەنە ئێرە، بەشێک لەو شتانەی پێیانە فڕێی دەدەن و نایانەوێ نهێنییەکانیان ئاشکرا ببن، بەڵام تاوەکو ئێستا هەشت میمۆری مۆبایل و دوو میمۆری کامێرام دۆزیونەتەوە کە فڕێیان داون، هەندێکیشمان لەکاتی پشکنینی چەکدارەکان دەستکەوتوون".

ساڵح محەممەد سەبارەت بە نێوەڕۆکی میمۆرییەکان گوتی "بەشێکی زۆریان فۆڕمات کراون، دیارە ئەوەش بۆ ئەوەیە زانیارییەکانیان بپارێزن، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدابوون دواتر ڕزگار دەبن و بە بەرنامەی تایبەت زانیارییەکانی نێو میمۆرییەکە دەگەڕێننەوە. ئەوانەشی فۆڕمات نەکرابوون، وێنەی تایبەتی خۆیان و خێزانەکانیان، سروود و قورئان، دیمەنی مەشق و سەربڕینی هاووڵاتیان و سەربازانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی تێدابوو".

ساڵح مەحموود دەڵێت جگە لە میمۆری، چەند کەرەستەیەکی دیکەی دۆزیوەتەوە. سێ قەمەم دۆزینەوە کە یەکێکیان لە تەوالێت بوو، هەروەها چەند کاغەزێکم دۆزینەوە کە هەندێکیان نامەی دڵداری بوون، مێژوویان زۆر کۆن بوو، یەکێک لە نامەکان بە زمانی ڕووسی نووسرابوو، ئەوانی دیکەش بە ئینگلیزی".


ئەمیرێکی داعش دەیویست خۆی بە دوو هاوژینەکەیدا بتەقێنێتەوە بەڵام پێشمەرگە کوشتیان

### 200 ژنی بیانی خۆیان تەسلیمی پێشمەرگە کردووە

موقەدەم نەعمان گەلناسکی کە فەرماندەیەکی پێشمەرگەیە لە نزیک گوندی عەیازیە، ژمارەی ئەو ژنە بیانیانەی ئاشکرا کرد کە لە ماوەی شەڕی تەلعەفەردا خۆیان تەسلیمی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە. موقەدەم نەعمان گوتی "لە ماوەی 20 ڕۆژدا 200 ژنی بیانی خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کرد کە زۆربەیان هاوژینی ئەمیرەکانی داعش بوون".

موقەدەم نەعمان ئاماژەی بە ناسنامەی ئەو ژنانە کرد و گوتی: "خەڵکی سووریا، تورکیا، ئێران، قەتەر، ئەمریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئۆکراینا، ڕووسیا، کازاخستان، ئۆزبەکستان، ئازەربایجان، چین و وڵاتانی دیکە بوون".

هەروەها گوتی: "ژمارەیەکیشیان خەڵکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون".

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (474) - سێشەممە 2017/9/26



### هاووڵاتییەک خۆی دەکوژێ

**رووداو – سلێمانی**

پۆلیسی سلێمانی تەرمی هاووڵاتییەکی لە گوندێکی دەوروبەری سلێمانی دۆزییەوە و گومان دەکات هاووڵاتییەکە، خۆی کوشتبێ. بەپێی راگەیەنراوێکی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی "پاشنیوەڕۆی رۆژی 2017/9/21 تەرمی هاووڵاتییەک لە گوندی جێشانە دۆزرایەوە کە پێدەچێت خۆی کوشتبێت". دوای گەیشتی هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی تەرمی هاوڵاتییەکە رەوانەی پزیشکی دادوەری لە شاری سلێمانی کراو پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ رووداوەکە کراوەتەوە.
بە گوتەی پۆلیس هاووڵاتییەکە ناوی (ئا،ع،ق)ە و دانیشتوی شاری سلێمانییە و لە دایکبووی 1979یە. بەپێی زانیارییەکان پێدەچێت بە فیشەک خۆی کوشتبێ.

# لە چەمچەماڵ پیاوێک براکەی خۆی دەکوژێت



**دیمەن بورهان**
**رووداو – چەمچەماڵ**

دەمەقاڵێیەکەی نێوان (س) و (ش) لەسەر شتێکی زۆر سادە بوو، بەڵام سەری کێشا بۆ بەکارهێنانی چەک. دواجار (س) بە دەستی (ش)ی برای کوژرا، دوای تێپەڕبوونی سێ هەفتە بەسەر رووداوەکەدا، هێشتا تۆمەتبار دەستگیر نەکراوە، پۆلیسی چەمچەماڵ دەڵێت هەڵاتووە بۆ هەولێر.

(س) و (ش) دوو برای دانیشتووی چەمچەماڵن، بەهۆی دروستبوونی دەمەقاڵێ لەنێوانیاندا (ش) دەستڕێژی گوللەی لە (س) کرد و بریندار کرد، دوای ئەوەی گەیەندرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی و نەشتەرگەری بۆ کرا، بەهۆی سەختیی برینەکەی مرد.

(س)ی تەمەن 31 ساڵان دوای ئەوەی هاوسەرگیری کرد، لە گەڕەکی شۆڕش لە شارۆچکەی چەمچەماڵ نیشتەجێ بوو. بەردەوام سەردانی باوکی دەکرد کە تەندروستیی ناجێگیر بوو، بەگوتەی کەسێکی نزیک لەو خێزانە، ئەم سەردان و نزیکییەی (س) لە باوکی، (ش)ی برای نیگەران کردبوو، بۆیە رۆژی شەشی ئەم مانگە دەمەقاڵێ دەکەوێتە نێوان هەردوو براکە و (ش) دەستڕێژی گوللە لە (س)ی برای دەکات و دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە دەمرێ.

خزمەکەی ئەو دوو برایە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وردەکاریی شەڕی نێوان ئەو دوو برایەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "شەو ئێمە لەماڵەوە دانیشتبووین، لەناکاو دەنگی تەقە هات، دواتر پەیوەندییان پێوەکردم و گوتیان (س) بە دەستی (ش)ی برای بریندار کراوە".

ئەو کەسە کە هەر دوای دەنگی تەقەکان چووەتە شوێنی رووداوەکە، گوتی "کاتێک گەیشتمە شوێنی رووداوەکە بینیم (س) چەند گوللەیەک بەر دەست و رانی کەوتبوو، گەیاندمانە نەخۆشخانەی چەمچەماڵ، بەڵام لەوێ بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گوتیان دەبێت بیگەیەننە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، لەوێ پزیشکەکە گوتی ئەگەری مانەوەی لە ژیاندا زۆر کەمە، دەبێت هەر ئێستا نەشتەرگەری بۆ بکرێ، ئێمەش رازی بووین و واژۆمان کرد، بە هیوای ئەوەی ژیانی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە، دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە بە چەند کاژێرێک گیانی دەرچوو".

## پێشتریش کێشەیان هەبووە

ئەو خزمەی (س) و (ش) کە ئاگاداری ژیانی ئەو دوو برایەیە، دەڵێت "ئەم دوو برایە پێشتر چەند جارێک کێشەیان هەبووە، بەڵام یەکەمجار بوو بە چەک رووبەڕووی یەکدی ببنەوە". ئەو کەسە گوتی "چەند رۆژێک پێش رووداوەکە، (س) سەردانی باوکی کردووە، هەر هەمان رۆژ (ش) یش دەچێتە ماڵی باوکی، نازانم لەسەر چی بووە، بەڵام لەوێ دەمەقاڵێ لەنێوانیان دروست دەبێت، لەوێ کۆتایی بە کێشەی نێوانیان دەهێنرێ، بەڵام شەوەکەی (س) لەلایەن براکەیەوە پەیوەندی پێوەدەکرێت و داوای لێدەکات بچێتە شوێنێک و رووبەڕووی ببێتەوە".

(س) دەستدەداتە چەکەکەی و دەڕواتە ئەو شوێنەی براکەی بۆی دیاری کردووە. بە گوتەی شایەتحاڵەکان، چەند کەسێک لەوێ دەکەونە نێوانیان و چەکەکە لە دەستی (س) دەردێنن، بۆیە (ش)ی برای ئەمە بە دەرفەت دەزانێت و دەستڕێژی گوللە لە (س) دەکات، دواتریش بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵدێ.

کوشتنی (ش) بە دەستی براکەی، بەبیانووی ئەوەی (س) زۆر هاتوچۆی ماڵی باوکی دەکات، کەسوکارەکەیانی تووشی شۆک کردووە. ئەو خزمەیان گوتی "خزم و کەسوکار زۆر خەمبار و نیگەرانین و نازانین چی بکەین و چی بڵێین، لێکتێنەگەیشتن ئەوانی تووشی ئەم رووداوە کرد". گوتیشی: "پێشتر هیچ کێشەیەکی وا گەورە لەنێوان ئەم دوو برایەدا نەبووە، تەنیا گومانەکان لەسەر ئەوەیە کە نزیکیی (س) لە باوک و دایکی (ش)ی نیگەران کردبێ".

سەبارەت بە چارەنووسی تۆمەتبارەکەش، ئەو کەسە گوتی "هێشتا کەس نازانێت (ش) لەکوێیە، باوک و براکانیشی هێشتا بڕیاریان نەداوە سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن یان نا؟".

## پۆلیس: بکوژەکە هەڵاتووە بۆ هەولێر

دوای تێپەڕبوونی سێ هەفتە بەسەر رووداوەکەدا، هێشتا تۆمەتەتبارەکە دەستگیر نەکراوە، پۆلیس دەڵێت لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ دەستگیرکردنی، بەڵام لە سنووری ئەوان نەماوە.

عەمید عادل ساڵح، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارۆچکەی چەمچەماڵ بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەر دوای رووداوەکە، پۆلیسی چەمچەماڵ گەیشتنە شوێنەکە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان کردەوە. گوتەی کەسوکاری کوژراوەکە وەرگیراوە و دەڵێن سەرەتا دەمەقاڵەیەکی بچووک لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام دواتر سەری کێشاوە بۆ بەکارهێنانی چەک".

بەڕێوەبەری پۆلیسی شارۆچکەی چەمچەماڵ، لەبارەی هۆکاری دەستگیرنەکردنی تۆمەتبارەکە گوتی: "فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ئێمە لە سنووری چەمچەماڵ و سلێمانی نەماوە و بەرەو هەولێر هەڵاتووە، چونکە پێشمەرگەیە لە هێزەکانی 80، بۆیە لەڕێگەی نووسراوەوە لایەنی پەیوەندیدارمان ئاگادار کردووە کە هاوکاریمان بکەن لە رادەستکردنەوەی بکوژەکە".

# خاوەنکارەکەی دەستدرێژیی دەکاتە سەر



**دیمەن بورهان**
**رووداو – هەولێر**

هیوا دوای مردنی باوکی هیوایەک بوو بۆ خێزانە بێسەرپەرشتەکەی، رۆژانە بەهیوای دەستکەوتنی کار، کاژێر 5ی بەرەبەیان دەچووە مەیدانی کرێکاران. هیوا بەتەمەن هێشتا منداڵە و 13 ساڵانە، بەڵام بەهۆی بەرزیی باڵایەوە زیاتر لە تەمەنی خۆی دەردەکەوێت، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی زۆرتر لەوانی دیکە کاری پێبدرێت.

هیوا دانیشتووی هەولێرە و کوڕی گەورەی خێزانەکەیەتی، دوو خوشک و برایەکی تەمەن دوو ساڵانی هەیە. باوکی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە. پاش مردنی باوکی بڕیار دەدات شوێنی باوکی بگرێتەوە و نەهێڵێ خێزانەکەی برسی بێت.

هیوا بە (رووداو)ی گوت "کاتێک باوکم لە ژیاندا بوو خەریکی خوێندن بووم، باوکم شۆفێری ئۆتۆمبێلی هەڵگرتنەوەی خۆڵ و خاشاک بوو لە شارەوانی. هەر ئەو کارەی بووە هۆی ئەوەی تووشی شێرپەنجە بێت". دەشڵێت "دوای مردنی باوکم، دایکم کە خۆی کاری دەکرد، رازی نەدەبوو من کاربکەم، بەڵام من بە قسەم نەکرد، هەموو بەیانییەک دەچوومە مەیدانی کرێکاران، داوام لە وەستاکان دەکرد لەگەڵ خۆیان بمبەن و کرێکاری بکەم، رۆژانە بە 10 هەزار دینار رازی دەبووم".

بەڵام رۆژێک ژیانی هیوا دەگۆڕێ و تووشی نەهامەتییەکی گەورە دەبێ. هیوا باسی ئەو رۆژە دەکات و دەڵێت "بەیانییەک چووم بۆ مەیدانی کرێکاران، وەستایەک کە پێشتر لە مەیدان نەمبینیبوو گوتی کارێکی یەک رۆژیم لە پردێ هەیە، 25 هەزار دینارت دەدەمێ، بەڵام شەویش لەسەر کارەکە دەمێنینەوە".

هیوا یەکسەر رازی نابێت، تەلەفۆن بۆ دایکی دەکات و دەڵێت بۆ کارێک دەچێت و شەو ناگەڕێتەوە، بەڵام دایکی رازی نابێت بچێت، بۆیە دەبێتە دەنگە دەنگیان، دواتر دایکی هەڕەشەی لێدەکات و دەڵێت ئەگەر بچی بە مامت دەڵێم، بۆیە ئەویش بەڵێن دەدات نەچێ.

هیوا ئەگەرچی بەڵێنی بە دایکی دابوو کە نەڕوات، بەڵام دەڕوات، وەک خۆی دەڵێت "بەیانییەکەی زوو بە بێدەنگی رۆیشتم، وەستاکەم تەمەنی نزیکەی 40 ساڵان دەبوو، کاری گەچکاری بوو، تەلەفۆنی بۆ کردم و پێیگوتم تاکسی بگرم بۆ ناونیشانێک. دوای گەیشتنم خۆی کرێی تەکسییەکەی دا، دەموچاوی بە جامانەیەک پێچابوو، دوو شاگردیشی لەگەڵ بوون کە تەمەنیان نزیکەی 15 ساڵان دەبوو، وامزانی بۆ پردێ دەڕۆین، بەڵام بەرەو رێگەی پیرمام رۆیشتین، پرسیم بۆ کوێ دەچین؟ گوتی لێرە کارم هەیە، نازانم شوێنەکە کوێ بوو، کاتێک گەیشتین بینیم خانوویەکی تەواونەکراوی گەورەی لێبوو، دەستی بە کار کرد هەتا 12ی نیوەڕۆ، نانمان خوارد و دواتر پشووماندا".

بە گوتەی هیوا دوو گەنجەکە بە بیانووی هێنانی گەچ ئەوانیان جێهێشتووە. هیوا دەڵێت "وەستاکەم پێیگوتم باسی ژیانی خۆتم بۆ بکە، منیش چیرۆکی خێزانەکەم و ژیانم بۆ باسکرد، دواتر رۆیشت لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خواردنەوەی هێنا، من وامزانی شەربەتە، لەناو دەبەی شەربەتی کردبوو، پێیگوتم ئەمە وزەبەخشە، ناهێڵێ ماندوو بیت لە کارکردن، تەنیا کەمێک تاڵە، پەرداخێکی پێدام، من ویستم نەیخۆمەوە، بەڵام بەزۆر پێی تەواوکردم. نەمزانی کحولە".

هیوا درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و دەڵێت "نزیکەی 100 هەزار دیناری خستە نێو گیرفانم و گوتی تۆ ئیدی بێخەم بە، من ئاگام لێت دەبێت، پەرداخێکی دیکەی بۆ تێکردم، هەستمکرد گێژ دەبم، گوتی بیخۆوە لە دەرەوە بۆم هاتووە، چالاکت دەکات، خەوم دەهات، هێندەم لەبیرە دەستی بە لێومدا دەهێنا. ئاگام لێبوو دەستدرێژیی کردە سەرم، بەڵام توانای هیچم نەبوو، نە بەرگری لەخۆکردن و نە دەشمتوانی هاوار بکەم، تەنانەت نەمدەتوانی بجوڵێم، هەستم بە بێهێزییەکی تەواوی جەستەم دەکرد، ئاگام لێبوو دەستدرێژی کردە سەرم و دواتر هۆشم نەما، کاتێک بەخەبەرهاتم دەم و دەستەکانمی بەستبووەوە، زۆر گریام، بەڵام سوودی نەبوو، خانووەکە چۆڵ بوو، تەنیا من و وەستاکە لەو شوێنە بووین، دوو شاگردەکەی لەگەڵی بوون هەر نەهاتنەوە، هەتا بەیانی چەندینجار دەستدرێژی کردە سەرم".

## هەڕەشەی لێدەکات

هیوا شەو و رۆژێک لەو شوێنە دەمێنێتەوە، رۆژی دواتر وەستاکە ئیزنی دەدات، بەڵام هەڕەشەی لێدەکات کە لەلای کەس باسی نەکات. هیوا دەڵێت "رۆژی دواتر وەستاکە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ هات و پێیگوتم دەتبەمەوە، بەڵام خوشک و دایکت لەژێر دەستی مندان، بۆیە لە رێگا یەک وشە بڵێی ئەوان نابینیتەوە. لەو 100 هەزار دینارەی پێشیدابووم، 75 هەزارد دیناری لێسەندمەوە و 25 هەزار دیناری دامێ، گوتیشی ژمارەکەم لەلاتە، هەرکاتێک حەزت کرد بمبینی تەنیا نامەم بۆ بنێرە، چونکە پەیوەندی وەڵام نادەمەوە، بۆ هەر شەوێک 25 هەزارت دەدەمێ، ئەگەر پۆلیسیش ئاگادار بکەیەوە، دایک و خوشکەکەت دەبەین، بۆیە بێدەنگ گەڕامەوە لەگەڵی و لە نزیک بازاڕ دابینام".

هیوا تەواو باری دەروونیی تێکدەچێت سەرەڕای باری تەندروستیشی، چونکە وەک خۆی دەڵێت "لەوکاتەی دەستدرێژی دەکردە سەرم، زۆر دڕندانە ئازاری جەستەمی دەدا.

پاشان هەموو شتێک بۆ دایکی دەگێڕێتەوە. حەلیمەی تەمەن 38 ساڵان، دایکی هیوا، لە یەکێک لە کارگە بچووکەکانی دروستکردنی نانی تیری کاردەکات و لەبەرامبەر دروستکردنی هەر 10 نانێک تەنیا 1000 دینار وەردەگرێت. ئەو دەڵێت "رۆژانە نزیکەی 150 نان دەکەم و لەبەرامبەردا 15 هەزار وەردەگرم".

حەلیمە هەر زوو هەست دەکات شتێک روویداوە، بەدەم باراندنی فرمێسکەوە باسی رووداوەکەی کرد "کاتێک کوڕەکەم هاتبووەوە ماڵەوە، من لەوێ نەبووم، چووبوومە سەر کار، کاژێر چواری عەسر گەڕامەوە، هیوا تای هەبوو لەناو جێگا کەوتبوو، وامزانی سەرمای بووە، بۆیە دەرمانم پێدا، بەڵام شەو حاڵی خراپتر بوو، چەند هەوڵمدا بیبەمە نەخۆشخانە، لەگەڵم نەهات، رەفتاری نامۆ بوو، زۆرم لێکرد کە پێم بڵێت چی روویداوە، ئەویش هەموو رووداوەکەی بۆ گێڕامەوە".

## هەڕەشەی خۆکوشتن دەکات

حەلیمە دەڵێت: "ئێستا دەمەوێت بە براکانم بڵێم و بچینە لای پۆلیس سکاڵا تۆمار بکەم تا ئەو تاوانبارە بدۆزرێتەوە و دەستگیر بکرێت، بەڵام هیوا دەڵێت بە هەر کەسێک بڵێی، خۆم دەکوژم". هەروەها گوتی: "لە 2017/8/20 وە هیوا بە رووخاوی لە ماڵەوە دانیشتووە و ناچێتە دەرەوە".

## سکاڵایان تۆمار نەکردووە

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "چەندین حاڵەتی هاوشێوەی هیوا لەڕێی یاساوە مافی سەندراوەتەوە و سزای سەختی تاوانبار دراوە، سزای ئەو جۆرە کەسانەش کە دەستدرێژی لە مێرمنداڵان دەکەن تا سزای لەسێدارەدانیش دەڕوات، چونکە چەندین ماددەی یاسایی رووبەڕوویان دەکرێتەوە".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر رێنمایی ئەو خێزانە دەکات و دەڵێت "داوا لەو خێزانە دەکەم، سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمەتبارەکە تۆمار بکەن، بەهیچ شێوەیەکیش کێشەیان بۆ دروست نابێت، چونکە هەموو رێکارە یاسایی و دادگاییەکان بە نهێنی بەڕێوەدەچێ بەبێ ئەوەی کەسی ستەملێکراو ناوی بزڕێ".

خانمە گۆرانیبێژ دیلان خۆشناو بۆ (رووداو):

# شووم بە میوزیک و گۆرانی کردووە



دیلان خۆشناو، بە دەنگی میوزیک و گۆرانی گەورە بووە. ئەو لە بنەماڵەیەکی هونەری لە کوردستان لەدایکبووە. باوکی رەنجبەر خۆشناو بە ئامێری عوود لایەلای بۆ کردووە و رزگار خۆشناوی مامیشی لە جێی ئەلف و بێی کوردی نۆتە و میلۆدی بۆ نووسیوەتەوە. بۆیە کاتێک گەورە دەبێ، کارەکانی ئەوان تەواو دەکات و دەبێتە گۆرانیبێژ.

دیلان خۆشناو، لە ئەڵمانیا دەژیت، ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی یەکەمین ئەلبوومی گۆرانی، ئێستا کە لە هەولێر سەرقاڵی ئەلبوومەکەیەتی، (رووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

**رووداو: ماوەیەکی زۆر لە کاری هونەری دوورکەوتیتەوە، هۆکارەکەی چی بوو؟**

**دیلان:** راستییەکەی بەهۆی سەرقاڵبوونم بوو بە خوێندن لە بەشی ئەندازیاری، هەروەها کارم دەکرد و وەرگێڕ بووم، زۆر کاتم بۆ هونەر نەبوو، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکیشە سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەلبوومێکی گۆرانی و میوزیکم، کە بەشێک لە کارەکان کۆتایی هاتووەو لە ماوەیەکی نزیکدا تەواو دەبێت، لەبەر ئەوەی هەموو کارەکانی ئەو ئەلبوومەم بەتەنیا کردووە، زۆر دواکەوتین و لە راگەیاندنیش دوور کەوتبوومەوە.

**رووداو: ئەلبوومە نوێیەکەت لە چەند تراک پێکهاتووە؟**

**دیلان:** لە 10 تراک پێکدێ، سێ لە گۆرانییەکان کۆنن و گۆرانییەک کە لەلایەن هونەرمەند شڤان پەروەر بەناوی من بیریا تە کریە گوتراوە، من بەشێوازێکی نوێ دابەشکردنی میوزیکم بۆ کردووە. هەروەها گۆرانییەکی هونەرمەند لەیلا فەریقیم دووبارە کردووەتەوە، لەگەڵ گۆرانییەکی هونەرمەند کەمال محەممەد. جگە لەوەش گۆرانییەکم بە کوردی و ئینگلیزی و ئەڵمانی گوتووە کە لە ئاواز و تێکستی خۆمە.

**رووداو: ئەو هونەرمەندانە ئاگادارن کە گۆرانیی ئەوان دەڵێیتەوە؟**

**دیلان:** پرسم بە هونەرمەند لەیلا فەریقی کردووە و زۆریش پشتگیریی کردم. بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا نەمتوانیوە رەزامەندی هونەرمەند شڤان پەروەر وەربگرم، من لە منداڵییەوە ئەو هونەرمەندە دەناسم و وەکو هونەرمەندێکی شۆڕشگێڕی کورد ناسیومە، هەوڵ دەدەم رای ئەویش وەربگرم. هونەرمەند کەمال محەممەدیش ئاگاداری ئەم کارە نییە، بەڵام لە هەوڵدام رەزامەندی وەربگرین.

حەز دەکەم عاشق بم و شوو بکەم

**رووداو: چۆن بیرت لەوە کردەوە لەبەرنامەی زە ڤۆیسی ئەڵمانیا بەشداری بکەیت؟**

**دیلان:** بەڕاستی سەرەتا من ناوی خۆم نەنووسیبوو، ئیمێڵێکم بۆ هات سەرپەرشتیارانی ئەو بەرنامەیە لە ئەڵمانیا منیان بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لەو بەرنامەیە بەشداری بکەم، خۆشبەختانە تاوەکو دووەم قۆناغ رۆیشتم، بەڵام ئەزموونێکی زۆر باشم لەو بەرنامەیە پەیدا کرد.

**رووداو: لە سۆشیال میدیادا زۆرجار ڤیدیۆ بڵاودەکەیتەوە کە بەزمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزی گۆرانی دەڵێیت، بۆچی دەتەوێت بە زمانی بیانی گۆرانی بڵێی؟**

**دیلان:** حەز دەکەم بەهەموو زمانێک گۆرانی بڵێم، لەگەڵ ئەوەشدا پێمخۆشە گۆرانییەکان بەشێوازی تایبەت بەخۆم بڵێمەوە نەوەک لاسایی هونەرمەندان بکەمەوە، گرنگ ئەوەیە گۆرانی و میلۆدییەکە خۆش بێت، من دەیڵێمەوە و لە سۆشیال میدیا بڵاوی دەکەمەوە.

**رووداو: لە ئەلبوومە نوێیەکەتدا خۆت هەموو کارێکت کردووە، میلۆدیت داناوە، کاری دابەشکردنی میوزیکت کردووە، ئەمە بۆ؟**

**دیلان:** زۆر کەس هەوڵیدا هاوکاریم بکات، بەڵام من حەزم کرد ئەمجارە خۆم هەموو کارێک بکەم و هێز و توانای خۆم تاقی بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من لە هەموو کەس باشتر دەزانم چ تۆنێک لەگەڵ دەنگی من دەگونجێت، یاخود چ ملیۆدییەک لەگەڵ ئەداو هێزی دەنگم دێتەوە.

**رووداو: دەنگی کامە کچە هونەرمەندی کوردت پێخۆشە، یان گوێ لە کامە هونەرمەندی کورد دەگری؟**

**دیلان:** دەنگخۆشی کچمان زۆرە، بەڵام من زۆر شەیدای دەنگی هونەرمەندان لەیلا فەریقی و ئاینوور دۆغانم. هەمیشە گوێ لە گۆرانیی ئەوان دەگرم، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی دەرفەت گوێ لە هەندێ گۆرانیبێژی کچی کورد دەگرم.

**رووداو: لە ئەڵمانیا زیاتر بەچییەوە سەرقاڵی؟**

**دیلان:** ئیشی سەرەکیم وەرگێڕانە، لەگەڵ کۆچبەران کار دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا کاری هونەری دەکەم، ئەگەر کاتم هەبوو کاری میوزیک و تۆمارکردنی گۆرانییەکانم دەکەم، وەکو هەر کچێکی دیکەی ئەو وڵاتە دەژیم.

**رووداو: ئایا دیلان عاشق بووە؟**

**دیلان:** من تاوەکو ئێستا شووم نەکردووە، (بە پێکەنینەوە) شووم کردووە بە میوزیک و گۆرانی، بەڕاستی عاشقیش نەبووم، هەرچەندە حەز دەکەم عاشق بم و شوو بکەم، بەڵام دیارە تاوەکو ئێستا قسمەت نەبووە. ئەگەر شووش بکەم پێم باشە کوڕەکە کورد بێت، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە دڵی گەورە بێ.

**رووداو: لە هەموو ڤیدیۆکلیپەکانت دانس دەکەی، حەز لە هەڵپەڕکێی کوردی ناکەیت، یان تەنیا دەتەوێت سەما بکەی؟**

**دیلان:** من خۆم ناوم دیلانە، کەواتە دەبێت هەردەم هەڵپەڕم، بەڕاستی من زۆر حەز لە دانس دەکەم، جا کوردی بێت یان بیانی، گرنگ ئەوەیە سەما بکەین، بەڵام ئەو گۆرانیانەی من دەیڵێم هەموو بە ریتمی ئەورووپییە بۆیە دانسی زیاتر لەگەڵ دەگونجێ.

خۆم ناوم دیلانە کەواتە دەبێت هەمیشە هەڵپەڕم

**رووداو: لە بەرنامەتدایە کارێک بۆ پشتگیری لە گشتپرسی بکەی؟**

**دیلان:** بەشانازییەوە من ئامادەم هەموو کارێک لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و سەرخستنی گشتپرسی لە کوردستان بکەم، چونکە ئەوە خەونی من بوو، بەڕاستی من لە رێگەی ئێوەوە داوا دەکەم هەموو خەڵکی کوردستان بچنە سەر سندوقی دەنگدان و بە بەڵێ دەنگی خۆیان بدەن.

خەونی من کوردستانێکی سەربەخۆیە

**رووداو: تۆ بەشی ئەندازیاریت لە ئەڵمانیا تەواو کردووە، بەڵام ئێستا کاری هونەری دەکەیت، پەشیمان نیت لەوەی پیشەکەی خۆی بەجێهێشتووە؟**

**دیلان:** من هیچ پەشیمان نیم، هەر کات بخوازم دەتوانم کۆمپانیا دابنێم و کاری ئەندازیاری بکەم، دەتوانم هەردووکیان بەیەکەوە بکەم، بەڵام کاری هونەریم خۆشتر دەوێت لە کاری ئەندازیاری.

**رووداو: هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاریت کردووە؟**

**دیلان:** نەخێر تاوەکو ئێستا هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاریم نەکردووە.

**رووداو: ئەی تاتۆ کە زۆر لە هونەرمەندان حەزیان لێیە؟**

**دیلان:** من حەز لە تاتۆ ناکەم، هیچ تاتۆم نەکردووە، بەڕای من تاتۆ زیاتر لە پیاوان جوانترە نەوەک ئافرەتان.

چیرۆکی وابەستەیی شوانێک بە نیشتمانەکەیەوە دەگێڕێتەوە

# زاگرۆس.. یەکەم فیلمی درێژی سەهیم عومەر لە دوای 98 خەڵات

**پەسار فایەق**
**رووداو- هەولێر**

سەهیم عومەر خەلیفە، دەرهێنەری کورد، لە دوای بەدەستهێنانی 98 خەڵاتی سینەمایی لەڕێی سێ کورتە فیلمەوە، یەکەم فیلمی درێژی خۆی بەناوی "زاگرۆس" بەرهەمهێنا.

خەلیفە لەبارەی یەکەم ئەزموونی کاری دەرهێنانی فیلمی درێژ بە (رووداو)ی گوت "کاری دەرهێنانی کورتەفیلم و فیلمی درێژ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام زاگرۆس بۆ من ئەزموونێکی نوێ و گرنگ بوو".

(زاگرۆس) چیرۆکی شوانێکی کوردی باکووری کوردستان بەناوی زاگرۆس دەگێڕێتەوە کە هاوژینی خۆی زۆر خۆشدەوێت، بۆ ئەو کوردستان بەهەشتە، بەڵام هاوژینەکەی، هاڤین و کچەکەی بەناوی رەیحان، روو دەکەنە بەلجیکا، دواتر زاگرۆزیش بڕیار دەدات بەدوای ئەواندا بڕواتە دەرەوەی وڵات.

لە بەلجیکا زۆر شتی نوێ لەبارەی هاوژینەکەیەوە دەزانێت و متمانەی جارانی پێی نامێنێ، بۆیە دەخوازێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نیشتمان و لەسەر هەمان ستایلی جاران درێژە بە ژیانی خۆی بدات.

ئەو دەرهێنەرە کوردە کە دانیشتووی بەلجیکایە و ماستەری لە سینەمادا هەیە، لەبارەی چیرۆکی فیلمەکە گوتی کە ئەو کەسایەتی شوانێکی کردووەتە کارەکتەری سەرەکی لە فیلمەکەیدا. ئەو شوانە لەگەڵ ژینگەی خۆی راهاتووە، بەڵام کاتێک دەچێتە شارێکی جەنجاڵی وەکو برۆکسلی پایەختی بەلجیکا، ناتوانێت خۆی لەگەڵ ژیانی ئەوێ رابێنێ و ناچار دەبێت بگەڕێتەوە باوەشی نیشتمانەکەی.

فیلمەکە لە باکووری کوردستان وێنەگیراوە و چیرۆکەکەیشی گرێدراوی ئەو پارچەیەی کوردستانە.

سەهیم عومەر خەلیفە لەبارەی هۆکاری هەڵبژاردنی باکووری کوردستان بۆ فیلمەکەی، دەڵێت کە بە پێچەوانەی فیلمەکانی پێشووی، پێویست بوو ئەوانەی لە فیلمەکدا رۆڵ دەگێڕن، ئەکتەری بە ئەزموون بن، لە باکووریش ئەکتەری بە ئەزموون هەن، بۆیە ئەوێی هەڵبژارد. خەلیفە لەو سێ کورتە فیلمەی بەرهەمی هێناون، پشتی بە ئەکتەری بە ئەزموون نەبەستووە، بەڵکو رۆڵی داوەتە کەسانی ئاسایی.



سەهیم عومەر خەلیفە بەشێکی فیلمەکەی لە یۆنان وێنەگرتووە، هۆکاری ئەمە رووندەکاتەوە و دەڵێت "بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکە سەختیی زۆرمان هاتە پێش، بۆیە ناچاربووین بەشێکی فیلمەکە لە یۆنان وێنە بگرین، چونکە سرووشتی یۆنان لە کوردستانەوە نزیکە و ژمارەیەکی زۆر کوردی لێیە کە وەک کۆمبارس سوودیان لێوەرگیراوە".

فیلمەکانی خەلیفە لەلایەن بەلجیکاوە پشتیوانیی دارایی دەکرێن و یەکێک لە هۆکارەکانیش دەنگدانەوەی فیلمەکانیەتی لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا و توانیویەتی ریکۆردی وەرگرتنی زۆرترین خەڵات لەو وڵاتە بشکێنێ کە خاوەنی 98 خەڵاتە.

وەک خەلیفە دەڵێت، بەلجیکا ساڵانە بودجەیەکی کەم بۆ سینەما تەرخان دەکات کە 15 تاوەکو 20 ملیۆن دۆلارە، بۆیە ژمارەیەکی کەم لە سینەماکاران لەو بودجەیە سوودمەند دەبن و کێبڕکێیەکی سەخت لە نێوان سینەماکاراندا هەیە بۆ وەرگرتنی بودجەی فیلم.

"زاگرۆس" لەگەڵ 11 فیلمدا لە بەشی پێشبڕکێی 44مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی گێنت بەشدار دەبێت کە بڕیارە چالاکییەکانی لە 10 تاوەکو 20ی تشرینی یەکەم لە شاری گێنت لە بەلجیکا بەڕێوەبچێت.

خەلیفە خۆشحاڵە بە بەشداریی فیلمەکەی لە فێستیڤاڵی گێنت کە بە گەورەترین و گرنگترین فێستیڤاڵی سینەمایی لە بەلجیکا دەناسرێت و دەبێتە یەکەم بەشداریی فیلمەکە لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا.

ئەم بەرهەمە سینەماییە لە چەند فێستیڤاڵێکی دیکەی سینەماییدا وەرگیراوە، لەوانە 18یەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی Arrasکە لە 3 تاوەکو 12ی تشرینی دووەم لە شاری ئارەس لە فەڕەنسا بەڕێوەدەچێت.

ئارەس یەکێک لە گرنگترین فێستیڤاڵە سینەماییەکانی فەرەنسایە و لە ئاستی جیهانیشدا ناوبانگی هەیە. فیلمە نوێیەکەی سەهیم عومەر لەگەڵ هەشت فیلمی دیکەدا لە بەشی پێشبڕکێدا بەشدارە.

لە فیلمی زاگرۆسدا هەریەکە لە فەیاز دۆمان، حەلیمە ئێلتەر و سوات ئۆستا و هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناسراوی کورد، هۆزان برادەر، رۆڵ دەگێڕن.

زاگرۆس بەرهەمێکی هاوبەشی بەلجیکا و هۆڵەندایە، پرۆدیوسەری سەرەکیی فیلمەکە دریس فالیپۆیە و سەهیم عومەر، جەین کلود و ڤان ریچکهام سیناریۆکەیان ئامادە کردووە. کاری وێنەگرتن، دەنگ و مۆنتاژی فیلمەکە لەلایەن سینەماکارانی بەلژیکی و هۆڵەندییەوە کراوە.

فیلمی زاگرۆس لە 15ی تشرینی دووەمی داهاتوو لە هۆڵەکانی سینەما لە بەلجیکا نمایش دەکرێت.

سەهیم عومەر خەلیفە، پێشتر لەڕێی کورتەفیلمی "میسی بەغداد"، "وڵاتی پاڵەوانان" و "نێچیرڤانی خراپ"، 98 خەڵاتی لە فێستیڤاڵە سینەماییەکاندا وەرگرتووە.

دوو ساڵ بەسەریەکەوە کورتەفیلمی "میسی بەغداد"، دواتریش "نێچیرڤانی خراپ"، لە لیستی 10 کورتە فیلمە کاندیدکراوەکان بوون بۆ خەڵاتی ئۆسکاری باشترین کورتەفیلم و ئێستا ئەندامی لیژنەی هەڵسانگاندنی فیلمە لە ئۆسکار.

ئەو دەرهێنەرە بەهۆی وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵات، توانی ریکۆردی وەرگرتنی زۆرترین خەڵات وەک سینەماکارێک لەسەر ئاستی کوردستان، عێراق و بەلجیکا تۆمار بکات.



# نەخۆشانی ئەلزهایمەر گۆشەگیر مەکەن


سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی


بەکـر زۆر دڵگران بوو لـەوەی باوکی پێش ئـەوەی بمـرێ، ئەمی نەدەناسـییەوە، چجای ئـەوەی وەسـیەت و دوا قسـەی خـۆی بـۆ بەجێبهێڵێـت "بەمدواییـە کە دەچـووم تووڕە دەبـوو، دەیگـوت شـەرمە بـۆ تـۆ پیاوێکی بێگانەیت و دێیتە ماڵێک و دەمێنیتەوە کە کچ و ژنی نەناسراوی تۆی تێدان". کچ و ژنەکە کەس نەبـوون جگە لە دایک و خوشـکی بەکر. ئەو دەڵێ سەرەتا حاڵەتەکەی تەنیا لەبیرچوونەوەی هەندێک شتی سادە بوو، بەڵام بەمدواییە هیچی ئەوتـۆی بیـر نەمابـوو. لەبەر تانەوتەشـەری خەڵکیش، لە گۆشەی ماڵەوە هێشتبوویانەوە و لێنەدەگەڕان تێکەڵی کۆمەڵگە ببێ.

ئـەو ناهەموارییـە هـزری، دەروونـی و جەسـتەییەی باوکی بەکر تووشـی بووبوو، بە "نەخۆشـیی ئەلزهایمەر" ناودەبرێ کە مێشکی مـرۆڤ بەشـێوەیەکی لەسـەرخۆ دەسـت بە پووکانەوە دەکات. بە گشـتی کەسی تووشبوو لەپاش دەستنیشـانکردنی نەخۆشییەکە 3-9 ساڵ دەژی.

ئەلزهایمـەر بەوە ناسـراوە کە نەخۆشـیی کەسـانی بەتەمەنـە و زۆرتر لە کەسـانی 65 سـاڵی و گەورەتردا دەردەکـەوێ، تەنیا 5%ی تووشـبووان تەمەنیان لە 65 سـاڵان کەمترە، بەڵام ئێسـتا ژمارەیەکـی بەرچاوی گەنجانیش دەڵێن زوو شتیان بیر دەچێتەوە.

گەنجێک دەڵێت: "هەندێکجار کەسێک دەبینم هەست دەکەم بینیومە، بەڵام بە خێرایی بیرم ناکەوێتـەوە کێیە، دوای چەند خولەکێک بیرم دەکەوێتەوە ئەوە هاوڕێی قۆناغی سەرەتاییمە و فلان کەسـە". بەڵام پزیشکێکی پسپۆڕ ئەو گەنجـە دڵنیـا دەکاتەوە کە ئەوە نەخۆشـیی ئەلزهایمەر نییە، بەڵکو پەیوەندی بە سروشتی ژیانی ئێستاوە هەیە.

د.هەژار مەعرووف، کە بۆردی لە نەخۆشییە دەروونییـەکان لـە ئەڵمانیـا وەرگرتـووە، بە (رووداو)ی گـوت: "ژیانـی جـاران سـادە بـووە، خەڵکـی تەنیا چەند ئەرکێکـی دیار و سـنوورداریان هەبـوو، بـەڵام خەڵکی ئێسـتا زۆر سـەرقاڵن، بیریـان لای زیاتر لە بابەتێکە، بۆیـە هزریـان سـەرقاڵە و کەمتـر لـە جاران یادەوەرییەکانیان بۆ دەپارێزرێ".

وەک ئەو پزیشکە باسیدەکات، لە نەخۆشیی ئەلزهایمـەردا کەسـەکە سـەرەتا یادەوەرییە نزیکەکانـی بیردەچێتـەوە، بـەڵام یادەوەرییە کۆنەکانـی بـە باشـی لەبیرن "بـۆ نموونە بە سـەختی سـویچی ئۆتۆمبێلەکەی یان شوێنی جزدانەکەی یان گۆرەوییەکانی بیردەکەوێتەوە، بەڵام زۆر بە باشی یادەوەرییەکانی گەنجێتی و منداڵی لەبیرە".

لـە کەسـانی بەتەمەنیشـدا هەمـوو لەبیرچوونەوەیـەک مایـەی نیگەرانـی نییـە، بەڵام ئەگەر بیرچوونەوەکە ئەم جیاکەرەوانەی هەبـوون، دەبێ بەهەنـد وەربگیرێن و راوێژ بە پزیشک بکرێ:

– ئەگەر کەسە بەتەمەنەکە پێشتر وا نەبووە و ئێستا وای لێهاتووە.

– ئەگەر گرفتی بیرچوونەوەکە بە بەردەوامی مایەوە و لە حاڵەتەوە بووە سیفەتی کەسەکە.

– ئەگەر پاش رووداوێک تووشـی ئەو گرفتە بوو، بۆ نموونە بەرکەوتنی زەبر.

– ئەگەر کتوپڕ بە شێوەیەکی بەرچاو تووشی لەبیرچوونەوە بوو.

## زیرەکی لەدەستدەدەن، نەک هەست و سۆز

تووشبووانی ئەلزهایمەر هەر بە لەدەستدانی یادەوەرییـە نزیکەکانیان ناوەسـتن، بەڵکو لە کۆتاییدا ئاستی زیرەکییان دادەڕمێ، قسەکردن و تەنانـەت نەریتـە کۆمەڵایەتییەکانیشـیان بیردەچێتـەوە و چیـدی نازانـن هەسـت و بۆچوونەکانیان بە کەسـانی بەرامبەر بگەیێنن و هەڵسوکەوتی نائاسایی دەکەن. دکتۆر هەژار دەڵـێ: "دروسـت وەک ئەوەیە بـەرەو منداڵی بگەڕێنـەوە، وردە وردە توانـا و بەهرەکانیـان لەدەستدەدەن".

پزیشکەکە هۆشداری دەدات کە تووشبووان زیرەکی لەدەستدەدەن، نەک هەست و سۆزیان "کاتێـک پشـتگوێی دەخـەی، راسـتە نازانێ نارەزایی دەربڕێ، بەڵام لە ناخەوە خەم دەخوا و دڵتەنـگ دەبـێ. کاتێک کەسـانی دەوروبەر گاڵتە بە قسـە و هەڵسـوکەوتە سـەیرەکانی دەکەن، تووشی بێزاری و بێتاقەتی دەبێ".

دکتـۆر هـەژار بـە گرنگـی دەزانـێ رێز و کەسـایەتی تووشـبووان بپارێـزرێ و لە ماڵدا وەک بابەتێکـی شـەرمهێن تەماشـا نەکرێن، تێکەڵی دانیشـتنە خێزانی و خزمایەتییەکان بکرێن و گۆشـەگیر نەکرێن "گۆشەگیرکردنیان تووشی بارێکی دەروونیی ناهەمواریان دەکات، هـەروەک توانجلێدانیـان زیاتـر متمانەیان بە خۆیان کەمدەکاتەوە و تووشی دارمانی زیاتری کەسایەتییان دەکات".

## کێ تووش دەبێ؟

سـاڵی 1983 رۆناڵـد ریگـن (سـەرۆکی ئەمریکا لەنێوان ساڵانی 1981-1989) بڕیاریدا مانگـی نۆڤەمبـەر لـە ئەمریـکا وەک مانگی هۆشـیارکردنەوەی خەڵک لەبارەی نەخۆشـی ئەلزهایمەر دەستنیشـان بکرێ. ئەوەی سەیر بـوو دواتـر خودی سـەرۆکیش تووشـی ئەو نەخۆشییە بوو.

یەکێکی دیکە لە تووشبووان بەم نەخۆشییە مارگرێـت تاتچەر (سـەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لەنێوان ساڵانی 1979- 1990) بوو. رۆژنامەی دەیلی تەلەگراف لە راپۆرتێکدا لە ساڵی 2008 نووسـیویەتی "خاتو تاتچـەر، یەکێک رێبەرە بەنێوبانگەکانی سـەدەی بیسـت، ئێسـتا بە ئاسـتەم دەتوانێ رسـتەیەکی تەواو بە باشی بڵـێ، نازانێ لە کوێ دەژی و تەنانەت لەبیری چووەتەوە کە مێردەکەی مردووە".

تاکو ئێستا بە وردی نازانرێ بۆچی بەشێک لە خەڵکی تووش دەبن و بەشێکی دیکە تووشی نابن. ئەوەی زانسـت پێیگەیشـتووە، ئەوەیە کە نزیکـەی 70%ی حاڵەتەکانـی ئەلزهایمەر پاڵنـەری بۆماوەییان هەیە، هۆکارەکانی دیکە برتین لە: زەبر گەیشـتن بە سەر، خەمۆکی و بەرزەپەستانی خوێن.

## ئەلزهایمەر روو لە زیادبوونە

بەهۆی زیادبوونی رێژەی کەسانی بەتەمەن لەنێـو کۆمەڵگـەدا، ئێسـتا زۆرتر لـە جاران حاڵەتەکانی تووشبوون بەم نەخۆشییە تۆمار دەکرێن. بەجۆرێک لە سـاڵی 2015دا لەسـەر ئاسـتی جیهـان نزیکەی 30 ملیـۆن حاڵەتی ئەلزهایمەر تۆمارکراون و 1.9 ملیۆن کەسیش بەهۆی ئەم نەخۆشییە مردوون.

ژمـارەی نەخۆشـانی ئەلزهایمـەر لـە نەخۆشـخانەکانی ئەڵمانیا و لـە ماوەی نێوان سـاڵانی 2000 - 2015 بـە رادەی 85% زیـادی کـردووە، ئـەوەش بەپێـی داتاکانـی نێوەندی ئامـاری ئەڵمانی کە بە بۆنەی 21ی ئەیلـوول، رۆژی جیهانیـی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشـیی ئەلزهایمەر بڵاوکرایەوە .بەگوێرەی داتاکانـی ئـەو نێوەندە فەرمییـەی ئەڵمانیا، ساڵی 2015 ژمارەی ئەو کەسانەی چارەسەری ئەلزهایمەریان لەووڵاتە وەرگرتووە گەیشتووەتە 19049 کەس.

**ئەلزهایمەر لە پلانی وەزارەتدا نییە**

سـەبارەت بـە ئامـاری ئەلزهایمـەر لـە کوردسـتان، (رووداو) پەیوەندی کرد بە د.خالس قـادر، گوتەبێـژ و بەڕێوەبـەری گشـتی دیوانی وەزارەتی تەندروسـتییەوە، ئـەو گوتی "ئاماری ئـەم نەخۆشـییەمان نییـە و هیـچ پلانێکـی تایبەتیشـمان نییـە بە تووشـبووان بەم نەخۆشییە".

# ئەو نەریتانەی تەمەن درێژ دەکەن


رووداو- دەیلی تەلەگراف


هەندێک نەریتی سادەی رۆژانە هەن کە ئەنجامدانیان سەخت نییە، بەڵام دوور نییە ببنە هۆی تەمەندرێژی یان تەمەنکورتیمان.

**ئەمانە پێنج رێنمایین کە بەپێی توێژینەوە زانستییەکان دەبنە هۆی تەمەندرێژی:**




### 1 خۆشووشتن بە ئاوی سارد:

توێژینەوە زانستییەکان دەڵێن ئەو لەرزینەی بەهۆی خۆشووشتن بە ئاوی سـارد دروسـت دەبێ، جۆرێکە لە وەرزش و چالاکیی بۆ جەسـتە، هەروەک هانی گۆڕانی چەوریی سپیی جەستە دەدات بۆ چەوریی قاوەیی. چەوریی سپی بەوە ناسراوە کە وزە هەڵدەگرێ و قەڵەوی دروست دەکات، کەچی چەوریی قاوەیی هانی سووتاندنی وزە و دابەزاندنی کێش دەدات. هەموو ئەوانەش هۆکاری باشبوونی باری تەندروستی گشتی و سەرئەنجام تەمەندرێژین.



### 2 خەوت باش بێ:

توێژینەوەیەکی زانسـتی دەریخستووە ئەگەر شەوانە نیو کاژێر خـەوت کەمبکەیتەوە، ئـەوە ئەگەری قەڵەوبوونت بەشـێوەیەکی بەرچـاو زیـاد دەکات. وەک زانـراوە قەڵـەوی چەندین لێکەوتەی نەخوازراوی هەیە و سەرئەنجام تەمەنت کورت دەکەنەوە.




### 3 جووڵەت هەبێ

جموجوڵی زۆر جگە لەوەی وزەی زیادەی جەستە دەسووتێنێ و دژی قەڵەوییە، هەمانکات دژی قەبزیشە کە هۆکارێکی تووشبوونە بە شێرپەنجەی کۆڵۆن. هەم شێرپەنجەی کۆڵۆن و هەم لێکەوتەکانی نەجووڵان و قەڵەوی لە هۆکارە دیارەکانی تەمەنکورتیی مرۆڤن.



### 4 قاوە زۆر بخۆرەوە:

توێژینەوەکان دەریانخسـتووە قاوە خواردنـەوە ئەگەری مردن کەمدەکاتەوە، بە تایبەتی لە کەسـانی سەروو تەمەن 45 ساڵیدا. توێژینەوەیەکی ئیسـپانی دەڵـێ ئەگەر رۆژانە چـوار کووپ قاوە بخۆینـەوە و سیسـتمێکی خۆراکیی باشـمان هەبـێ، تەمەنێکی درێژمان دەبێ، بەڵام هۆشداری داوە لە زۆر خواردنەوەی قاوە لەو کەسـانەی بەرزەپەستانی خوێن و نەخۆشیی دڵیان هەیە، چونکە لەوانەدا دوور نییە ئاڵۆزکاریی تەندروستی لێبکەوێتەوە.



### 5 رۆژانە هێلکەیەک بخۆ:

توێژینەوەیـەک لە چینـەوە دەڵێ ئەوانـەی رۆژانە هێلکەیەک دەخۆن کەمتر تووشی جەڵتەی مێشک دەبن و هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە هێلکە بە ترشـی فۆلیـک دەوڵەمەندە. کۆمەڵەی دڵـی بەریتانیش دەڵێ خواردنـی رۆژانەی هێلکەیەک نابێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری تووشـبوون بە نەخۆشـیی دڵ، وەکوو پێشتر بانگەشەی بۆ دەکرا.

# سێ سووکەژەمی تەندروست بۆ خانمانی دووگیان

**بۆ دوورکەوتنەوە لەو گرفتە، گۆڤارەکە سێ سووکەژەمی تەندروستی پێشنیاز کردووە:**


رووداو- DW


گۆڤاری (یۆنگە فامیلیە)ی ئەڵمانـی دەڵێ خانمانی دووگیـان نۆرەیەکی خێرای برسـێتییان بـۆ دێ و بـە زۆرییـش حەز بە شـیرینی دەکەن، خۆ ئەگەر ئەو حەزە بە شـەکرە دەسـتکردەکان دابمرکێننـەوە، ئـەوە هـەم رەگەزێکـی ئەوتـۆی خۆراکییان پێنـاگات، هەم کالۆرییەکی زۆریان پێدەگات و قەڵەو دەبن.

### 1 ئەڤۆکادۆ و پەنیر:

پەنیـری سروشـتی جۆرەهـا پرۆتینی تێدایـە و هەسـتی تێربوونـی درێژمـاوە دەبەخشـێ. هەرچـی ئەڤۆکادۆیـە، ئەوە ترشە چەورییە سوودبەخشەکان بە جەستە دەبەخشێ.



### 2 فینگەری گێزەر لەگەڵ نۆک:

زەڵاتەی پێکهاتوو لە فینگەری گێزەر و نۆک، پڕە لە پرۆتین و ریشاڵی خۆراکی. ئەمەش وادەکات ماوەیەکی درێژ هەست بە تێری بکەی.



### 3 ماست و میوە:

ماسـتی کەم چەوری و میوە پێکەوە ژەمێکـی دەوڵەمەند بـە پرۆتین و هەژار لە کالۆری دەبەخشـێ و بە درێژایی شەو ماددەی بەسـوود بۆ جەستەت دەنێرێ و لێناگەڕێ کتوپڕ برسی ببیتەوە.



# کلۆربوونی ددان بۆماوەییە؟


رووداو — DW


رووتانەوەی قژ، شێوەی لووت و رەنگی چاو زۆر کات دەگەڕێنرێنـەوە بۆ لایەنی بۆماوەیی، بەڵام ئایا دەکرێ کلۆربوونی ددانیش بۆماوەیی بـێ وەکـوو هەندێـک کـەس دەڵێـن؟ چەند توێژەرەێک لەڕێگەی توێژینەوە و سـتانداردی زانستییەوە گەیشتوونەتە وەڵامی ئەو پرسیارە.

هەندێک‌کەس‌دەیانەوێ‌کەمتەرخەمییەکانیان بشـارنەوە و هەموو گرفتە تەندروستییەکانیان وەها نیشـان بدەن کـە لە باوانیانـەوە بۆیان ماوەتەوە، بۆیە دەڵێن "کلۆربوونی ددان بەهۆی بۆماوەییەوەیـە". کەچـی توێژینەوەیەکی نوێ دەڵـێ زۆر لە هۆکارەکانـی کلۆربوونی ددان و بەکتریـای نێـو دەم، پەیوەندییـان بە لایەنی بۆماوەیی نییە.


بۆ گەیشـتن بـەو ئەنجامـە، توێـژەرەکان سـەرنجیان خسـتە سـەر 205 دووانـەی لێکچوو، هەروەها 280 دووانەی لێکنەچوو، لە جیاکەرەوە بۆماوەییەکانی ئەوانیان کۆڵییەوە، مەبەستیشیان بوو ئەوانە هەڵبژێرن کە ئاستی ژیـان و بژێوییـان لە یەکەوە نزیکـە، تێکڕای تەمەنی بەشداربووانیش لەنێوان-5 11 ساڵان بوو.


## چۆن ددانمان بشۆین؟

توێژەرەکان بۆ وەڵامی ئەو پرسـیارە گەڕان کە ئاخۆ بەکتریای نێو دەم پەیوەندی بە لایەنی بۆماویـی هەیـە یان نا؟ دەبـێ بڵێین بەکتریا نەخۆشـخەرەکانی دەم زیاتـر لەسـەر کلسـە کەڵەکەبووەکانی سەر ددانەکان گەشە دەکەن. دواتـر توێژینەوەکەشـیان لـە رۆژنامەی (دی ڤیلت)ی ئەڵمانی بڵاوکردەوە.

لـە توێژینەوەکـەوە دەرکـەوت بەکتریـا بێزیانەکانـی نێـو دەم پەیوەندییان بە لایەنی بۆماوەیـی هەیـە، بـەڵام نەخۆشـخەرەکان پەیوەندییان بە بۆماوەی کەسەکە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی بەهێزیـان بە نەریتی خۆراکیی کەسـەکەوە هەیە، بە تایبەت ئەگەر شـەکر و شیرینەمەنی زۆر بخوات.

توێـژەران دەڵێـن لێرەوە بۆمـان دەرکەوت مـرۆڤ بە دوو رێگا دەتوانێ رێ لە کلۆربوونی ددانەکانـی بگـرێ. یەکـەم: بـە کەمخواردنی شـەکرەکان و دووەم بە رێکوپێک شووشـتنی ددان. سەبارەت بە شووشتن رێنماییتان دەکەن رۆژانە دوو جار ددانەکان بشۆن کە هەر جارێکیان لانیکەم دوو خولەکی پێبچێ، هەروەک باشترە فڵچەی نەرم و کارەبایی بەکاربهێنن و هەویری ددانەکەتان ماددەی فلۆری تێدابێ.





# تورکیا و هەرێمی کوردستان..
# پێکداچوونی بەرژەوەندیی ئابووری

شەهریار شێخلەر*

تورکیا وەک حەڤدەهەمین ئابووریی دونیا، یەکێکە لە وڵاتانی ئەندامی G20و ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەی ئابووری (OECD)یە، ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی (WTO) یەو یەکێکە لە وڵاتە سەرەکییەکانی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری (ECO)، لە ساڵانی ڕابردوودا بەتایبەتی پاش 2001 گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەڵام بەهۆی خاڵە لاوازەکانیەوە چەندین جار لە ساڵانی ڕابردوودا تووشی وەستان بووە.

تورکیا سەرەکیترین شەریکی ئابووریی هەرێمی کوردستانە و هەردوولا کاریگەریی تایبەتیان لەسەر ئابووریی یەکتر هەیە و بەردەوامبوونی سەرکەوتنە ئابوورییەکانیان بەبێ لایەنەکەی دیکە، نەختێک ئەستەمە، هەرچەندە گرفتە ئابوورییەکانی تورکیا و قازانجە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئابووریی تورکیا، گرنگییەکی تایبەتی داوەتە هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا.

لێرەدا هەوڵ دەدەین شیکارییەک بۆ ئابووریی تورکیا و گرنگیی هەرێمی کوردستان بۆ ئابووریی ئەو وڵاتە بکەین.


تورکیا سەرەکیترین شەریکی ئابووریی هەرێمی کوردستانە و هەردوولا کاریگەریی تایبەتیان لەسەر ئابووریی یەکتر هەیە

## ئابووریی تورکیا، پێوەرە سەرەکییەکان

تێکڕای گەشەی ئابووریی تورکیا وەک حەڤدەهەمین ئابووریی جیهان، لە ماوەی ساڵانی 2010 بۆ 2016 بە 6.6% دەخەمڵێنرێت کە ڕێژەیەکی بەرچاو بووە بۆ گەشەی ئابووری لە وڵاتێکی بەرەوپێشچوو لە دوای قەیرانی ساڵانی 2008 و 2009، بەڵام هەرچی لە ساڵی 2010 دوورتر دەکەوینەوە، ئەو ڕێژەیە نزمتر دەبێتەوە و لە 5.2% لە ساڵی 2014 و 6.1% لە ساڵی 2015 ، بۆ 2.9% لە ساڵی 2016 دابەزیوە و پێشبینی دەکرێت لە 2017 شدا کەمتر لە 3% بێت و لە ساڵی 2018 بگاتە 3.8%. ئەگەر پلانە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، لە 2019 تا 4.1% بەرز ببێتەوە کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ مانەوەی ئابووریی تورکیا لەسەر جادەی پێشکەوتن ئەژمار ناکرێت.

ڕێژەی بێکاری لە 9.2% لە ساڵی 2014 بۆ 10.9% لە ساڵی 2016 بەرز بووەتەوە و ئەو وڵاتەی لە ڕیزبەندی وڵاتاندا بۆ پلەی 130 هەمین وڵات دابەزاندووە، هەروەها بەراورد دەکرێت کە یەک لەسەر پێنجی دانیشتووانی تورکیا (21.9%) لە ساڵی 2015 دا لە خوار ڕێژەی نەداری ژیانیان بەسەربردبێت. چەند داتایەکی سەرەکیی دیکە لەبارەی تورکیاوە بریتین لە:

– 17.1%ی کۆی بەرهەمی ناپوختەی تورکیا لە باج وەرگیراوە

– لەکاتێکدا بودجەی حکومەت 151 ملیارد دۆلار بووە، نزیکەی 146.4 ملیار دۆلار داهاتی حکومەت بووە و 5% بودجەکەی کورتی هێناوە.

– ڕێژەی هەڵاوسان لە تورکیا لە 7.7% لە ساڵی 2015 بۆ 7.8% لە ساڵی 2016 بەرزبووەتەوە و بۆ ساڵی 2017ش بە زیاتر لە 8.5% دەخەملێنرێت.

– داهاتی سەرانەی دانیشتووانی تورکیا لە کۆی داهاتی ناپوختەی نیشتمانی لە نزیکەی 24.500 دۆلار بۆ سێ ساڵی ڕابردوو (2014 تا 2016) گۆڕانکاری بینیوە.

– تێکڕای مووچەی ساڵانەی فەرمانبەرانی تورکیا لە ساڵی 2016 دا نزیکەی هەشت هەزار دۆلاری ئەمریکی بووە.

– نرخی ئاڵوگۆڕی دراوی تورکیا بەرامبەر بە دراوە دەرەکییەکان، بەتایبەت دۆلاری ئەمریکی و یۆرۆ، دابەزینێکی بەرچاوی تۆمار کردووە و لە 1.14 لە ساڵی 2007 بۆ 3.56 لە ساڵی 2017 بۆ هەر دۆلارێک دابەزیوە و لە 1.5 لە ساڵی 2017 بۆ 4.2 لە ساڵی 2017 بۆ هەر یۆرۆ دابەزیوە.

واتە سەرەڕای هەموو ئەو گەشە و بەرەوپێشچوونانەی تورکیا لە بواری ئابووری، وڵاتێکی زلهێز و پێشکەوتوو لەو بوارانەدا ئەژمار ناکرێت، بەتایبەتی پاش ساڵی 2013 و لاوازبوونی دراوی تورکیا لە بەرامبەر دراوە بیانییەکان، هەروەها داڕمانی کەرتی گەشتیاریی ئەو وڵاتە پاش هەڕەشە و گوشاری زۆری ڕووسیا و پاشان ناکۆکی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی، ئەو لاوازییە ئابوورییە زیاتر خۆی نیشان دەدات.

## هاوبەشە سەرەکییەکانی ئابووریی تورکیا

تورکیا لە ساڵی 2016، زیاتر لە 150 ملیار دۆلاری ئەمریکی هەناردە کردووە و لەبەرامبەردا زیاتر لە 198.4 ملیار دۆلاری هاوردە کردووە، واتا باڵانسی بازرگانیی ئەو وڵاتە زیاتر لە 48.3 ملیار دۆلار (32%) قەرزدارە (نێگەتیڤە).

وڵاتانی سەرەکیی ناو شەراکەتی بازرگانی لەگەڵ تورکیا، چەند وڵاتێکی دیاریکراون، لەناویاندا شەش وڵاتی سەرەکی و ڕێژەی هەناردەکاری و هاوردەکارییان لە تورکیا و باڵانسی بازرگانییان لەگەڵ ئەو وڵاتە نیشان دەدات کە تورکیا لەگەڵ زۆربەی شەریکە سەرەکیەکانی قەرزدارە، واتا ڕێژەی هاوردەکردنی لەو وڵاتانە لەڕێژەی هەناردەکردنی زیاترە.

بەپێی ئەو داتایانە، باڵانسی بازرگانیی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ئەڵمانیا زیاتر لە 5.5 ملیار دۆلار، لەگەڵ چین زیاتر لە 20 ملیار دۆلار و لەگەڵ ئیتالیاش نزیکەی 2.5 ملیار دۆلار قەرزدارە، هەرچەندە لەگەڵ چەند وڵاتێکی وەکوو بەریتانیا (5.5 ملیار دۆلار) پۆزەتیڤە، بەڵام لە کۆی باڵانس زیاتر لە 48 ملیار دۆلار قەرزدارە.

کەمتر وڵاتێک هەیە کە پێگەی عێراق (بە هەرێمی کوردستانەوە)ی هەبێت بۆ یارمەتی ئابووری و بازرگانیی تورکیا کاتێک عێراق و هەرێمی کوردستان نزیکەی نۆ ملیار دۆلاریان لە ساڵی 2016 لەو وڵاتە بەرهەم و خزمەتگوزاری هاوردە کردووە و بێجگە لە نەوت، هەناردەکردنێکی بەرچاویان بۆ ئەو وڵاتە نەبووە کە ئەویش بەهۆی گرێبەستەکانی نێوانیان و نرخی تایبەتی فرۆشتنی ئەو بەرهەمە بە تورکیا زیاتر خێرە تا پارە سەرفکردن، واتا تەنیا عێراق و هەرێمی کوردستانە کە بێجگە لەوەی بە هاوردەکردن هاوکاری ئابووریی تورکیا دەدات، هەناردەکردنەکەشی بۆ ئەو وڵاتە بووەتە هۆی هاوکاری بۆ ئابووریی تورکیا.

هەڵبەت زیاتر لە 75%ی ڕێژەی هەناردەکردنی تورکیا بۆ عێراق، تایبەتە بە هەرێمی کوردستان و دەگاتە زیاتر لە حەوت ملیار دۆلار لە ساڵی 2016 لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە لە ساڵی 2007 نزیکەی 50%ی کۆی هەناردەکردنی تورکیا بۆ عێراق بووە و بەزەحمەت دەگەیشتە 1.5 ملیار دۆلار (واتا ڕێژەی هاوردەکردنی هەرێمی کوردستان لە تورکیا زیاتر لە 4.5 بەرامبەر لە ماوەی 10 ساڵدا بەرز بووەتەوە کە ئەوە سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی داعش و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستانە).

هەرێمی کوردستان نە تەنیا لە ڕێگای هاوردەکردنی ڕاستەوخۆی بەرهەمەکانی تورکیا قازانجی ئابووری دەگەیێنێتە ئەو وڵاتە، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی تورکیا ڕێگای سەرەکی هاوردەکردنی بەرهەمەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایە بۆ هەرێمی کوردستان و بەشێکی عێراق، ئەوە بووەتە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەی کەرتی گواستنەوە، خەزن و بەندەرەکانی تورکیا. ئەمەش بێجگە لە قازانجە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پیشەسازییەکانی گواستنەوە، خەزن و تانکەکانی نەفت کە بۆ هەناردەکردنی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بەکاردێن و کۆی قازانجی کەرتی گواستنەوە و خەزنی تورکیا لەڕێی هاوردەکردن و هەناردەکردن بۆ هەرێمی کوردستان بە زیاتر لە سێ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا دەخەملێندرێت.

گرنگیی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا، تەنیا لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوانیاندا نییە و هەرێمی کوردستان ڕێگای هەناردەکردنی تورکیایە بۆ عێراق و بەشێک لە هەناردەکردنی ئەو وڵاتە بۆ سووریا، کوێت و ئێران و ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان بۆ ئابووریی تورکیا زیاتر بەرچاو دەکات.

پرۆژە هاوبەشەکان لەگەڵ کۆمپانیا تورکی و ڕووسییەکان بۆ گواستنەوەی گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان، بەشێکن لە پلانەکانی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و پێشبینی دەکرێت لە پلانی تورکیادا بۆ بوون بە هابی بڵاوکردنەوەی وزە لە ناوچەکەدا، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت، واتا بە جێبەجێکردنی پلانە ئابوورییەکان و وزەی نێوانیان، گرینگی و کاریگەریی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت و دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

*شرۆڤەکاری ئابووری و وزە

# هێزێکی عێراقی هیلالی شیعی بۆ ئێران دروست دەکات

ڕووداو- هەولێر

گرووپێک لە میلیشیا شیعەکانی عێراق بە 10 هەزار چەکدارەوە جێبەجێکاری سەرەکیی پلانێکی ئێرانن بۆ پێکەوە بەستنەوەی تاران و دیمەشق. بە گوێرەی بەرپرسانی ئێستا و پێشووی عێراق و لوبنانیش، ئەو ڕێگەیە بە کۆمەڵێک شارۆچکەی بچووکی عێراقیدا تێدەپەڕێت و گرووپی میلیشیایی نوجەبا ڕۆڵێکی باڵای لە جێبەجێکردنیدا هەیە.

ئەکرەم کەعبی، کەسایەتیی ئایینی عەرەبی شیعە و فەرماندەی گرووپی نوجەبا، چەندینجار هاوپەیمانێتیی گرووپەکەی لەگەڵ ئێران و پابەندیی خۆی بە ویلایەتی فەقیهەوە دووپات کردووەتەوە. شارەزایان پێیانوایە دروستکردنی ئەو ڕێگەیە کە بە کۆریدۆر یان هیلالی شیعە ناوی دەرکردووە، دەستی ئێران لە گواستنەوەی کەلوپەل و تەکنۆلۆژیی قورسی سەربازی بۆ ناو سووریا و لوبنان و سەر سنووری ئیسرائیل دەکاتەوە.

ڕاوێژکارێکی ئەمنیی ڕۆژئاوایی کە لەگەڵ چەندین حکومەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کاری کردووە، بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی دەڵێت: "گواستنەوەی پێداویستیی میلیشیاکان بە فڕۆکە خەرجییەکی زۆر هەڵدەگرێت، گواستنەوەی چەکی سووک بە فڕۆکە ئاسانە، بەڵام زەحمەتە بتوانی هەموو چەکە قورسەکان بە فڕۆکە بگوازیتەوە".

بە گوتەی ڕاوێژکارەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت "ئامانج ئەوەیە تۆپخانە، هاوەن و بۆلدۆزەر بگوازنەوە بۆ سووریا".

میلیشیای نوجەبا بەشێکە لە هێزەکانی حەشدی شەعبی کە بە گوێرەی یاسایەکی پەسەندکراوی ساڵی ڕابردوو بەشێکن لە هێزە فەرمییەکانی عێراق. بەم حاڵەشەوە ئەو هێزانە بەشدارییەکی کارایان لە شەڕی نێوخۆی سووریادا هەبووە و پشتیوانییەکی بەرفراوانیان لە مانەوەی ئەسەد لەسەر کورسیی دەسەڵات کردووە. ئەیاد عەلاوی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق بە (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاند "حکومەتی عێراق دەبێ ڕێگە لەو میلیشیایانە بگرێت و نەهێڵێت بچنە سووریا. بڕیار نییە ئێمە چەکدار ڕەوانەی ئەو وڵاتە بکەین بۆ ئەوەی پشتگیری لە دیکتاتۆرێک لە سووریا بکەین".

نەخشەی کۆریدۆر یان هیلالی شیعی چەندینجار گۆڕانی بەسەردا هاتووە. شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئاژانسە بەریتانییەکەی گوتووە کە دوای بەشداریی ئێران لە شەڕی سووریا، ئێرانییەکان هەوڵی کردنەوەی ڕێڕەوێکیان بەناو هەرێمی کوردستاندا دابوو، بەڵام مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، داواکەی ڕەتکردبوونەوە.

> بارزانی ڕازی نەبوو هیلالی شیعی بە کوردستاندا تێپەڕێ
>
> پەرلەمانتارێکی پارتی

ئێستا هیلالە شیعییەکە بە هەرێمی کوردستاندا ناڕوات، بەڵام شاخەوان عەبدوڵڵا هۆشداری دەدات کە "ئەو ڕێڕەوە هەر خۆی دەتوانێت ناوچەکە ناسەقامگیر بکات". بە بۆچوونی پەرلەمانتارەکەی پارتی لە بەغدا "ئەگەر ئێران بتوانێت ئەو ڕێگایە دروستبکات، ئەوە مەترسیی دەکەوێتە سەر هەموو گرووپە غەیرە شیعەکانی عێراق، چونکە عەرەبە سوننەکان تووشی ڕاگواستن دەبن، هەڕەشە دەکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان و مەسیحییەکانیش".

ئەمریکا ماوەیەکی زۆرە ئاگادارە کە کەعبی شەڕ بۆ ئێران دەکات. ساڵی 2008، وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا ئەوی وەکوو کەسێکی مەترسیساز بۆ سەقامگیریی عێراق وەسف کرد، هەموو داهاتەکانی کەعبی بلۆک کرد و قەدەغەی بازرگانیکردنی لەسەر دانا.

فەرماندەی نوجەبا لە ساڵی 2013 هێزێکی بۆ پارێزگاریکردن لە مەزارگەی زەینەب لە باشووری دیمەشق ڕەوانەی سووریا کرد. دوای ئەو هەنگاوە، نوجەبا بە کردەوە کەوتە نێو شەڕی دژی داعش و ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری سووریا. بەرپرسێکی باڵای پێشووی عێراق پێیوایە "داعش بووە دەرفەتێک بۆ ئەو خەڵکانە. کاتێک داعش هات، ئەو جۆرە هێزانە بوون بە پێویستی. داعش وایکرد ئەو هێزانە فراوانتر ببن، چەکی زیاتریان دەستبکەوێت، پارەی زیاتریان پێبدرێت و خەڵکانێکی زیاتریش ڕوویان تێبکەن. پارەکەش لە ئێرانەوە دەهات".

هاشم موسەوی، گوتەبێژی نوجەبا، لەوبارەیەوە بە (ڕۆیتەرز)ی گوتووە "جگە لە ئێران، نە ئەمریکا و نە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ئامادە نەبوون هیچ پشتگیرییەکی عێراق بکەن. ئێران بە چەک و ڕاوێژکار پشتگیریی عێراقی کرد". ژمارەیەک ڕاوێژکاری ئەمنیی عێراق ئاشکرای دەکەن کە ئێران مانگانە 1500 دۆلار بە چەکدارانی ئەو میلیشیایە دەدات. ڕاوێژکارە ئەمنییەکان ئەوەشیان خستووەتەڕوو کە ژمارەیەک لەو چەکدارانە لە باشووری عێراق مەشقیان پێدەکرێت و دواتر ڕاستەوخۆ لە بەغدا یان نەجەفەوە ڕەوانەی دیمەشق دەکرێن، هەندێکیشیان لە لوبنان مەشق وەردەگرن و دواتر ئاویوی خاکی سووریا دەبن.

گرووپی نوجەبا، خاوەنی کەناڵێکی سەتەلایتیشە بەناوی "نوجەبا تیڤی" کە بە گوێرەی بەرپرسانی ئەمنیی بەغدا، ئەم کەناڵە بە هاوکاریی ڕاستەوخۆی ئێران کراوەتەوە. لە یەکێک لەو سروودانەشدا کە لەو کەناڵە بڵاوکراوەتەوە، ستایشی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی باڵای سوپای قودس دەکرێت.

شەڕی داعش و گرووپە سوننەکان لە عێراق و سووریا زیانێکی گەورەی مرۆییشی بە نوجەبا گەیاندووە. بەگوێرەی موسەوی، نزیکەی 500 چەکداری ئەو گرووپە لە عێراق و سووریا کوژراون.


تا ئێستا 500 چەکداری گرووپی نوجەبا لە سووریا و عێراق کوژراون

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز)، پاش شەڕی حەلەب کە بە سەرکەوتنی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد شکایەوە، کەعبی بە شێوەیەکی فەرمی بانگهێشتی ئێران کرا و لە سەردانێکدا لەگەڵ عەلی لاریجانی، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، موحسین ڕەزایی، فەرماندەی گشتیی پێشووی سوپای پاسداران و تەنانەت عەلی خامنەیی، ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆبووەتەوە.

بەڵام هەوڵەکانی نوجەبا تەنیا لە شەڕی عێراق و سووریادا چڕ نابێتەوە. لە مانگی ئاداری ئەمساڵ، گوتەبێژی ئەو گرووپە دروستکردنی لیوای جۆلانی ڕاگەیاند کە ئامانج لێی دەرکردنی هێزەکانی ئیسرائیلە لە بەرزاییەکانی جۆلان. ئەو ناوچەیە لە ساڵی 1981ەوە لەژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیلدایە.

ئیسرائیل کاتز، وەزیری هەواڵگریی ئیسرائیل، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (جورزەلیم پۆست) نیگەرانیی وڵاتەکەی لەو هەنگاوە دەردەبڕێت و دەڵێت "ئەم هەنگاوە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئێران و حیزبوڵڵادایە کە ئێستا بۆ پشتگیری لە هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لە سووریا شەڕ دەکەن".

بەرەیەکی دیکەی هێزەکانی نوجەبا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریایە، بە گوێرەی (ڕۆیتەرز) چەکدارانی ئەو گرووپە بە چەکی قورس لەو ناوچەیە جێگیرکراون. ئەو ناوچەیە زۆر نزیکە لەو شوێنانەی کە هێزەکانی سووریای دیموکرات و هێزەکانی ئەمریکای لێن. ڕاوێژکارێکی ئەمنیی ئەمریکی بە ئاژانسەکەی گوتووە "چەکدارانی میلیشیا شیعەکە و سەربازانی ئەمریکی دەتوانن بە تۆپخانە بنکەکانی یەکدی بکەنە ئامانج". چاوەڕێ دەکرێ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی دێرەزوور و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا ئەگەری شەڕی قورس لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا و میلیشیا شیعە عێراقییەکانی چالاک لەو ناوچەیە دروست بکات.

## دەنگی بەڵێ و نەخێر نزیکن

# کلاسیکۆی سیاسیی بارسیلۆنا و مەدرید بە کوێ دەگات؟

**ڕووداو- هەولێر**

شەش ڕۆژ دوای گشتپرسییەکەی کوردستان، لە هەرێمی کاتالۆنیاش گشتپرسییەک بەڕێوەدەچێت کە تێیدا خەڵکی هەرێمەکە بە دەنگی بەڵێ یان نەخێر بڕیاری دەرچوون یان مانەوەی هەرێمەکەیان لە ئیسپانیا دەدەن. بەڵام ئەزموونی گشتپرسییەکانی ئەمدواییەی ئەوروپا دەریدەخات دەنگدانەکەی ڕۆژی 1ی ئۆکتۆبەری 2017 تەنیا ناکۆکیی لە نێوان مەدرید و بارسیلۆنا دروست نەکردووە، بەڵکو کاتالۆنییەکان خۆشیان دوو بەشن.

### مێژووی ناکۆکییەکانی مەدرید و بارسیلۆنا

کاتالۆنییەکان سەرەتای کێشەی خۆیان لەگەڵ ئیسپانیا بۆ 11ی سێپتەمبەری 1714 دەگەڕێننەوە، کاتێک دوای شکست بەرامبەر سوپای ئیسپانیا هەموو یاسا نێوخۆییەکانی کاتالۆنیاش هەڵوەشێنرانەوە و دەسەڵاتێکی ناوەندی لە ئیسپانیا دامەزرا. کاتالۆنییەکان هەتا ئێستاش 11ی سێپتەمبەر بە ڕۆژی نیشتمانیی کاتالۆنیا دەزانن.

هەرچەندە مێژووی بیرۆکەی جوداخوازیی کاتالۆنیا بۆ ناوەڕاستەکانی سەدەی 19 دەگەڕێنرێتەوە، بەڵام یەکەم پارتی سیاسیی لایەنگری سەربەخۆیی کاتالۆنیا پارتی دەوڵەتی کاتالۆنیایە کە لە 1922 لەلایەن فرانسیسکۆ ماسیا دامەزرا. ئەو پارتە دواتر لە 1931 لەگەڵ (پارتی کۆماریی کاتالۆنیا) و پارتی (ڕوانگە) بەرەیەکی نوێیان بە ناوی (بەرەی چەپە کۆماریخوازەکانی کاتالۆنیا) دامەزراند. ماسیا بە سەرۆکی ئەو بەرەیە دەستنیشان کرا. سەرۆکی بەرەکە لە 1932 داوای دامەزراندنی کۆماری کاتالۆنیای کرد، بەڵام پاش دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بە ئۆتۆنۆمی ڕازی بوون.

ئەم دەستکەوتەی کاتالانەکان لەساڵی 1938 لەدەستچوو، کاتێک فرانکۆ، دیکتاتۆری ئیسپانی، لەچوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ یەکخستنەوەی ئیسپانیای سەردەمی شەڕی نێوخۆ، دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیی کاتالۆنیای هەڵوەشاندەوە. لەو قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری کاتالۆنی دادگایی کران، زمان و کولتووری کاتەلانەکان قەدەغەکرا و پەروەردەی کاتالۆنی هەڵوەشێنرایەوە، ناوی شەقام و شوێنەکان بۆ ناوی ئیسپانی گۆڕان. ئەم قۆناغە سەختە لە 1975 و پاش مەرگی فرانکۆ کۆتایی هات، بەڵام بیرەوەریی ئەو سەردەمە هەتا ئێستاش لەبیری زۆر خەڵکی هەرێمەکەدا ماوە.

پاش مردنی فرانکۆ، شا خوان کارلۆس هاتە سەر حوکم. ئامانجی یەکەمی پاشا نوێیەکە لەلایەکەوە بەهێزکردنی یەکپارچەیی خاکی ئیسپانیا و لەلایەکی دیکەوە بەدیموکراتیکردنی وڵاتەکە بوو کە بەشێکی دانپێدانان بە مافی کەمینەکانی ناو ئیسپانیای لەخۆدەگرت، لەو قۆناغەدا زمان و کولتووری کاتالۆنیا وەکوو زمان و کولتووری فەرمی هەرێمەکە ناسێندرا.

### زمان و ناسنامە:

ژمارەی دانیشووانی هەرێمی کاتالۆنیا 7.5 ملیۆن کەسە، بەڵام لە هەموو ئەوروپا زیاتر لە نۆ ملیۆن کەس بە زمانی کاتالۆنی قسە دەکەن و 11 ملیۆن کەسیش لە هەموو جیهاندا لەو زمانە تێدەگەن. بەو پێیەش لەڕووی ژمارەی قسەکەرانەوە نۆیەم زمانی یەکێتیی ئەوروپییە. زمانی کاتالۆنی بە یەکێک لە چوار زمانە فەرمییەکەی ئیسپانیا دادەنرێت. ئەو زمانە تەنیا لە کاتالۆنیا قسەی پێناکرێت، بەڵکو لە هەرێمی ڤالەنسیا، دوورگەکانی بالیاریک لە ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیا، باشووری فەرەنسا قسەی پێدەکرێت و تەنانەت زمانی فەرمی وڵاتێکی وەک ئەندۆرایە.

زمانی کاتالۆنی ئامانجی هێرش و سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئیسپانیا بووە کە دوایین هەنگاویان بۆ سەردەمی دەسەڵاتی فرانکۆ دەگەڕێتەوە. بۆیە لای کاتەلانەکان بەرگری لە زمان گوزارشتێکی سەرەکی بووە لە خۆڕاگریی ئەو گەلە بەرامبەر سیاسەتی حکومەتەکانیئیسپانیا.

حاڵی حازر زمانی کاتالۆنی زمانی فەرمی قوتابخانە حکومییەکانی کاتالۆنیایە، بزنس لە کاتالۆنیا دەبێ بە تەواوەتی بە زمانی کاتالۆنی بێت و بەپێچەوانەوە سزا دەدرێن، پزیشکەکانی ئەو هەرێمە دەبێ لە زمانی کاتالۆنی تێبگەن، لە دامودەزگا حکومییەکاندا دەبێ زمانی کاتالۆنی بەکاربهێنرێت و هەر کۆمپانیایەک پشتیوانی دارایی لە حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا وەربگرێت دەبێ زمانی کاتالۆنی بەکاربهێنێ. لە قوتابخانە حکومییەکانی کاتالۆنیا، هەفتانە تەنیا سێ کاژێر وانەی زمانی ئیسپانی دەگوترێتەوە.

### لە سیاسەتی ناسنامە و کولتوورەوە بۆ ئابووری

لە سەدەی ڕابردوودا کولتوور و زمانی جیاواز دوو داینەمۆی سەرەکیی بانگەشەی جوداخوازەکانی کاتالۆنیا بوون، بەڵام لە سەرەتای سەدەی نوێوە گۆڕانکاری لە بناغەکانی ئەو هەڵوێستەدا دەرکەوتووە. کاتالۆنیا لە 1979 وە دامەزراندنی هەرێمی ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاندووە. ئەو هەرێمە لە چوارچێوەی دەستوورێکدا دامەزراوە کە لە 1978 بەدواوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی تێدا نەکراوە.

ساڵی 2006 حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا بڕیاری دا پاکێجێکی نوێ ئاراستەی حکومەتی ئیسپانیا بکات کە تێیدا پێگەی یاسایی و ئیداریی هەرێمەکە بەرزتر بکاتەوە، بەجۆرێک لە بوارەکانی باج، سیستەمی دادوەریدا سەربەخۆییەکی زیاتری هەبێ، کاتالۆنەکان لەو پاکێجەدا خۆیان وەکوو نەتەوە و هەرێمەکەیان وەکوو "وڵات" ناساندبوو.

ئەو بڕیارە لەلایەن پەرلەمانی کاتالۆنیا و ئیسپانیاوە پەسەند کرا، بەڵام دواتر لەلایەن پارتی گەلی ئیسپانیاوە داوای پێداچوونەوەی کرا، پارتی گەل کە ئێستا پارتی دەسەڵاتداری ئیسپانیایە، بڕیارەکەی بە "نادەستووری" لەقەڵەم دا. لە 2010ش دادگای دەستووریی ئیسپانیا 14 مادەی ئەو بڕیارەی دەستکاری کرد و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ 27 مادەی دیکەی پاکێجەکە خستەڕوو.

یەکێک لە گرنگترین ئەو خاڵانەی لە پاکێجەکەی کاتالۆنیادا ڕەتکرایەوە بریتی بوو لەوەی کاتالۆنەکان نەتەوە نین و هەرێمەکەشیان "وڵات" نییە. ژمارەیەکی زۆر لە مادەکانی پەیوەندیدار بە دابەشکردنی باج لە نێوان کاتالۆنیا و حکومەتی ناوەندیش دەستکاری کران. لە یەکێک لە مادەکانی ئەو پاکێجەدا کاتالۆنیا مافی ئەوەی پێدەدرا دامەزراوەی باجی سەربەخۆی هەبێت کە بڕیاردەر بێت لە بڕی ئەو باجەی هەرێمەکە بە حکومەتی ناوەندیی دەدات.

کاتالانەکان ڕەخنە لە حکومەتی ئیسپانیا دەگرن لەسەر ئەوەی ئەو باجەی ئەوان بە حکومەتی ئیسپانیای دەدەن 15 ملیار دۆلار زیاترە لەو پارەیەی حکومەتی ناوەندی وەکوو بودجەی وەبەرهێنان و ژێرخان بۆ بارسیلۆنای دەنێرێت. حکومەتی کاتالۆنیا 7.8%ی قەبارەی ئابوورییەکەی وەکوو باج ڕەوانەی مەدرید دەکات، لە کاتێکدا هەرێمی مەدرید خۆی تەنیا 6.5% ڕەوانە دەکات. سیاسەتی دەستپێوەگرتنی حکومەتی ئیسپانیاش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەرێمی کاتالۆنیا دانا، بەجۆرێک جوداخوازە کاتالۆنەکان پێیانوایە ئەگەر لەگەڵ ئیسپانیا نەبن، باشتر دەتوانن کاروباری دارایی خۆیان ئیدارە بکەن.

### گشتپرسی وەکوو چارەسەر

هۆکارە کولتوورییە مێژووییەکان و ناکۆکییە دەستوورییە هاوچەرخەکان وایان کردووە لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا ژمارەی لایەنگرانی گشتپرسی لە کاتالۆنیا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بێتەوە. هەرچەندە هەتا ئێستاش ژمارەی لایەنگرانی سەربەخۆیی لە دژبەرەکانی کەمترە، بەڵام 70%ی کاتالۆنەکان خوازیاری سازدانی گشتپرسین، زیاتر لە 60%ی خەڵکی هەرێمەکەش دەیانەوێت پێگەی سیاسی و ئیداریی هەرێمەکەیان لەوەی ئێستا بەرزتر بێت. ڕێژەی لایەنگرانی سەربەخۆیی لە 15%ی ساڵی 2009 وە بۆ 41% لە ساڵی 2017 بەرز بووەتەوە.

ئەوە یەکەمجار نییە کاتالۆنییەکان بەشداریی گشتپرسی بکەن، ساڵی 2014 گشتپرسییەک بەڕێوەچوو کە تێیدا تەنیا 42%ی کەسانی خاوەن مافی دەنگدان بەشدارییان کرد و تێیدا 82%ی دەنگدەران دەنگیان بە جیابوونەوەی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا دا. لە دوای گشتپرسییەکە ئارتور ماس، سەرۆکی پێشووی کاتالۆنیا و ژمارەیەک بەرپرسی باڵای دیکە ڕووبەڕووی سزای یاسایی بوونەوە.

کارلۆس پۆجیمۆنت، سەرۆکی ئێستای هەرێمی کاتالۆنیا کە پاش ماس هاتە سەر حوکم، لە کۆتایی ئەیلولی 2016 داوای لە پەرلەمانی هەرێمەکەی کرد ڕێگەی بدەن لە نیوەی دووەمی ئەیلولی 2017 فەرمانی گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمەکە دەربکات. نۆ مانگ دواتر سەرۆکی هەرێمی کاتالۆنیا ڕایگەیاند کە بەبێ گەڕانەوە بۆ مەدرید لە 2017/10/1 گشتپرسیی دەکەن. حکومەتی ئیسپانیا گشتپرسییەکە بە نایاسایی دەزانێت و بەڵێنی داوە هەموو هەنگاوێک بنێت بۆ ئەوەی ڕێگری لەو دەنگدانە بکات، هەفتەی پێشووش دادگای ئیسپانیا بڕیاری دەستبەسەرکردنی 700 سەرۆک شارەوانی هەرێمی کاتالۆنیای دەرکرد، دەستیشی بەسەر هەزاران کارتی دەنگدان و کەرەستەی دیکەی پەیوەندیدار بە گشتپرسییەکەدا گرت.

### پارتەکانی لایەنگر و دژبەری گشتپرسی

ئەو پارتانەی ئێستا کەمپەین بۆ گشتپرسیی سەربەخۆیی کاتالۆنیا دەکەن، بریتین لە: پارتی کۆماریخوازی چەپی کاتالۆنیا، پارتی دیموکراتی کاتالۆنیا و پارتی یەکێتیی گەل. ئەو سێ پارتە پێکەوە لە کۆی 135 کورسیی پەرلەمانی کاتالۆنیا 73 کورسییان بەدەستە. هەندێک پارتی بچووکیش کە نوێنەریان لە پەرلەمان نییە، پشتگیری گشتپرسییەکە دەکەن.

پارتی کۆمەڵگای ئیسپانیا، پارتی گەلی کاتالۆنیا و پارتی سۆسیالیست کە پێکەوە نزیکەی 39%ی کورسییەکانی پەرلەمانی کاتالۆنیایان هەیە، هەموو کات دژی سازدانی گشتپرسی بوون.

### دوایین هەڵوێست.. گشتپرسی دەکەین

پۆجیمۆنت لە گوتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی گاردیەنی بەریتانی بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت "چیدی سازش لەسەر ئارەزووی خۆمان بۆ گشتپرسی ناکەین. دەستی لێ هەڵناگرین". سەرۆکی هەرێمی کاتالۆنیا جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "کاتالۆنییەکان لەو گشتپرسییەدا موومارەسەی مافی بڕیاردانی خۆیان دەکەن، گرنگیش نییە حکومەتی ناوەندی چ هەنگاوێک دەنێت".

بەڵام پۆجیمۆنت دەزانێت تاکە چەکی بەردەستی لەو ڕۆژەدا "سندوقەکانی دەنگدان و هەڵوێستی ئاشتیانە"ی خەڵکی کاتالۆنیایە.



(فۆتۆ: AFP)

# کاتالۆنیا.. دەنگی سەربەخۆیی لەژێر گوشاری ئیسپانیادا پاشەکشە دەکات

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو- بارسیلۆنا**

ڕۆژی 11ی سێپتێمبەر گەیشتمە بارسیلۆنیای پایتەختی هەرێمی کاتالۆنیا، ئەو ڕۆژە بەلای کاتالۆنییەکانەوە ڕۆژێکی مێژوویی بوو، چونکە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی بانگەشەی ئەو گشترپرسییە بوو کە لە سەرەتای مانگی داهاتوو بڕیارە ئەنجام بدرێ، لەوێ بڕیار دەدەن هەرێمی کاتالۆنیا ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ یان هەر سەر بە مەدرید بمێنێتەوە.

گشتپرسیی کاتالۆنیا لە 2017/10/1 بەڕێوەدەچێ کە بەگوتەی مارتا ڕۆبیرا، پەرلەمانتاری هەرێمی کاتالۆنیا، پەرلەمان یاسای بۆ دەرکردووە و بەپێی یاساکە، دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی دەنگدان، ئەگەر دەنگی بەڵێ زۆرینە بوو، ئەوا دوای 48 کاژێر سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن "ئەگەر دەنگی نەخێریش سەرکەوت، ئەوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کاتالۆنیا دەکرێتەوە".

سەدان هەزار کەس لە شەقامەکانی بارسیلۆنا بە ئاڵای کاتالۆنیاوە وەستابوون، ئەرتورۆ ماس، سەرۆکوەزیرانی پێشووی کاتالۆنیا و بارتۆمیوی سەرۆکی یانەی تۆپی پێی بارسێلۆنا و دەیان پەرلەمانتار و وەزیر، تاجە گوڵینەیان لەسەر پەیکەری شەهید دانا.

ئەرتورۆ ماس بە (ڕووداو)ی گوت "دەیان ساڵە بۆ سەربەخۆیی تێدەکۆشین، سەدان گەنجمان لەم شەقامەدا لەپێناوی ئەو سەربەخۆییەدا بوونە قوربانی، ئێستا پێیاندەڵێین ئارام بنوون، خەریکە خەونەکانتان دێتەدی".

> ئەوەی ئێستا حکومەتی مەدرید لەگەڵ ئێمە دەیکات، هەمان شتە کە فرانکۆی دیکتاتۆر دەیکرد
>
> سەرۆکی شارەوانی ئەڵتران

> ئاگادارم کورد پشتگیری لە دیموکراسی دەکەن، هیوادارم لە گشتپرسییەکەتان سەرکەوتوو بن
>
> سەرۆکی پێشووی هەرێمی کاتالۆنیا

ماس ئاگاداری گشتپرسیی هەرێمی کوردستانە، ئەو دەیگوت ئاگادارم خەڵکی کوردستان زۆر بە جۆشن بۆ سەربەخۆیی "هیواخوازم شانسێکی باشتان هەبێ، ئاگادارم ئێوە پشتگیری لە دیموکراسی دەکەن، ئێوەش دەتانەوێ دوارۆژی خۆتان بنیات بنێن، ئێمەی کاتالۆنی پشتگیری ئەو نەتەوانە دەکەین کە دەیانەوێ دوارۆژی خۆیان بنیات بنێن".

ئەرتورۆ ماس، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کاتالۆنیا

لە 27ی سێپتێمبەری 2014 مەرسومی ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ جیابوونەوەی هەرێمەکە لە ئیسپانیا واژۆ کرد، بەو هۆیەوە درایە دادگا و دوو ساڵ کاری سیاسی لێ قەدەغە کرا، ئەو ئێستا بە ئەنجامدانی گشتپرسی کاتالۆنیا دڵخۆشە و پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستانیش دەکات.

هەرێمی کاتالۆنیا دەکەوێتە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیا و پایتەختەکەی شاری بارسیلۆنایە، گیرۆنا و لاریدە و تراگۆنا سێ شاری دیکەی ئەو هەرێمەن، ڕووبەری کاتالۆنیا 32 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و ئێستا هەرێمێکە لە چوارچێوەی شانشینی ئیسپانیادا.

ئەسێریا، ئافرەتێکی خەڵکی گوندێکی کاتالۆنیایە و تەمەنی لە سەرووی 50 ساڵە، ئەو دەیگوت "دەمانەوێ سەربەخۆ بژین، نەک پاشکۆی وڵاتێکی دیکە بین، چونکە زمان و کولتوورمان جیاوازە، دەمانەوێ ئەو دەنگە بەرز بکەینەوە کە چەندین ساڵە چاوەڕێی دەکەین".

زۆربەی ئەوانەی دەیانەوێ دەنگ بە بەڵێ بدەن و لە ئیسپانیا جیاببنەوە، ئەوانەن کە تەمەنیان لە سەرووی 40 ساڵییەوەیە، گەنجەکانیان کەمتر گرنگی بە جیابوونەوە دەدەن.

بەپێی ڕاپرسییەکی ڕۆژنامەی "ئاڕ"ی کاتالۆنی کە لە مانگی تەمووزەوە دەستی بە دەرچوون کردووە، 67%ی خەڵکی کاتالۆنیا تاوەکو ڕۆژی 11ی سێپتێمبەر دەنگیان بە بەڵێ دابوو. بەڵام هەمان ڕاپرسی دوای 11ی سێپتێمبەر کە بانگەشەکانی گشتپرسی لە کاتالۆنیا دەستیپێکرد، هەروەها لە هەمانکاتدا هەڕەشەکانی حکومەتی مەدرید و یەکێتیی ئەوروپا بۆ سەر کاتالۆنیا زیادیان کرد، زۆربەی خەڵکەکە پەشیمان بوونەوە و ئەمجارەیان 46%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پشتگیرییان لە سەربەخۆیی کاتالۆنیا کردبوو.

### 710 سەرۆک شارەوانی دراونەتە دادگا

دوای دەستپێکردنی بانگەشەی گشتپرسی، ڕۆژی 2017/9/14، حکومەتی ئیسپانیا بڕیاری لێپێچینەوە و دادگاییکردنی بۆ 710 سەرۆک شارەوانی کاتالۆنیا دەرکرد بەهۆی ئەوەی پشتگیری لە گشتپرسی دەکەن.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە، هەزاران کەس لە شەقامی رامبلاوە بەپێ بەرەو بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی شارەوانیی کاتالۆنیا بەڕێکەوتن بۆ پشتگیری لە سەرۆک شارەوانییەکان. کارلۆس پودجمۆنت، سەرۆکی هەرێمی کاتالۆنیا، لە گردبوونەوەکەدا، گوتارێکی پێشکەش کرد و پشتگیری لە گشتپرسی کاتالۆنیا کرد، بە سەرۆک شارەوانییەکانیشی گوت "ئەگەر بدرێنە دادگا، ئەمجارە لە بەردەم دادگا کودەبینەوە".

مارتی بێڵتران، لە 2007 ەوە سەرۆکی شارەوانیی ئەڵترانە لە هەرێمی کاتالۆنیا، یەکێکە لەوانەی لەلایەن مەدریدەوە دراوەتە دادگا. بێلتران گوتی: "ئەوەی ماریانۆ ڕاخۆی سەرۆکی حکومەتی ئیسپانیا دەیڵێ، لە دژی هەموو خەڵکی کاتالۆنیایە، دژی هەموو مافەکانی خەڵکە. ئێمە دەمانەوێ بە ئازادی دەنگی خۆمان بدەین، ئەو کارەی ئێستا دژی ئێمە دەیکات، هەمان شتە کە فرانکۆی دیکتاتۆر دەیکرد".

هەرچەندە مەدرید و یەکێتیی ئەوروپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دژی گشتپرسی و سەربەخۆیی کاتالۆنیان و نایانەوێ ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ئەوروپا دابمەزرێ، بەڵام حکومەت و گەلەکەی بڕیاریانداوە و پەرلەمانیش یاسای بۆ گشتپرسی داناوە.

مارتا ڕۆبیرا، پەرلەمانتاری هەرێمی کاتالۆنیا دەڵێ "گشتپرسیمان تەنیا بۆ سەربەخۆیی نییە، بەڵکو ئەوان ڕێگە نادەن ئێمە دەنگ بدەین، مافی دەنگدان بۆ ئێمە لە سەربەخۆیی گرنگترە".

ئەلفرێد بۆسیج، سەرۆکی پارتی چەپی کۆماری لە کاتالۆنیا، دەڵێت: "سەرۆک شارەوانییەکان کارێکی خراپیان نەکردووە، تەنیا دەیانەوێ خەڵک بچن دەنگی خۆیان بدەن، دەمانەوێ خەڵکی کاتالۆنیا بە ئازادی بژین و وڵاتی خۆمان هەبێت، ئەو وڵاتانەی ئێستا دژایەتی سەربەخۆیی کاتالۆنیا دەکەن، پێشتر ئەوانیش داگیرکراو بوون و داوای ئازادییان دەکرد، ئەوان وەریانگرت، ئێستا ئێمە داوای ئەو ئازادییە دەکەین، ئێمە میللەتێکی حەوت ملیۆن کەسین، دەمانەوێ بە ئازادی دەنگ بە گشتپرسی بدەین و سەربەخۆبین".

ڕۆژبەڕۆژ هەڕەشەکانی مەدرید بۆ سەر کاتالۆنیا لە زیادبووندان، ڕۆژی 18ی ئەم مانگە لەنێو شاری بارسێلۆنا چەند گەڕەکێک داخران، خەڵک لە کافێکان باسی ئەوەیان دەکرد کە سەربازانی ئیسپانیا لەوێ دەستیان بە ئۆپەراسۆنێک کردووە و چەند گرووپێکیان دەستگیر کردووە کە پشتگیری گشتپرسی دەکەن. پاشان لە ڕۆژی 23ی مانگ وەزارەتی ناوخۆی ئیسپانیا دەستی بەسەر بارەگاکانی پۆلیسی کاتالۆنیادا گرت.

بەشێکی زۆری خەڵکی کاتالۆنیا ئاگاداری نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستانن بە دەست حکومەتەکانی عێراقەوە.

مۆنیکا، ئافرەتێکی گەنجی نێو کەرنەڤاڵەکەی گشتپرسی کاتالۆنیا بوو. ئەو چەند هاوڕێیەکی کوردی هەبوو، لە ڕێگەی ئەوانەوە زانیاری لەبارەی کوردستانەوە پەیدا کردووە. مۆنیکا گوتی "پەیامی من بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە پشتگیری لە سەرۆکەکەیان بکەن. هیوادارم خاکی خۆتان ئازاد بکەن، بۆ ئەوەی هیچ ئاستەنگێکتان بۆ دروست نەبێت".

هۆشداری و هەڕەشەکانی وڵاتان، کوردستانی لە گشتپرسی سارد نەکردەوە، بەرپرسانی کاتالۆنیاش بەردەوامن لە ئامادەکاری بۆ گشتپرسی، بۆیە دوور نییە لە داهاتوودا دوو ناوی نوێ لەسەر نەخشەی جیهان ببینین "کوردستان و کاتالۆنیا".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بەرپرسیارێتی قۆناغی دوای گشتپرسی

ئەمڕۆ لەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی گشتپرسی خەڵکی کوردستان و بردنەوەی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، کوردستان پێی نایە قۆناغێکی ترەوە، ڕۆژە سەختەکانمان تێپەڕاند، لەمپەر و بەربەستە کۆنکرێتییەکان لەبەردەم ئیرادەی پۆڵایینەدا تێکشکان، لێرەوە ئەرکی گەورەترمان دێتە پێش، ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی ئەم قۆناغە گەورەترن، بەڵام سەخت نین هێندەی ڕۆژانی پێش گشتپرسی. ئێمە کە بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بەسەر لوغمە چێندراوەکاندا بەسەرکەوتوویی هاتین، بەدڵنیاییەوە ئەرکەکانی قۆناغی داهاتووش بەجێ دەگەیەنین و کاروانەکە دەگەیەنینە ئامانج.

ڕۆژانی پێش گشتپرسی سەخت بوون، کوردستان لەبەردەم تەحەدای زۆر گەورەدا بوو، گوشار و هەڕەشەکانی دونیای دەرەوە و وڵاتانی هەرێمایەتی و بەغدا، لوغمە چێندراوەکانی نێوماڵی خۆمان. خۆشبەختانە هەموویان تێپەڕین و ئیتر جیهان و دەوروبەر بەچاوێکی ترەوە تەماشامان دەکەن، بە ئەندازەی ئەو ئیرادە پۆڵایینەی گەلی کوردستان ڕێزمان دەگرن. زۆر زووتر لەو چاوەڕوانیانەی هەن، وڵات لەدوای وڵات پابەندێتی خۆی بە پرەنسیپە مرۆییەکان بۆ ئازادی و بەهاکانی دیموکراسی بۆ ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەلان دەستپێدەکەن و سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ دەکەن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، سوودوەرگرتنە لەو دەرکەوتانەی چەند مانگی پێش گشتپرسی و ڕۆژانی بانگەشە هەستمان پێکرد، ئەم پرۆسەیە خزمەتی زۆری کردین بەوەی هەڵە و کەموکورتییەکانی بۆ خستینە سەر سینییەک، گرنگە پێداچوونەوەیەکی خێرا بەو رابردووەدا بکەین کە زۆر ماندووی کردین، دەرکەوت چەند بێ پلانین، ئەو مشتومڕ و ڕێگریانەی هەبوون تا ریفراندۆم لە کەرکوک نەکرێت، خوێندنەوەی وردی لێمان دەوێ کە خەریک بوو لە چرکەساتێکی مێژووییدا کوردستان بخاتە مەترسیی زۆر گەورەوە. ئاستی دەستوەردانی وڵاتان لە ناوخۆ، زمانی موخاتەبەکردنی یەکتری، ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی میدیا، دیاریکردنی سنووری نێوان ئازادی و فەوزا، ئەمانە و زۆر شتی تر پێویستیان بەوەیە پێیاندا بچینەوە، ڕێوشوێنێک بگیرێنەبەر کە دڵنیایی دووبارەنەبوونەوەیان دەستەبەر بکات. بەتایبەتیش کە قۆناغەکانی بەردەممان هەستیارتر و ئەرکەکانی داهاتوومان گرنگترن.

ئەمەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی بارزانی، چونکە ئەگەر لە بنەڕەتەوە ئەوە خواستی خۆیشی نەبووبێت کە ریفراندۆم و پرۆژەی سەربەخۆیی پرۆژەی شەخسی ئەون، وەک لە وتار و لێدوانی کەرنەڤاڵەکانی پشتیوانی لە گشتپرسی چەند جارێک دووپاتی کردەوە، بەڵام ئەوانەی نەیاری پرۆسەکە بوون و دەیانویست بۆ ساردکردنەوەی خەڵک پرۆژەکە بە شەخسەنە بکەن و ببیڕن بە بەژن و باڵای بارزانیدا، بارزانییان کرد بە دامەزرێنەری دەوڵەتی کوردستان. بۆیە ئیتر ئەرکی ئەو زۆر لە جاران قورسترە و پێویستە لەو ئاستەدا مامەڵە بکات. بەتایبەتیش کە لە هەلومەرجێکدا ئەم پرۆسەیە بەڕێوەچوو، ناتەباییەکی سیاسی زۆر و کێشە و گیروگرفتێکی ناوخۆیی زۆرمان هەبوون، بەڵام سەرباری کێشەو ناتەباییەکان، جگە لە خەڵکانێکی کەم، زۆرینەی گەلی کوردستان پشتیوانی سەرخستنی پرۆسەکە بوون.

بارزانی ئەوکات خۆی و بە پشتیوانی ژمارەیەکی کەم لە خەباتگێڕانی میللەتەکەی، ڕووبەڕووی تەحەدییەکان بووەوە، بە تەحەداوە بەرگەی ئەو هەموو فشار و هەڕەشانەی گرت و چۆکی دانەدا، پێویستە لێرەش بەدواوە بە ئیستسمارکردنی ئەو پشتیوانییە گەورەیەی گەلەکەی، خۆی بۆ قۆناغی تازە ئامادە بکات، هەم قۆناغەکە کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی تازە لەگەڵ خۆی دەهێنێ و هەم ئەو پشتیوانییە جەماوەری و سیاسییە کۆمەڵێ بەرپرسیارێتی تازە دەخاتە ئەستۆی بارزانی، پێش هەر شت ئەوەی لێدەخوازێت سەرکردەیەکی جیاوازتر بێت لە ڕابردوو. ئەرکی ئەوەی دەخاتە ئەستۆ بە ئەمانەتەوە کوردستان بەرێتە قۆناغی دڵنیاییەوە.

دەستپێکی ئەو دڵنیاییەش لەوەوە دەستپێدەکات ئەم سەرکەوتنە بکرێت بە سەرکەوتنی گەلی کوردستان، بەوانەی کاریان بۆی کرد و بەوانەشەوە کە لە دژی وەستانەوە. پێویستە لاپەڕەیەکی نوێ لەژیانی سیاسی خەڵکی کوردستان هەڵبدرێتەوە و هەموو هێزە سیاسییەکان لە قۆناغی داهاتوودا ئەرک و بەرپرسیارێتییان بخرێتە ئەستۆ. ئەوانەی بە پاساوی ئەوەی ڕۆژ و مانگ و کاتەکەیان بە گونجاو نەدەزانی، یاخود قەلەقی ئەوە بوون زەمینەسازی بۆ نەکراوە، یان دەگوترا پێویست بوو لەژێر سەقفی پەرلەماندا بێ نەک سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوانەی گومانیان لە سەرکەوتنی هەبوو، بە پرسێکی چەواشەکاری و موزایەدەیان دەزانی، تەنانەت بەوانەشەوە کە ژەهریان دەڕشت و ڕق و کینەیان بڵاودەکردەوە و دووریش نییە لە ئێستاش بەدواوە خەڵکانێک هەر هەبن زووخاو بکەنە قورگی خەڵکەوە و ڕۆژانە پەیمان بڵێن قومار بە دەنگەکانتانەوە دەکرێت، پێویستە هەموو ئەو شتانە لە ئێستادا لەبیر بکرێن و هەڵگیرێن بۆ مێژوو، چونکە ئیرادەی گەلی کوردستان بەسەر هەموویاندا سەرکەوت. پێویستە ئیتر کوردستان چاو ببڕێتە دوورایییەکانی پێش خۆی و تەنها بۆ پەندوەرگرتن ئاوڕ لە دواوە بداتەوە.

لێرەوە ئەرکە گرنگەکان دەستپێدەکەن، پێویستە لەلایەک ئەو کەشە سیاسی و میللییەی خەڵکی کوردستان بپارێزرێت و لەهەمانکاتدا بکرێت بە وزەی تەواوکردنی پرۆسەکە لە ئاستی دەرەوە. پێشتر بەشێک لە دڵەڕاوکێی و نیگەرانی و ناڕەزایەتییەکانی وڵاتان ڕەنگدانەوەی دۆخی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بوو، کە ناتەبا و دژ بەیەک بووین، لێکەوتەکانی پشتتێکردنی دۆستەکانمان بوو، بەدڵنیاییەوە کە ئیرادەی هەمووشمان پێکەوە بێت، ئاسۆی ڕوونترمان بەڕوودا دەکاتەوە. بارزانی دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت تا لەناوخۆ پشتیوانی زیاتر بێت، ئاسانتر دەرگاکانی بەڕوودا دەکرێنەوە. تا لە ئاستی جەماوەری، میللەتەکەی لە پشتی بن، لە ئاستی نێودەوڵەتی دەنگی دلێرتر دەبێت. کەواتە لێرەوە ئەولەویەتی کارەکانی ئەوەیە ئەو پشتیوانییە جەماوەری و سیاسییە بهێڵێتەوە. ئەوەش بە پاداشتکردنەوەی خەڵک و هێزە سیاسییەکان پارێزراو دەبێت.

دوای ئەوەی هێزە سیاسییەکان بە یار و نەیارەوە، بەو هەموو کێشە و ناتەباییە سیاسییەوە بەڵێیان کرد، دوای ئەوەی میللەت بە سکی برسی و دڵێکی بریندارەوە، دەستیان خستە سەر برینەکانیان و بەجۆشەوە کاروانی سەربەخۆییان گەیاند بەم قۆناغە، پێویستە ئیتر بارزانی سەرۆکی پارتی نەبێت، دەبێ بەیەک چاو تەماشای هەموو هێزەکان و خەڵکەکەی بکات. نابێ قۆناغی دوای گشتپرسی و بردنەوەی دەنگی بەڵێ بەهەمان شێواز و عەقڵیەت و بە هەمان سیستەم وڵات بەڕێوە بچێت. نەهێشتنی نادادی، باشکردنی بژێویی خەڵک، هاوبەشی و پێکەوەیی دەبێت ببنە سیما هەرە دیارەکانی داهاتوومان.

ئێستا کە هەموومان پێکەوەین، دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لە دەرگای جیهان بدەین بۆئەوەی کوردستان لەسەر خوانی نێودەوڵەتی قبوڵ بکەن. پێویستە بارزانی بەم گەرموگوڕییەی باسوخواسی سەرکەوتنی کوردستانەوە نامە بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرۆکی هەموو دەوڵەتانی جیهان بنێرێت تا ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان بگرن و دان بەسەربەخۆیی کوردستاندا بنێن.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# دوو دیاردەی گشتپرسی: بارزانی و یەکگرتوو

گشتپرسییەکەی کوردستان دوو دیاردەی گرنگی تێدابوو، یەکیان بارزانی و ئەویتریشیان یەکگرتوو. سەرەڕای گوشار و تەگەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بارزانی مەحکەم لە پای بڕیارەکەی وەستا و یەکگرتووش لەڕێی هاوسەنگکردنی گوتارەکانی ئیسلامگەرایی — نەتەوەگەرایی و چاکسازی- دەوڵەتسازیدا وەرچەرخانێکی گرنگی دروستکرد.

## گشتپرسی و بارزانی

ئەو گشتپرسییەی کە لە ناوخۆوە بگرە تا عێراق، دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی داوای دواخستن یان هەڵوەشانەوەیان دەکرد، دواجار ئەنجامدرا و سەریگرت. لەمەشدا زیاتر لە ئەحزابی کوردی، ڕۆڵی کەسەکان یەکلاکەرەوە بوو کە بارزانی لە هەمووان دیارتر بوو.

زۆر کەس بڕوای بەوە نەدەکرد کە بارزانی وەک سیاسەتمەدارێکی خەتی موحافزەکار- ڕیالیستی کورد، لەبەرامبەر گوشارەکاندا خۆی بگرێت. دەیانگوت دوایدەخات، بەڵام وادەرنەچوو. ئەمەش ڕای زۆرێک لە نەیارەکانی ئەوی سەبارەت بە گشتپرسی گۆڕی. ئەمەش جاری یەکەم بوو، کورد بتوانێت لە ڕێی ڕەفتارێکی سیاسی مەشرووعەوە، لە سیاسەتی نێودەوڵەتاندا، لە جیاتی ئەوەی ئامرازبێ، دەوری ئەکتەرێکی کارا بگێڕێت.

هەندێک پێداگرییەکەی بارزانییان بە "عیناد" و "خەیاڵپەرستی" وەسفکرد و بەمەش بووە ئامانجی ڕەخنەیەکی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی کە ڕەنگە لە قۆناغی داهاتووشدا بەردەوامبێت.

بێشک، هەرجۆرە شەڕفرۆشی یان گوشارێکی گەورەی ئابووری، ئەویش تەنها لەبەرئەوەی کورد مومارەسەی مافێکی دیموکراتیکی خۆی کردووە، هیچ جۆرە ڕەواییەکی لە ڕای گشتی جیهانیدا نابێت. جگە لەوە، جەنگێکی فراوان، یان گوشارێکی کەمەرشکێنی ئابووری دژ بە هەرێمی کوردستان، دەتوانێت قوڵایی دیمۆگرافی کوردی لە هەموو ناوچەکە بخاتە جووڵە و بەوەش دەوڵەتانی ناوچەکە گرفتی ئەمنی و ناسەقامگیریی سیاسی بۆ ناوخۆی سنوورەکانی ئێستایان پەلکێش بکەن. جگە لەوە، ئێستا هەرێمی کوردستان بە نفوسێکی نزیکەی شەش ملیۆن کەسەوە، میوانداری نزیکەی سێ ملیۆن پەنابەری ناوخۆیی و دەرەکی دەکات و ڕەنگە لە دۆخێکی نالەباری ئەمنی و ئابووریدا پەنا بۆ وڵاتانی ناوچەکە ببەن کە ئەوەش باری ئەو دەوڵەتانە قورستر دەکات. هەڵبەت، ڕەنگە دەوڵەتانی ناوچەکە بیانەوێت لە ڕێی گوشارێکی سنووورداری ئابووری و سەربازییەوە، ڕێگا بۆ ناسەقامگیری هەرێمی کوردستان خۆش بکەن.

عێراق و تورکیا باس لە ئەگەری سزادانی بڕیاردەرانی گشتپرسی دەکەن و لەمەشدا بارزانی لە پێش هەموو کەسێکەوە دێت. ڕەنگە هاوشێوەی ئەو گەمارۆیەی کە ئیسرائیل لە ساڵانی دووهەزاردا لەسەر عەرەفاتی دانا، دەوڵەتانی ناوچەکەش هەوڵی گۆشەگیرکردنی بارزانی بدەن، ئەگەر دۆخی پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر بەلایەکدا نەکەوێت. بەڵام، شەپۆلێکی نەتەوەگەرایی کوردی لە ناوچەکەدا بەهۆی گشتپرسی بەرزبووەتەوە، بۆیە گوشاردانان، پێگەی بارزانی لە سیاسەتی کوردیدا بەهێزتر دەکات.

## سیاسەتی یەکگرتوو

سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی گشتپرسیی کوردستانی بە هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی سەد ساڵە لە قەڵەمدا. ئەمە ڕاستە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی گشتپرسی وەک میتۆدێکی هاوچەرخ بۆ حەلی کیشەی کورد دەردەکەوێت، سیاسەتی یەکگرتووش گۆڕانکارییەکی گرنگ لە ڕەفتاری ئەکتەرەکانی جوڵانەوەی کوردیدا دەردەخات.

دروستکردنی هاوسەنگییەک لە بەینی گوتاری ئیسلامگەرایی میانڕەو لەگەڵ نەتەوەگەرایی بایەخێکی زۆری بۆ ئەمڕۆی کوردستان هەیە. بەدەر لەوە، لەو مشتومڕەی کە سەبارەت بە ئەولەویەتی دیموکراسی و چاکسازی یان دەوڵەتسازی هەبوو، یەکگرتوو، سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی کە لە ناوخۆ لێیگیران، جەختی لە تەبایی ئەو دوو ئەولەویەتە کردەوە. لەلایەک باسی چاکسازی و پێویستیی ئیسڵاحی سیاسی- ئیداری لە کوردستان کرد، بەڵام لەلاکەی تریشەوە، لە بڕیاری چارەنووسیی هەرێمی کوردستانیشدا سیاسەتی تەبایی گرتەبەر. ئەمەش بە گۆڕانکارییەکی گرنگ لە ڕەفتاری کوردیدا هەژمار دەکرێت.

## چی ڕوودەدات؟

هەرێمی کوردستان پێداگری لە هەڵوێستی خۆی دەکات سەبارەت بەوەی کە دوای گشتپرسی دەرگای دانوستان داناخات. دنیاش دەزانێت کە هەولێر یەکسەر دەوڵەت ڕاناگەیەنێت، بەڵام گشتپرسی، دەست و باڵی ئاوەڵاتر دەکات. گرنگیی پاڵپشتی جەماوەری وەک سەرچاوەی ڕەوایی بۆ ڕەفتارە سیاسییەکان، بە ئەندازەیەک زۆرە کە تەنانەت بەریتانیای ئەندازیاری عێراقیش، بۆ لکاندنی هەرێمی کوردستان بەو دەوڵەتەی دروستیکردبوو، درکی بە پێویستیی ریفراندۆمێکی سنووردار کردبوو کە "لە مانگی 5ی ساڵی 1921دا ئەنجامیدا"، چجای سەدەی بیست و یەکەم کە دیموکراسی و مافی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووس بە ئەندازەیەک ڕەوایی هەیە، تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش باسی دیموکراسی و دەنگی جەماوەر دەکەن! ئەگەر گشتپرسییەکەی کوردستان لەبەرچاو نەگیرێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە بەینی بەرژەوەندی وڵاتان و ئەو بەهایانەی کە بانگەشەی بۆ دەکات، تووشی دووفاقی دەبێت. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت بەشێک لە دەوڵەتە گەورەکانی جیهان کە بەرژەوەندییان لە کوردستان و عێراق هەیە، لەمەودوا هەڵوێستێکی جیاوازتریان هەبێت، یان لانیکەم هەوڵی نێوەندگیری بەغدا وهەولێر بدەن. جگە لەوە، کورد ئەکتەرێکی مەحلی کارایە لە جەنگی دژی تیرۆردا، نە ئەمریکا و نە خۆرئاواش ناتوانن چاوپۆشیی لێبکەن.

لەلایەکی ترەوە، تورکیا و ئێران لەسەر سنوورەکان مانۆڕ دەکەن و بە تەهدیدی جۆربەجۆر و تەحقیری سیستەماتێک دەیانەوێ کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی کورد دانێن. لەولاشەوە بەغدا خەریکی چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەیە. ئەم هاوپەیمانییە سێقۆڵییە دەتوانێت گرفت بۆ کورد دروست بکات، بەڵام وەک هۆشی مین، ڕێبەری کۆچکردووی گەلی ڤێتنام دەڵێت: "دواجار هەر ئەوان هیلاک دەبن."



مامەند ڕۆژە

# ئەرشەد هورمزی و قەڵغانی دیجلە

## پێشنیارەکانی ئەرشەد هورمزی

ئەرشەد هورمزی سیاسەتمەدارێکی تورکمانی خەڵکی کەرکووکە کە ماوەیەکی زۆر ڕاوێژکاری کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی عەبدوڵڵا گوڵ سەرکۆماری پێشووی تورکیا بووە. ئەم پیاوە ئێستا سەرۆکی وەقفی کەرکووک و سکرتێری گشتیی یەکێتی دیالۆگی ناونەتەوەیی تورک — عەرەبە. دەگوترێ لە کۆبوونەوەی بەرایی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیادا پێشنیارەکانی بەهەند وەرگیراون.

ناوبراو لە ڕاپۆرتە تایبەتەکەیدا، ئاماژە بە پەیمانی ئەنکەرە دەکا و داوا لە ئەردۆغان دەکا لە کاتی جاڕدانی سەربەخۆییدا، پێویستە تورکیا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان و داگیری بکات. هورمزی یەکەم کەس بووە کە دووبارە مەسەلەی پەیمانی ئەنکەرەی وروژاندووە.

ئەو ڕاپۆرتێکی ئامادەکردووە و پێشنیاری ئەوەی کردووە کە تورکیا مافی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەنکەرە و ئەگەر کوردستان ببێ بە دەوڵەت، ئەوسا تورکیا بۆی هەیە ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنە بکات.

ئەم پێشنیارە لەسەر مێزی سەرکۆمار، سەرۆکوەزیران و هاکان فیدان ڕاوێژکاری میتە. بەپێی قسەکانی موحسین قزڵکایا کە ماوەیەک ڕاوێژکاری سەرۆکی ئاک پارتی بۆ کاروباری کورد بووە، ئێستا پێشنیارەکەی هورمزی بەهەند وەرگیراوە و کاری لەسەر دەکرێت.

هورمزی پێشنیاریشی کردووە کە: سەرەتا میکانیزمی سێقۆڵی تورکیا — ئێران- عێراق بێتەکایەوە، بەشێوەی بەردەوام کۆبوونەوەی سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرەکان، وەزیرانی دەرەوە، سێ سوپاسالاری وڵاتەکە و دەزگای هەواڵگریی هەرسێ وڵاتەکە بەڕێوەبچێت.

هەروەها پێشنیاری کردووە دەست بنرێتە بینەقاقای شادەماری ئابووریی بارزانی (وەک خۆی ناوی لێناوە)، دەروازەی سنووریی خابوور دابخرێ و تەنها لەڕێی دەروازەی سنووریی (ئۆڤاکۆی) بازرگانی لەگەڵ عێراق پێشبخرێت. ئۆڤاکۆی لەسەر سنووری زاخۆ — سلۆپییە و ئەو پرسیارە دەوروژێنێ کە ئایا ئەم سنوورە لەڕێی کێ دەکرێتەوە؟ ئایا پیلانێکی ناوچەیی بۆ لەتکردنی هەرێمی کوردستان لەئارادایە؟

قەڵغانی دیجلە هاوشێوەی قەڵغانی فورات یەکێک لە بڕیارەکانی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی دیجلەیە. بەپێی ئەم پرۆژەیە، سوپای تورکیا هێڵی سنووری ئۆڤاکۆی هەتا شنگال واتە کەرتی ڕۆژئاوای دیجلە داگیر دەکات و بەمجۆرە سنوورەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لەیەک دادەبڕێت. بۆ ئەم پرۆژەیە تورکیا دەیەوێ ڕەزامەندی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕووسیا، عێراق، ئێران و تەنانەت تورکمان و عەرەبەکان و هەندێک لە هێزە کوردییەکان وەربگرێت.

لەدوای ئەم پرۆژەیەوە، بڕیارە کۆبوونەوەی سێقۆڵی دەزگای هەواڵگریی تورکیا، ئێران و عێراق لە ئەنکەرە بەڕێوەبچێت!

بەمجۆرە تورکیا پێی ناوەتە ناو قۆناغێکەوە کە خۆیشی هێشتا سەری لێدەرناکات. بەڵام تورکەکان پرۆژەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی ڕۆژئاوای کوردستان بەجیاواز نازانن و پێیانوایە ئەمە پیلانی خۆرئاوا بۆ دابەشکردنی ناوچەکەیە!

## پەیمانی ئەنکەرە چییە؟

چەند ساڵێک لەدوای پەیمانی لۆزان، ڕێککەوتنی ئەنکەرە لە ڕۆژی پێنجی حوزەیرانی 1926 لەنێوان تورکیا، عێراق و ئینگلتەرە بۆ یەکلاکردنەوەی سنوورەکان واژۆکرا.

لە ڕێککەوتنی موتارکەی مۆدرۆس، ناوچەکانی مووسڵ و کەرکووک لە چوارچێوەی میساقی میلیدا دیاریکراون. بەڵام لەبەر ئەوەی مەجلیسی مەبعوسانی ئەوکات نەیدەپەرژایە سەر ویلایەتی مووسڵ، ئەم ناوچەیەی پشتگوێخستووە.

سێ ڕۆژ دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی مۆدرۆس، بەریتانیا بە پشتبەستن بە بەندی حەوتی ئەم ڕێککەوتنە، ویلایەتی مووسڵی داگیرکرد. لە کۆنفرانسی لۆزاندا تورکیا داوای لە بەریتانیا کرد ویلایەتی مووسڵی بۆ جێبهێڵێ کە لە چوارچێوەی میساقی میللیدایە، بەڵام بەریتانیا ڕایگەیاند کە ئەم ناوچەیە بۆ بڕیاری کۆمەڵەی میللەتان جێدەهێڵێ و لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا هێشتییەوە.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مووسڵ، یەکەمجار بەریتانیا لە 29 ی ئۆکتۆبەری 1924 لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی میللەتاندا بەپێی هێڵەکانی سنووری بروکسەل، سنوورەکانی دیاریکردوون. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، ئەگەر لە سنوورەکانی باکووری عێراقەوە هەڕەشە لە تورکیا بکرێ، ئەوە تورکیا بۆی هەیە 75 کیلۆمەتر بێتە ناوەوە. خۆ ئەگەر ئەم ناوچەیە لە عێراق جیاببێتەوە، ئەوە تورکیا پابەندی ڕێککەوتنی 29ی ئۆکتۆبەری 1924 نابێت.

شاندی بەریتانیا لە ساڵی 1924 لە کۆنفرانسی خەلیج لە ئیستەنبوڵ بەشداریی کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی بەریتانیا لەگەڵ مووسڵ داوای هەکاریشی دەکرد، ڕێککەوتن واژۆ نەکرا و دواخرا.

دوای ئەمە بەریتانیا ویستی بە زەبر ئەم داخوازییەی بسەپێنێ و بۆ ئەمەش هۆشداریی بە حکومەتی تورکیا دا کە بە هێزی سەربازی ئەم خواستەی دەسەپێنێت. تورکیا لەبەرئەوەی بە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانەوە سەرقاڵ بوو، نەیتوانی هێز ڕەوانە بکات و ناچار بوو واز لە ویلایەتی مووسڵ بهێنێت.

لە 1926دا کێشەی مووسڵ برایە کۆمەڵەی گەلان و لەوێش چارەسەر نەکرا، پاشان بەرزکرایەوە بۆ دیوانی باڵای دادوەری. لەوێش هیچ بە هیچ نەکرا. بەناچاری هەردوولا لە ڕێککەوتنی ئەنکەرە لەسەر ئەم بابەتە سازان. سەرئەنجام لە ڕۆژی پێنجی حوزەیرانی 1926 واژۆ کرا و لە حەوتی حوزەیرانیشدا مەجلیسی میللیی تورکیا پەسەندی کرد.

ئێستا بەرپرسانی تورکیا باس لە ژیاندنەوەی پەیمانی ئەنکەرە دەکەن، لەکاتێکدا 91 ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. ئایا ئەم پەیمانە دەبووژێتەوە؟ گەلێک ئاستەمە بەو گوتارەی تورکیا پەیمانی ئەنکەرە ببووژێنرێتەوە، بەڵام لەدوای ڕۆژی 26 ی ئەیلولەوە گەلێک شت دەگۆڕدرێت. یەکێک لەوانە گوتاری تورکیایە: درەنگ یان زوو تورکیاش پراگماتیانە سیاسەت دەکا و لەگەڵ ئەمری واقیعی تازەی کوردستان هەڵدەکات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# شەڕ و نیوەشەڕ هەر یەکە

## 1

ئەنجامدانی گشتپرسی لە کوردستان، گەورەترین ئیمتیحانی سایکۆلۆژی بوو هەم بۆ خەڵکی کوردستان و هەم بۆ حیزبە سیاسییەکان. چونکە گرەوی وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر ئەوە بوو کە ناوماڵی کورد بەجۆرێ وێرانە توانای ڕۆیشتن بۆ ئەو بڕیارەیان نییە، هەر بۆیەش گوشارە سەرەتاییەکان هێندە قورس نەبوون، هاوکات بڕیاردەران لە مەسەلەی گشتپرسیش سەرەتا مەودایەکیان لە نێوان ئەنجامدانی گشتپرسی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا هێشتبووەوە. بەڵام زیادبوون و بەرفراوانبوونی بازنەی گوشارەکان بۆ دواخستن یان تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ریفراندۆم، ئەو هەستەی دروست کرد کە ڕۆژی 25ی ئەیلول لە ڕۆژی ریفراندۆمەوە ببێتە ڕۆژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. هەر ئەو هەستەش بوو کە حیزبە سیاسییە نارازییەکانی لە دوا سەعاتەکانی پێش بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا ناچار کرد تەقلی پرۆسەکە بن، چونکە ئەوانیش دیتیان سەرباری هەموو گوشارەکان ئیرادەی گەلی کوردستان سەرکەوتووە.

ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ ئەوە بوو کە نیشانی دنیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدرێت ئیرادەی گەلی کوردستان بە چ ئاراستەیەکە تا لەسەر مەبنای ئەو دەنگانە، بچینە ناو قۆناغێکی نوێ لە پێکەوەژیان لە ناوچەکەدا، بەڵام هەر لەسەرەتاوە پرۆسەی گشتپرسیی کوردستان بە ناشەرعی و نادەستووری لەقەڵەم درا و، تەنانەت ئەو داوایانەی بۆ دواخستنی دەکران و ڕەنگبێ لەبەرامبەر بەدیلێکی گونجاودا مەیسەر بایە، لەلایەن بەغداوە ڕەتدەکرانەوە. بەغدا دژی دواخستن بوو، چونکە پێیوابوو مانای وایە شەرعییەت بەوە دەدات کە لە داهاتوودا بکرێت. بۆیە تابلۆی سیاسی زۆر ناڕوونە و لە ڕۆژانی داهاتووشدا تووشی چەقبەستوویی دەبێت. بەتایبەتیش کە شیعەکان لە ئاستانەی هەڵبژاردندان و مەعلوم نییە کورد بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا دەکەن یان نا؟ ئایا وجودی سیاسیی کورد لە بەغدا چی بەسەر دێت؟ کە بەغدا ئامادە نەبێت دان بەو ئەنجامانەدا بنێ و لەسەر ئەو بنەمایە گفتوگۆ نەکات، ئەدی کورد چی دەکات؟

گوشاری ئێران و تورکیا و تەنانەت هاتوهاواری بەغداش بەشی هەرەزۆری بۆ هەنگاوی دواترە کە سەربەخۆییە، دڵنیاشن لەوەی کە دوای ریفراندۆم هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەنجامی گشتپرسییەکەش لای ئەوان نادیدە ناگیرێت. بۆیە باشترین بژارە ئەوەیە کە ئەگەر بەغدا مایل نەبێ گفتوگۆ بکات، بە زووترین کات سەربەخۆیی ڕابگەیەندرێت، چونکە کات لە قازانجی کورد نییە.

---

## کەرکووک فاکتەری یەکلاکەرەوە

## 2

بەشی زۆری ئەو ئاستەنگانەی کە لە دوایین ساتەوەختەکان و شەوی پێش گشتپرسیدا خرانە بەردەم بەشداریی کەرکووک لە گشتپرسی، ئەگەر بەشێکیان گوشاری دەرەکی بوون، بەشی هەرە زۆریان ناوخۆیی بوون. ئەڵبەتە سەرەتا چ یەکێتی و چ گۆڕان بەشدارییان لە گشتپرسیدا بەوەوە گرێدابوو کە کەرکووک و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمیش تێیدا بەشدار بن. ڕەنگبێ لە کونجێکی خەیاڵی سیاسییاندا ئەوە هەبووبێت کە بارزانی سەرباری ناڕەزایەتیی تورکیا و حەساسییەتی ئەو مەسەلەیە، نەتوانێ ئەوە بکات، بەڵام کە کرا، ئیتر ئیحراجییەکی سیاسیان بۆ دروست بوو. بەشێکی یەکێتی خۆشحاڵ بوون بەوەی کە بوونی کەرکووک لەناو بازنەی گشتپرسیدا وا دەکات بە شێوەی ئۆتۆماتیکی نەتوانرێ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمیش بێ کەرکووک و ئەو ناوچانەی دیکە بکرێت و بەوەش تیرێک و دوو نیشان دەبێ. لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە پەرلەمان یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکاتەوە، ژمارە یان نرخی کورسییەکانی پەرلەمان بەپێی ژمارەی دانیشتووانی ڕێکبخاتەوە و سیستەمی هەڵبژاردنیش بگۆڕێت. لەو حاڵەتەدا، ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەبێ لانیکەم بۆ شەش مانگ دوابخرێت. ئینجا بە هاتنەوەی کەرکووک بۆ ناو بازنەی هەڵبژاردن، ڕێژەی دەنگ و کورسییەکانی یەکێتی لە پەرلەمان هەڵکشانێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت و ئەوەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دەنگدەرانی سلێمانیش دەبێ. بۆیە هەر لەسەرەتاوە گۆڕان هەستی بەو مەترسییە کردبوو، لە ژێرەوە کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کە ریفراندۆم لە کەرکوک نەکرێت، تا ڕێخۆشکەر نەبێ بۆ ئەو هەنگاوانەی دواتر دێن.

گرنگە ئێستا پارتە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان لەو حیسابانە دەرباز بکەن کە بۆ دەنگ لە کەرکووک دەیکەن و بیر لەوە بکەنەوە کە کەرکووک ئێستا بەشێکە لە کوردستان و جۆری مامەڵەی داهاتوومان لە بەڕێوەبردن و پێکەوەژیان لەو شارەدا، دەبێتە سەنگی مەحەکی حوکمڕانیی کوردستان و دەوڵەتی داهاتوو.

---

## گومانکردن لە نێچیرڤان بارزانی

## 3

دەرنەکەوتنی نێچیرڤان بارزانی لە هەڵمەتی بانگەشەدا، دەرگای بۆ زۆر مقۆمقۆ کردەوە. ئەڵبەتە بۆ ئەوانەی دەیانزانی، مەبەست ئەوە بوو کە تەنها سەرۆک بارزانی وەک تاکە ڕەمزی ئەو پرۆسەیە دەرکەوێت و فرەگوتاریی تێنەکەوێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵێکی بێوچانی لە سەرخستنی پرۆسەی کاراکردنەوەی پەرلەمان و ڕێککەوتنەکاندا بینی کە بوونە هۆی ئەو یەکڕیزییەی لە ڕۆژی ریفراندۆمدا بینرا. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگریش هەیە کە پێش ئەوەی هیچ ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ئەو پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییانە بدۆزرێتەوە کە نێچیرڤان بارزانی لەماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا بنیاتی نابوون بۆ دابینکردنی بژێوی و گوزەرانی هاووڵاتیان، کوردستان کەوتووەتە ئاستانەی ئابڵوقەیەکی ئابووری و سیاسیی ئیقلیمییەوە. بۆیە هەوڵەکانی ئەو بە ئاراستەی تێگەیاندنی وڵاتانی ئیقلیمی لەوەی کە کوردستان هەڕەشە نییە بۆ سەر ئاسایشی ئەوان و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، ئەو تەعبیرە هەڵنەگرێت کە گومان بکرێت لەوەی لەگەڵ سەربەخۆییدا نییە.

---



بێستوون عوسمان

# نەخشەی سیاسیی باشووری کوردستان دوای گشتپرسی

ڕۆژی 25 ی ئەیلولی 2017 ، کوردستانیانی باشووری کوردستان مێژوویان نووسییەوە. بۆ یەکەم جار زۆرینەی ڕەهای گەلی کوردستانی باشوور لە دەوری بەهابا باڵا نیشتیمانی و نەتەوەییەکان کۆبوونەوە و هەموو دەنگیان دا بە سەربەخۆیی کوردستان. لەمڕۆ بەدواوە مێژووی کورد دەبێت بە دوو قۆناغەوە، قۆناغی پێش ڕیفراندۆم و قۆناغی دوای ڕیفراندۆم. لەم قۆناغە نوێیەشدا کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی زۆر گەورە دێنە بەردەممان کە پێویستە وەکو نەتەوەی کوردستان بەسەرکەوتوویی تێیانپەڕێنین.

پێش باسکردنی ئەو قۆناغە نوێیە، بەباشی دەزانم هەڵسەنگاندنێکی کورت بۆ ئەو پرۆسەیە بکەم کە ئێمەی گەیاند بە ئەمڕۆ. ئێستا هاودەنگییەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و تا ڕادەیەکی زۆر سیاسی لە کوردستان درووست بووە. یەکەم ڕۆژ کە ئەم پرۆسەیە دەستپێکرد، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەنها بوو، بەڵام لە ڕۆژی ڕیفراندۆمدا، هەموو پارتە سیاسییەکان بە گۆڕانیشەوە و زۆرینەی هەموو گەلی باشووری کوردستان لەگەڵیدا بوون. لەم ماوەیەدا بارزانی سەرکەوتوو بوو لەوەی یەکدەنگی و کۆدەنگیی نیشتیمانی فەراهەم بکات.

بێگومان لە ڕۆژی دووەمیشەوە هاوکار و یاریدەدەر و پاڵپشتێکی دڵسۆز و بەهێز دەستی خستە ناودەستی بارزانییەوە، ئەویش کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو. ئەم دوو سەرکردەیە شانبەشانی یەکەوە ناوی خۆیان وەکو باوکانی بنیادنەری کوردستان نووسییەوە. لایەنەکانی دیکەیان قایل کرد، گەلیان قایل کرد، متمانەیان لەنێوان گەل و دەسەڵاتدا بنیادنایەوە و لەهەمووی گرنگتر تەحەمولی فشارێکی یەکجار گەورەی دراوسێکان و عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان کرد.

لەم ماوە کورتەدا دەیان ڕۆڵەی قارەمان و مەردی دیکەش هەبوون کە بە ئاڵتون ناوی خۆیان لە مێژووی کوردستاندا نووسییەوە، ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە ئامادەبوو گیانی خۆی ببەخشێت لەبەرامبەر سووربوونی لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کەرکووک و د. نەجمەددین کەریم کە بە کردەوە کوردستانییەتی کەرکووکی سەلماند، تەنها دوو نموونەن لەو کەسانە.

قۆناغی دوای ڕیفراندۆمیش قۆناغی یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز لە باشووری کوردستان و بنیادنانی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە و ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 26 ساڵی ڕابردوودا کردوونی.

من پێشبینی دەکەم لەم قۆناغە نوێیەدا، ئەو ئەنجوومەنەی پێی دەگوترا ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم، لەژێر ناوێکی دیکەدا بەردەوام بێت لە کارەکانی و ڕۆڵی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کوردستان ببینێت. پەرلەمانیش یاسایەکی بۆ دەردەکات بۆ ئەوەی ببێتە دامەزراوەیەکی یاسایی و دەسەڵاتەکانی دیاریکراو بێت. بارزانی وەک سەرۆکی ئەم ئەنجوومەنە دەبێتە ڕابەری گەلی کورد و دەست لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم دەکێشێتەوە. هەوڵ دەدرێت گۆڕان و کۆمەڵیش بهێنرێنە نێو ئەم ئەنجوومەنەوە.

لەبەرامبەردا بۆ قایلکردنی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو گۆڕانکاریانە ئەنجام دەدرێت کە بزووتنەوەکە داوای دەکات لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتەکانی. بەم شێوەیە گۆڕانیش خاڵێکی دەکەوێتە دەست بۆ ئەوەی دەنگدەرانی قایل بکات کە سەرکەوتوو بووە و ئەوەی هەوڵی بۆ داوە بچڕپویەتی. هەر بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ نێو هاوپەیمانییەک لەگەڵ پارتی و یەکێتی، یان لایەنی کەم، بەشدار دەبێت لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کوردستان.

لەگەڵ وازهێنانی بارزانیش لە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەم پۆستە چۆڵ دەبێت و کوردستان دەست دەکات بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی سەرۆکێکی نوێ. دوور نییە، ئەم سەرۆکە نوێیە د. بەرهەم ساڵح بێت. لەم قۆناغە نوێیەدا کە قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەت و بنەماکانیەتی، زۆر بڕیارێکی ڕاست دەبێت کە سوود لە سەلیقە و توانا و ئەزموونەکانی د. بەرهەم وەربگیرێت. بێگومان سەرۆکایەتی د. بەرهەم ساڵح بە پشتیوانی پارتی و یەکێتی دەبێت، بەڵام د. بەرهەم سەربەخۆ دەبێت لەهەردوو ئەو حیزبە. دوور نییە دەست لە کارکێشانەوەشی لە یەکێتی، ئامادەکارییەک بێت بۆ ئەم پلانە، بۆ ئەوەی وابەستەی هیچ حیزبێک نەمێنێت و ناچار نەبێت بۆ هەموو هەنگاوێک بگەڕێتەوە بۆ بڕیاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی.

ئەم هەنگاوە دەیان دەرئەنجامی باشی دەبێت. یەکەمیان دروستبوونی ئەنجوومەنێکی سەرکردایەتی دەبێت بۆ کوردستان کە لە پرسە گرنگەکاندا خاوەن بڕیار دەبێت و سەرجەم سەرکردە بە ئەزموونەکانی کوردستان کۆدەکاتەوە. دووەمیان بارزانی بە فیعلی دەبێت بە ڕابەری گەلی کورد و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلیش دەبێت بە هاوبەشی ئەو ڕابەرایەتییە. سێیەمیان کەسایەتییەکی وەک د. بەرهەم دەگەڕێتەوە بۆ کایەی سیاسەتی چالاک و بەشدار دەبێت لە بنیادنانی دەوڵەتی کوردستان. چوارەمیان، بزووتنەوەی گۆڕان سەرکەوتنێک بۆ خۆی تۆمار دەکات و ئەو داوایانەی چەند ساڵە هەیەتی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەک لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا دێتە دی. پێنجەم، بوون بە سەرۆکی ڕۆڵەیەکی سلێمانی، خەڵکی سلێمانی و گەرمیان ئاشت دەکاتەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا و چیدی هەستی پەراوێزخران نامێنێت. دوای ئەوەی د.بەرهەمیش ماوەی یاسایی خۆی تەواو دەکات، دەرگای بوون بە سەرۆک بۆ هەموو کەسێک دەکرێتەوە. کەسیش ئەوکات ناتوانێت گلەیی بکات ئەگەر یەکێک لە خانەوادەی بارزانی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرێت.

ئەم بۆچوونانە هێندەی ئەوەی پێشبینین، پێشنیاز و ئومێدیشن لەدڵی مندا، دڵنیام لە دڵی زۆربەی هاونیشتیمانیانیشدا. لەبەر ئەوەی گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی دەهێنن بۆ باشووری کوردستان. هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ سەرکردە بەئەزموونەکان لە کایەی سیاسیدا بە چالاکی دەمێننەوە و ئەو یەکڕیزی و یەکدەنگییەی بەبۆنەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆییەوە هاتووەتە کایەوە بەردەوام و بەرقەرار دەبێت.

---



هیوا حاجی

# ئێستا چی ڕوودەدات؟

### بەشی یەکەم: دراوسێکان

ئەم وتارە ڕۆژێک بەر لە ڕێفراندۆمی 25ی ئەیلول، بەو گریمانەیە نووسراوە کە ڕێفراندۆم دەکرێت و ئاکامەکەشی سەرکەوتنی دەنگی بەڵێیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک لەسەر خاکی هەرێم و ئەو ناوچانەش کە کورد بە بەشی دابڕاو لە هەرێم حیسابیان دەکات. لە خوارەوە، هەندێ لەو ئەگەرانە نیشان دەدەین کە دەکرێ لە ماوەی دوای ڕێفراندۆمدا، لە ئاستی دەرەکی و نێوخۆیی، بێنەگۆڕێ.

### دراوسێکان چییان لە ئێمە دەستکەوتووە؟

دراوسێکان لەلایەک دەستیان کراوە نییە لە "سزادانی" هەرێم و لەلایەکی دیکەشەوە ڕەنگە هەر نەیانەوێ بە تەواوی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بیپچڕێنن و دوژمنایەتی بکەن. ئەو بژارانەی لەبەردەمی دراوسێکاندان کاریگەر دەبن بە هەڵوێستی ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا. ڕاستە هەڵوێستی ئەمریکا لەئاست گشتپرسیدا، تەنانەت لە هەڵوێستی تورکیا و ئێرانیش نەرێنیتر بوو، بەڵام ئەمە مەرج نییە مانای ئەوە بگەیەنێت کە ئەمریکا لەمەودوا پشت لە کورد دەکات و ڕێگا دەدات کورد گورکخواردبوو بێت. ئەوەش نابێ لەبیر بکرێت کە تاکە هاوپەیمانی جێی متمانەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین — ئیسرائیل — بەبێ ئەملاوئەولا، لە چەند بۆنەیەکدا پشتیوانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کورد، لانیکەم "بۆ کوردی عێراق" دووپات کردووەتەوە. لەوەش زیاتر، دیسان بە نیسبەت ئەورووپاش، بەرژەوەندییەکی ئەوتۆ نابینرێ لە دژایەتیکردنی کورد، بەتایبەتی لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو ڕێگایەی کورد گرتوویەتیەبەر، ڕێگایەکی دیمۆکراتیکە (پشتبەستن بە ڕێفراندۆم) و چەندین جاریش لەسەر زمانی بەرپرسانی هەرێم دووپات کراوەتەوە کە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، لە ئاکامدا، پرۆسەیەکی کتوپڕ و یەکلایەنە نابێت، بەڵکو بە گفتوگۆ دەبێ لەگەڵ عێراق و تەنانەت دراوسێکانیش. بۆیە ئەوانەی نیگەرانییان لە ناسەقامگیریی ڕەوشی عێراق هەیە، ئەگەر بۆخۆیان ناسەقامگیری دروست نەکەن، ڕەنگە ئەو دیمەنە تاریکەش ڕوونەدات کە هەندێ کەس تەسەوری دەکەن.

جگە لەوەش، بەرژەوەندیی دراوسێکان بەتایبەتی تورکیا لە هەرێمی کوردستان کەم نین. چەند ئاماژەیەک لێرەدا یارمەتیدەرن. لە نێوان ساڵانی 2009-2013، ژمارەی کۆمپانیا تورکیە تۆمارکراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە 485 کۆمپانیاوە بۆ نزیکەی 1500 کۆمپانیا بەرزبووەتەوە. نزیکەی سێ لە پێنجی کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن بازرگان و بزنسمانانی تورکییەوە خاوەنداری دەکرێن. جووڵەی بازرگانی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەخێرایی بەرەو سەر چووە. ساڵی 2014، دوو لەسەر سێی بازرگانیی تورکیا (8 ملیار لە کۆی 12 ملیار دۆلاری ئەمریکی) لەگەڵ عێراق، لە ڕێی هەرێمی کوردستانەوە بووە. ساڵی 2012ش، 7% ی کۆی هەناردەی جیهانیی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان بووە. هەروەها پێشبینی دەکرا کە تا ساڵی 2023، بایی 20 ملیار دۆلار شتومەک لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕ بکرێت. ئەم پەیوەندییە ئابوورییانە دەرهاویشتەی دیکەشی هەبووە. بۆ وێنە لە 2012 دا، 25%ی گەشتیارانی فرۆکەخانەی هەولێر یان لە ئیستانبوڵەوە هاتوون یان بۆ ئیستانبوڵ سەفەریان کردووە، لە کاتێکدا تەنیا 4%ی گەشتیاران بۆ تورکیا یان لە تورکیاوە لە ڕێگای فرۆکەخانەی بەغداوە بووە (1). ئەمە سەرەڕای گرێبەستە درێژخایەنەکانی نەوت لەنێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیا و کاریگەرییان لەسەر دابینکردنی ئاسایشی وزەی تورکیا. نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە هەرێمی کوردستان گرنگیی خۆی هەیە بۆ ئاسایشی تورکیا و بەرژەوەندییەکانی، تەنانەت لە ڕۆژئاڤای کوردستانیش.

تارادەیەکی زۆر ئەو تەوژمە بەسەر ئێرانیشدا جێبەجێ دەبێ. لە کاتێکدا لە ساڵی 2000، قەبارەی بازرگانیی ڕەسمی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران تەنیا بایی 100 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە، ساڵی 2015 ئەو ژمارەیە بۆ شەش ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە. لە پێشانگای بازرگانیی هەرێم کە لە ساڵی 2012 بەسترا، نوێنەری زیاتر لە 100 کۆمپانیای ئێرانی بەشدارییان کرد. ساڵی 2013 یش ڕۆژانە 30 هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە هەرێمەوە نێردراوەتە بەندەری ئیمام خومەینی و لەوێوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان کراوە. ئەمە سەرەڕای گرێبەستی هەرێم و ئێران لە 2014، سەبارەت بە ڕاکێشانی بۆڕیی نەوت و گاز و دواتریش ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەری کرماشان-سلێمانی (2). سەرنجڕاکێش ئەوەیە سەرەڕای ناڕەزایی حکومەتی عێراق، ئێران تێکرای ئەو پەیوەندییە بازرگانیانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبووە. هاوشێوەی تورکیا، ئێرانیش بەرژەوەندیی ئەمنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نادیدە ناگیرێت. جگە لەو بەرژەوەندییە ئابوورییانەش، ئەوە لەبیر ناکرێ کە ئێران دەرگیری کۆمەڵێ ململانێی دیکەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (سووریا، لوبنان، یەمەن، عەرەبستانی سعودی و بەحرەین) کە ڕەنگە هەریەک لەوانە لە کێشەی کورد کەمبایەختر نەبن. لەگەڵ هاتنی دۆناڵد ترەمپیش و بەتایبەتی نیەتەکانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، ڕەنگە هەڵوێستی ئێران ئیحراجتر بێت. بۆیە کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی ململانێ، ئەمجارەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ڕەنگە بە سوودی ئێران نەبێت.

### دراوسێکان دەستەوستان ناوەستن

بە تێگەیشتنی من، سەرەڕای بوونی بەرژەوەندی و واقیعی بابەتیی دراوسێکان کە ڕێیان لێدەگرێت هەموو بژارەیەک دژی هەرێمی کوردستان بگرنەبەر، تورکیا و ئێران دەتوانن ئەزیەتی هەرێمی کوردستان بدەن، تەنانەت ئەگەر خۆشیان هەندێ زەرەر بکەن. بۆیە چاوەڕێ دەکرێ چەند سزایەک، بەتایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە بەسەر هەرێمدا بسەپێنرێن. دیارە بینالی یلدرم، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، باس لە سزای دیپلۆماسی و سیاسیش دەکات. هەرچۆنێک بێت ئەم سزایانە چەند ئامانجێکیان هەیە کە ڕەنگە گرنگترینیان ئەمانە بن:

– ماندووکردنی زیاتری حکومەتی هەرێم لە ڕووی ئابووری و لەوەوە بەرهەمهێنانی ناڕەزایی جەماوەری لە هەرێمی کوردستان.

– ڕێگەگرتن لە فراوانبوونی ژێرخانی پیشەسازیی نەوت و لەوەوە سنووردارکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە لە داهاتوودا.

– پاڵپشتی لە حکومەتی عێراق لە ڕووی دیپلۆماسی و تەنانەت سەربازیشەوە.

– ئەوەندەی بکرێ، درێژەدان بە ماوەی نێوان ئەنجامدانی ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی و تەنانەت ڕێگرتن لەوەی گفتوگۆی بەرهەمدار و خێرا لە نێوان هەرێم و بەغدا هەبێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دراوسێکان بەدوای زۆرترین کاتدا دەگەڕێن بە هیوای دۆزینەوەی دەرفەتێک بۆ لەباربردنی پرۆسەی سەربەخۆیی یان لانیکەم بۆ ئەوەی ئەگەر پرۆسەکە ڕوویدات، لە کاتێکی وادا ڕوویدات کە ئەو وڵاتانە زەرەرێکی زۆر نەکەن.

نابێ ئەوەش لەبیربکرێ کە تورکیا و ئێران لە ئاستی نێوخۆییشدا کەڵک لە سزادانی هەرێمی کوردستان وەردەگرن. لە تورکیا، حکومەت پێویستە شتێک پێشانی نەتەوەپەرستانی تورک بدات و بیانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە حکومەتی AKP ئەوەی لەسەری بووە کردوویەتی بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی ڕێفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. دیسان هاوشێوەی تورکیا، لە ئێرانیش سەرۆک کۆمار و باڵی ڕیفۆرم دەبێ بۆ باڵی ڕابەر و سوپای پاسدارانی بسەلمێنن کە ئەوەی لەسەریان بووە کردوویانە.

لەوەوە لەسەرێک، دراوسێکان سوودیان لە پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێم وەرگرتووە. بەڵام بۆ بەرژەوەندی ستراتیژی و درێژخایەنی خۆیان و هەروەها بەهۆی ململانێ نێوخۆییەکانیان، لە ئاست پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا، دەست لە گیرفان ناوەستن. هەندێ سەرئێشە چاوەڕێ دەکرێ، بەڵام هەرێمی کووردستانیش دەتوانێ بە ڕێگای جیاواز کار لەسەر ئەو ئەگەرانە بکات.

(1) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو ژمارانە بڕوانە (Alireza Nader، Larry Hanauer، Brenna Allen and Ali G. Scotten. 2016. Regional Implications of an Independent Kurdistan)

(2) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## دیلان حەزی لە مێردە

14 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر :ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

# 14 ساڵ لە بە فیڕۆدان



**39**
جۆری پەتا و نەخۆشی بڵاوبوونەتەوە



**1,700,000**
عێراقی لە کەمپەکان دەژین



**6%**ی عێراقییەکان
ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەرن



**3,400,000**
پەنابەری عێراقی لە 64 دەوڵەت بڵاوبوونەتەوە



**6,000,000**
نەخوێندەوار



**4,100,000**
ئاوارە لە ناوخۆی عێراق



**31%**
رێژەی بێکاری



**5,600,000**
بێسەرپەرشت



**35%**ی عێراقییەکان
لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین (داهاتی رۆژانەیان کەمتر لە 5 دۆلارە)



**1,000,000**
بێوەژن



**9%**
منداڵانی خوار تەمەنی 15 ساڵان کار دەکەن



**91%**
کاڵاکانی بازاڕ هاوردەیە

- 13 هـــەزار و 328 کارگە و دامەزراوە بەرهەمهێنان لەکارکردن وەستاون
- رووبـــەری زەویی چێنـــدراو لە 48 ملیۆن دۆنمەوە بۆ 12 ملیۆن دۆنم دابەزیوە
- 75%ی کەلوپەلـــی خۆراک هاوردەیە
- 9000 قوتابخانـــە زیانیان بەرکەوتووە
- 800 قوتابخانەیـــان لە قوڕ دروستکراون
- عێراق پێویستی بە 11 هەزار قوتابخانەی تازە هەیە
- عێـــراق 124 ملیـــار دۆلار قەرزداری 29 وڵاتە
- عێراق لە 13 ساڵی رابردوودا بایی 1 ترلیۆن دۆلار نەوتی فرۆشتووە

